
# گوڵان

www.gulan-media.com

هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە


## عێراق دوای پێنج ساڵ بە سەر پۆپەراسیۆنی ئازادیدا

















■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)



ژمارە (٦٧٨) ٢٠٠٨/٤/٧

# میدیا له كوردستاندا

## گرفت.... چارەسەر

٣-١



سالار عوسمان

له (١١٠) یەمین ســاڵیادی ڕۆژنامەنووسی كوردیدا هەوڵ دەدەین له گرفتەكانی ئەمڕۆی میدیا له كوردستان بدوێین و لەگەڵیشــدا چەند ڕێگەیەك بۆ چارەســەریی گرفتەكان دەستنیشان بكەین.

گرفتەكانی ئەمڕۆی ڕاگەیاندنی كوردستان لەم چەند خاڵەدا كۆ دەكەینەوە:

١- سەرمایە
٢- ناوزڕاندن- تەشهیر
٣- شارەزایی و پسپۆڕیی
٤- ئەرك و پابەندبوون

بەر لەوەی باس له گرفتەكان بكەین دەمەوێ وەڵامی ئەو بۆچوونە بدەمەوە كه پێــی وایە (نەبوونی ئازادی) یەكێكە له گرفتەكانی ڕاگەیاندن له كوردستاندا.

دیارە ئازادیی و لەگەڵیشدا (ئازادی ڕا) پرسێكی قسە هەڵگری غەدرلێكراوە چونكە لەكوردستاندا ئیشكالیەتێك بۆ تێگەیشتن له ڕەنسیبی ئازادی هەیە كه بە بڕوای من خەریكە لەبری سوودوەرگرتن له ئازادی زیانی لێدەبینین، ئازادیی هەیە بەڵام له تەك ئەو هەبوونەدا یاســا ڕۆڵی ڕێكخســتنی ئەو ئازادییە نابینێ، هەر بۆیەشە جاری وا هەیە له پەنای ئازادیدا دوژمن گەمەكانی خۆی دەكات و جاری واش هەس گەنجێــك گاڵتە بە وڵات دەكات و كەرەتی واش هەیە نەخۆشــێكی سیاسی بەسەر شۆڕش وخەباتی پڕخوێنی ئەم گەلە دەڕشــێتەوە!!... ئەوە دواتر باسی (ناوزڕاندن- تەشهیر) دەكەین كه بۆتە چ بەڵایەك و دوژمن له نێویدا چ گەمەیەكی خراپ دەكات!!.. بۆیە دەبێ ئەم ئازادییەی كه هەیە ڕێكبخرێ و یاســایەكیش پارێــزگاری لێبكات و دواجار كۆی ئەم ڕێكخســتنە له قازانجی وڵات دابێ!..

دوای ئەم وەڵامدانەوە كورتە دێینەوە سەر گرفتەكانی ئەمڕۆی میدیا له كوردستاندا:

١- سەرمایە: ئەو سەرمایەی بۆ میدیا خەرج دەكرێت سەرمایەی وڵاتێكە بۆیە دەبێ بە جۆرێك دابەش و خەرج بكرێــت كه دواجار هــەم دادپەروەریی تێدابێ و هەمیش جێگیریی ســەر چەند بنەمایەك بــێ، بەداخەوە لەودیو دیوارەكانی ناشــەفافیەتەوە ســەرمایە دابەش و خەرج دەكرێت و لەوەش خراپتر هەندێ كەرەت سەرمایە له نێوەند و وڵاتی ترەوەش دەگاتە كوردستان كه دیارە ئەمیشیان بە مەبەست و نیازی سیاسییەوە دێت!.

پێویســتە ســەرمایە و هاتنــی ســەرمایە و جۆر و چۆنیەتی دابەشــكردنی ڕوون و ئاشكرا و دادپەروەرانە و له چوارچێوەی یاسایەك ڕێكبخرێ كه پەرە بە ڕاگەیاندن و ئازادییەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی پیشەیی و هونەری ڕاگەیاندن و بەرژەوەندی نیشتمان و.. تاد بدات و بۆ ئەم مەبەســتەش میكانیزمێكی پتەو پێویستە كه بە داخەوە تا ئێســتا نیمانە و هەر بۆیەشە (سەرمایە) بۆتە یەكێك لەگرفتە هەر دیارەكانی ڕاگەیاندن له كوردستاندا.

٢- ناوزڕاندن- تەشــهیر: ئاسانترین كارێكە كه قەڵەمە نەخۆشــەكان كردوویانە بە پیشەی خۆیان، له ژێرناوێكی نهێنی و بــە ناونیشــانێك زل و ناوەڕۆكێكی بەتاڵ ئەم تەوژمە (تەوژمی ناوزڕاندن) دەستی پێكردووە!!

تەنیا وشــە و ڕســتە و دەقی بەتاڵ، دوور له هەرچی دیكیۆمێنت و بەڵگە و داتا و زانیارییەك، خەڵكێك بۆ تەسفیەكردنی حیســاباتی سیاسیی یا بۆ ڕق و كینە هەڵڕشــتن، یا بۆ نانەوەی دووبەرەكی یان بۆ درزخستنە نێو یەكڕیزی میللەت گەشــترین وێستگەی مێژوویی، دیارترین دەســكەوت، باڵاترین نــاو دەخەنە بەر چەقۆی تەشــهیر و دواجار گومان دەخەنە نێو یەقین و ڕەش بە سپی دەفرۆشن!.. ئەم قســانەی من قەد بەمانای ئەوە نییە ڕەخنە نەگیرێــن و دەنگ هەڵنەبڕین، قەد بەمانای ئــەوە نییە ڕەشــەكان نەخەینە بەردەم پرســیاری ڕەنگ و گەندەڵــەكان نەخەینــە بەردەم جوملەیەك پرســیاری ویژدانــی!!... ئەوەی من مەبەســتمە قســەكردنە له گرفتــی ناوزڕاندن، ئەو حەرامەی له نێو حەڵاڵدا خۆی شاردۆتەوە!!... پێویستە ناوزڕاندن ڕێگەی لێ بگیرێ و بۆ ئەم ڕێگەگرتنەش بەهێزترین كار كه بیكەین دارشتنی یاســایەكە كه گونجاو بێ لەگەڵ ســەردەمی ئەمڕۆ، یاســایەك هەم ئازادییەكان بپارێزێ و هەمیش ڕێگە له تەشهیر و ناوزڕاندن بگرێت!!

Salar osman@yahoo.com

# لوغزێکی عێراقی ناوی موقتەدا سەدرە



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئەو شـــاڵاوەی کە سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق نوری ئەلمالیکی دژ بە میلیشیای سوپای مەهدی ئەنجامیدا کاریگەرییەکی پێچەوانەی لێ کەوتەوە و خاڵە لاوازەکانی سوپای عێراقی بەدیار خست و هەڵوێستی رکابەرە سیاییەکانیشی پتەوتر کرد.

هەر ئەو شـــاڵاوە ناکۆکییە قوڵەکانی ناو زۆرینەی شیعە، بەتایبەتی نێوان هێز و لایەنە سیاســـییەکانی ناو حکومەتی مالیکـــی و لایەنگرانی پیاوی ئایینی شـــیعەگەرا موقتەدا سەدر خستەڕوو، کە خاوەن جەماوەرییەکی زۆرە، بەتایبەتی لە ناو چینی هەژارانی شیعەدا.

بەپێی شیکەرە سیاسییەکان، لاوانەیە عێراقییەکان روو بەڕووی قۆناغێکی نوێـــی دیاردەی توندوتیژی ببنەوە، بەتایبەتی لە ناو شـــیعەمەزهەبەکاندا و ئـــەوەش ببێتە هۆی دابەشـــبوونی عێراق و هێزەکانی ئەمەریکاش تووشـــی تەنگژەیەکی دیکە بکەنەوە.

رۆژی یـــەك شـــەممەی هەفتە رابردوو وتووێژی ئاگربەســـی نێوان هێز ئەمنییەکانـــی عێراق و ســـوپای مەهدی لە ئێران و لەرێـــی ئێرانییەکانەوە بەرێوەچـــوو و هەر بە کاریگەری ئەو وڵاتەش موقتەداســـەدر ئاگربەســـی لەگەڵ لایەنی حکومیدا راگەیاند، کە بەپێی ســـەرچاوە سیاسییەکانی ئەمە ئاگربەسێکی کاتییە و زۆر ناخەیەنێ، بەتایبەتی کە وادەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نزیك بۆتەوە.

### رەوتی سەدر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥بەشداری نەکرد

ئەم بەشـــدارنەبوونەی بووە هۆی ئەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و حزبی دەعوە کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی بەغدا و باشـــووری عێراق بکات، ئێســـتا ئەو رەوتە هەســـت بە هەڵەی خۆی دەکات و هەر لەئێستاوە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ئامادە کردووە، ئەنجوومەنی باڵا و حزبی دەعوە، رەوتی ســـەدر بە هاوچاوێکی مەترســـیدار لەسەر خۆیان دەزانن، بۆیە و بەر لەوەی پێگەی خۆی قایمتر بکات ویستیان لاوازی بکەن و لە گۆڕەپانەکە وەدەری نێن.

رووبەڕووبوونەوەی ئەو دوولایەنە هێشـــتا کۆتایـــی پێ نەهاتووە، چونکە هەڵبژادرنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دووبارە شـــەڕەکە هەڵدەگیرسێنێتەوە و رەوتیش خەریکە لـــە ناو ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەنگ بۆ لابردنی مالیکی لەســـەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبکاتەوە و لەو رووەوەش چەند لایەن و قەوارەیەکی سیاســـی، وەك ئەلعیراقییە لاگیری ئەو هەوڵەی رەوتی سەدر دەکەن.

لـــە ســـەرەتادا بەرپرســـە ئەمەریکـــی و بەریتانییەکان ستایشـــی کردە ســـەربازییەکانی حکومەتی مالیکیان دەکرد، بەڵام لە دەســـپێکی هەفتەی رابـــردوودا لەو هەڵوێســـتەی خۆیان پاشەکشـــە کرد، پاش ئـــەوەی کە هێزە ئەمنییەکان نەیانتوانی چەکدارەکانی رەوتی سەدر لە شاری بەسرە وەدەرنێن.

ئـــەوەی زۆر دەغەڵی بوو بۆ حکومەت، لێدوانەکەی وەزیری بەرگری بوو کاتێ گوتی: پێشبینی ئەو هەموو بەرگریەم لە چەکدارانی سوپای مەهدی نەدەکرد.

ئیتر هێزە ئەمەریکی و بەریتانییەکان هاتنە سەرخەت و بە تۆپ و فرۆکە هاریکاری سوپای عێراقیان کرد و هاوکێشەکەیان گۆڕی.

ئەو رووداوانە نەك هەر لاوازی حکومەتی مالیکیان نیشاندا، بەڵکو لاوازی دەوڵەتیش، ئێســـتا پاش ئەو رووداوانە بێ توانایی دەوڵەت لە کۆنترۆڵکردنی وڵات بوەتە جێی پرسیار.

جارێك ستانسفیلد کە پسپۆری سیاسیەتی رۆژهەڵاتی نێوینە لە زانکۆی ئیکستەری بەریتانی پێی وایە مالیکی بەو شەڕە راستگۆییە سیاسییەکەی خستە تەلەزگە و دۆڕاندی کە ئەمەیش زیاتـــر لەبەرژەوەندی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بوو.

مالیکی زۆر هەوڵی دا ئەوشـــەڕەی بەســـرە وا لێك بداتەوە کە شـــەڕی حکومەتە دژ بەســـەر پێچکارانی یاسا، نەك هێز و لایەنی سیاسی تر، بەڵام زۆربەی شیکارە سیاسییەکان لەو باوەڕەدان کە لەپشت ئەم شاڵاوەی مالیکی مەبەســـتێکی سیاسی هەبوو، واتە لاوازکردنی رەوتی سەدر بوو، ئەو رەوتەی کە رۆژ لە دوای رۆژ پێگەکەی لەناو جەماوەری شیعەدا زیاتر دەبوو.

هەڵســـوکەوتی خراپی هێزە ئەمنییەکانی عێراق دژ، بە چەکدارانی رەوتی ســـەدر، وای لە جەمـــاوەری ئەو رەوتەکرد کە بە چاوی دیکتاتۆر ســـەیری مالیکی بکەن، هەتا ستانســـفیلد پێی وایە کە لەم شەڕەی دواییدا موقتەدا سەدر توانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ و پێگەی خۆیش پتەوتر بکات.

ســـەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوە لە ئەنجوومەنـــی پیرانی ئەمەریکا جۆزێف بایدن ئەویش پێیوایە کە موقتەدا ســـەدر لـــەو رووبەرووبوونەوەیەدا ســـەرکەوتوو بوو و هێـــزە ئەمنییەکانی حکومەتیـــش نەیتوانی کۆتایی بە میلیشیاکەی بێنن، بایدن پێی وایە کە ئەوەی روویدا تا رادەیەك بەرووداوەکەی حزبوڵڵا دەچێ کاتێ ئیسرائیلیەکان بە هەموو هێزێکیانەوە چوونە ناو لوبنان، حزبوڵڵا خۆراگر بوو و بەهێزتریش لەو شـــەڕە دەرچوو، ئێمە پێویســـتیمان بە زانیارییەکی ورد هەیە دەربارەی ئەو ئاگربەســـەی کـــە راگەیاندراوە، چۆن دانووســـتانەکە دەســـتی پێکرد؟ ئایـــا حکومەتی مەرکـــەزی و مالیکی و عەسکەرەکان تووشی زیانێکی زۆر بوون، یان موقتەدا و سوپاکەی؟

دەربارەی قســـەکانی سەرۆك بوشیش کە شـــاڵاوەکەی بەسرە بە(ساتێکی یەکلاکەرەوە) وەســـف کرد، بایدن پێی وایە کاتێ ســـەۆك بوش دەربارەی ئەو ســـاتە دەدوێ وەك ئەوە وایە کە ئێمە لەگەڵ هێزە دیموکراتەکاندا بین دژ بە شەڕانەکانی بزووتنەوەی شیعی، کارەکە بەم شێوەیە نییە.

ئەم لێدوانەی بایدن لە کاتێکدایە کە ســـبەی ســـەرۆکایەتی دانیشـــتنێك لەگـــەڵ باڵیۆزی ئەمەریکی لە بەغدا رایان کرۆکەر و فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا ژەنەراڵ دیڤید پترایۆس دەکات.

وتەبێژی ســـوپای ئەمەریکاش ژەنەراڵ کیفن لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییەی نێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و ســـوپای مەهدی گوتی: هێشتا ئەنجامی شەڕەکە بەدیار نەکەوتووە، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەوەی پێشبینیمان بۆ دەکرد وا دەرنەچوو، هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەسەر ئاستی لۆجیستی و گواســـتنەوە و تەنسیقکردن لەگەڵ دەسەڵاتی مەدەنیدا زۆر لاوازبوون، دەبوایە ئێمە رۆڵێکی زیاترمان بگێرابا لە نەهێشتنی روودانی ئەو رووداوە، چونکە ئەو رووداوە ســـەلماندی کە ئێمە پێویستمان بە کاتێکی زۆر هەیە تا عێراق بکەوێتە ســـەر ســـکەیەکی پتەو، ئێمـــە نەدەبوایە ببینە لایەن دژ بە لایەنێکی تر، بەڕاســـتی هەر لایەنێك ئەجیندای خۆی هەیە کە لەوانەیە ئەجیندای ئەو لایەنەی کە ئێمە هاریکاری دەکەین لەگەڵ ئەجیندای ئەمەریکا یەك نەگرێتەوە، راســـتە سەدر فەرمان لە ئێران وەردەگرێ، بەڵام خۆ لایەنی دیکەی شـــیعیش فەرمان لەو وڵاتەوە وەردەگرن، ئێمە دەبێ زۆر بەوردی لە جەوهەری کێشـــەی چەند لایەنێکی شیعە لەگەڵ رەوتی سەدردا بکۆڵینەوە و ئەو لوغزە بکەینەوە کە ناوی موقتەدا سەدرە.

کازم حەبیـــب کـــە رووناکبیرێکی عێراقییە لـــە لێکۆڵینەوەیەکیدا زۆر بە وردی هەقیقەتی رەوتی سەدر و کەسایەتی موقتەدا سەدرمان بۆ شیدەکاتەوە و دەڵێ:

-١ لە رووی ئایینیەوە وە هەروا لەرووی پرەنســـیپەوە رەوتی سەدر پابەندی ویلایەتی فەقیهە کە ئایەتوڵڵای عوزما سەید عەلی خامەنەئی نوێنەرایەتی

دەکات و وەکیلەکەشی لە عێراق ئایەتوڵڵای عوزما سەید کازم ئەلحائیرییە کە ئێستا لە شاری قوم نیشتەجێیە، ئەلی ئێری ئاراستەکەرەوەی سیاسی و عەسکەری ئەو ڕەوتەیە، ئەویشی بەپێی هەڵسەنگاندنی خامەنەئی و ڕاوێژکردن لەگەڵیدا، ئەو ڕەوتەش لە پەیڕەوە سیاسی و عەسکەری و ئایینیەکەیدا هەروەك حزبوڵڵای تایفییە لە لوبنان.

٢- ئەو ڕەوتە سیاسی و ئایینی و عەسکەرییە کۆمەڵێك لاوی سەرکێشی لەخۆ گرتووە کەهەمیشە ئامادەن خۆیان بە کوشت بدەن، بەڵام لەڕووی مەعریفەت و شارەزایی سیاسییەوە زۆر لاوازن و باوەڕیشیان بە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژییە لە پێناو وەدیهێنانی ئەو ئەرکەی کە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەن، ئەرکەکەش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و بەتەنێ حوکم کردن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی توندتر لەوەی کە لە ئێراندا هەیە.

٣- جیاوازی لەسروشتی ئەو گروپانەی کە ژێرخانی ئەو ڕەوتە پێك دێنن:

أ کۆمەڵە خەڵکانێك کە باوەڕیان بە ڕەوتەکە هەیە و خۆیان پابەندکردووە بە هێڵی شەهید سەید محەمەد سادق ئەلسەدر، باوکی موقتەدا، نەك شەهید محەمەد باقر ئەلسەدر، ئەو کۆمەڵەیە جیاوازیان لەگەڵ موقتەدا و ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێ هەیە، بەڵام توانای ئەوەیان نییە هێڵەکەی بگۆڕن.

ب- کۆمەڵەیەکی تایفی سەرکێش ئیستغلالی ئەو ڕەوشە نوێیە دەکات بۆ تۆڵەسەندن لە ئەهلی سوننە و ئەو کەسانەی کە دژ بە فیقهەکەیانن، ئەوانە پێیان وایە ئەو سوننانە دەستیان هەبووە لە کوشتاری شیعە و ئەوە لەبیر دەکەنەوە ڕژێمی سیاسی هۆکاری ئەو کوشتنە بوو نەك ئەهلی سوننە، چونکە لە نێو ئەو ڕژێمە دا سەرەڕای سوننە ژمارەیەکی زۆری شیعەش هەبوو.

ج- کۆمەڵێك بە هێڵی دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانە، ئەو کۆمەڵەیە لە ئێران ڕاهێنانیان کردووە و هەوڵیش دەدەن ئامانجەکانی ئێران لە عێراقدا جێبەجێ بکەن، جا لە ڕێگەی توندکردنی ململانێ لەگەڵ هێزە بیانییەکاندا، یان لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا، یانیش لەگەڵ میلیشیا چەکدارە عێراقییەکانی تردا، ئەمانە هەر چەند ڕەگەزنامەی عێراقییان هەیە، بەڵام بە عەقڵیەت و پێناسەی فارسی و مەزهەبی شیعی سەفەوی کار دەکەن.

د- ئەو کۆمەڵە شیعییەی کە لەناو حزبی بەعس و دەزگای عەسکەری ئەمنی وهەواڵگرییەکانیدا کاریان دەکرد، مەبەستی ئەوانە تەنیا خۆ دەوڵەمەندکردنە لە ڕێی کوشتن و بڕین و چالاك کردنی ململانێ و بڵاوکردنەوەی فەوزا، هەتا ئەوانە هەندێکیان دەستیان لە بازرگانی کردن بە ماددە بێ هۆشکەرەکاندا هەیە.

٤- ئەو ڕەوتە خاوەن جەماوەرێکی زۆری شیعەیە، ئەو جەماوەرییەی بۆ ئەو هەڵانە دەگەڕێتەوە کەلەلایەن هێزە فرە ڕەگەزەکان و حکومەتی عێراقییەوە ئەنجام دراون و هەروا بۆ ئەو پارە زۆرەی کە دابەشی دەکردە سەر ئاتاج و هەژارەکان، ئەمە سەرەڕای ئەو مووچە زۆرەی کە دەدرا چەکدارەکانی و هەروا بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداری لە وڵاتدا.

بەردەوامی باڵی عەسکەری ڕەوتی سەدر لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی کە باسمان کردن، و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دیکەی ئیئتیلافی عێراق و زیاد بوونی هاوچاوی ، بەتایبەتی لە نێوان ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و ئەو ڕەوتە و زیادبوونی هەوڵەکانی بۆ پەکخستنی حکومەتی مالیکی و پێکهێنانی حکومەت و میلیشیای چەکداری لە ناو حکومەت و سوپا و پۆلیسی عێراقیدا و فشاری زۆری ئیدارەی ئەمەریکا بۆ سەر مالیکی بۆ بە کۆتا هێنانی سوپای مەهدی و هەستی مالیکی بە لاوازی لەبەرامبەر ئەو ڕەوتەی کە بووە هۆی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران، وای لە مالیکی کرد بە هاریکاری لەگەڵ ئەو هێزانەی کە لە عێراقدا پشتگیری لێ دەکەن شەڕی ئەو ڕەوتە بکات، بەڵام هەروەکو گوتمان ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی خودی مالیکیدا نەبوو:

١- نەیتوانی کۆتایی بە سوپای مەهدی بێنێ.

٢- ئێران بۆ سێیەم جار هاتە سەرخەت و عەلی ئەلئەدیبیش کەسی دووەمی ناو حزبی دەعوە سەردانی ئێرانی کرد و لەگەڵ موقتەدا سەدر کۆبووەوە و هەر لەوێش پابەندی حکومەتی ڕاگەیاند بەرامبەر بە مەرجەکانی سەدر. سەرکردەیەکی عێراق دەربارەی ئەنجامی شەڕەکە ڕایگەیاند:

هەر چۆن ئێران شەڕەکەی هەڵگیرساند هەر بەخۆشی کۆتایی بەشەڕەکەی هێنا، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك:

١- پاش بەشداربوونی هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لەڕێی هێزی هەوایی و تۆپبارانکردنی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی سوپای مەهدی بوو، هاوکێشەی شەڕەکە گۆڕا، بەڵام کۆتایی بە سوپای مەهدی نەهێنا، جا ئێران بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتە زیاتر لاوازتر نەبێ و وەك هێزێك کە پێویستی پێیەتی بمێنێ و ڕێگەش لەبەردەم هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بگرێ لە هێنانە دی مەرامەکانیان، هەر زوو کاریگەری خۆی لەسەر مالیکی بەکارهێنا و شەڕەکەی بۆ کاتێکی نادیار ڕاگرت.

٢- ئێران کە دیتی هاوکێشەکە گۆڕا و بۆ ئەوەی لاگیری هێزە ئیسلامییە شیعەگەراکانی دیکە نەدۆڕێنێ داوای لە هەردوولاکرد شەڕەکە ڕابگرن، بە هەنجەتی پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی شیعە لە عێراقدا.

لە دوا دیداریدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی (ئەلجەزیرە)دا موقتەدا سەدر ئەو هەقیقەتەی درکاند کە لە هەوڵی ئەوەدایە، دووبارە ڕێکخراوەکەی خۆی ببوژێنێتەوە، وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی و ئایینی کە خاوەن باڵێکی عەسکەری مولتەزیم بێ و جۆرە مەرکەزیەتێکی تێدابێ.

پرۆفیسۆر بابەك ڕەحیمی کە لە دەزگای جێمس تاونی ئەمەریکی کاردەکات، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا کەلەم دواییەدا لەلایەن ئەو دەزگایە بڵاوکراوەتەوە، پێی وایە کە موقتەدا سەدر بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی فیعلی لەو ناوچانە پەیدابکات کە دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێتەوە پێویستی بە شەرعیەت هەیە، بەتایبەتی لەو شوێنانە زۆر جار وەك پیاوێکی ئایینی گەنج و ئاستێکی زانستی کەمتر لەوەی کە لە مەرجەعیەتدا هەیە سەیر دەکرێ ، بۆیە بەپێی ڕەحیمی وەرگرتنی پلەی (ئایەتوڵڵا) لەلایەن سەدرەوە، پێناسە عێراقییەکەی پتەوتر دەکات و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سیستانی لە نێو گەنجەکاندا، ئەو گەنجانەی کە ئێستا ڕێزێکی زۆریان بۆ سەدر هەیە، بەڵام لە هەندێ مەسەلەی ئایینی وسیاسییدا ملکەچی سیستانین.

ڕەحیمی پێشبینی ئەوە دەکات کە پاشی ئەو ئەزموونە، سوپای مەهدی سەر لە نوێ وەك میلیشیایەکی بەهێز، بەدیاربکەوێت، نەك هەر بەرامبەر بە ڕێکخراوی بەدر لە باشوور، بەڵکو بەرامبەر هێزە کوردییەکانیش، بەتایبەتی لەبەغدا و کەرکووك و موسڵدا.

ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی تەنگژە نێو دەوڵەتییەکان هۆشداری ئەوە دەداتە هێزە فرە ڕەگەزەکان و حکومەتی عێراق کە بیر لە بەزاندنی سوپای مەهدی نەکرێ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی موقاوەمەت لە بەغدا و باشووری عێراقدا، بەتایبەتی سەدریەکان سکاڵای ئەوە دەکەن کە حکومەتی مالیکی دژیان دەجوڵێتەوە و چەکدارانی ڕێکخراوی بەدریش لە ڕیزی هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندایە.

هەر ئەو ڕاپۆرتە دەڵێ: سەدر کێشێکی هەیە کە ناکرێ لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و عەسکەریدا پشتگوێ بخرێ، کەسیش نازانێ لە بارێکی وادا چ ڕوودەدات، بەڕاستی جەفەنگ (لوغز) ێکی عێراقییە و پێویستە هەموو لایەك وەڵامێکی بۆ بدۆزنەوە.

لێکۆڵەرەوە هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا پێیانوایە ئەو شەڕەی بەسرە هەر وەکو قومارێکی سیاسی بوو، ئەگەر مالیکی تیایدا سەرکەوتوو بوایە ئەوە لە شارەکانی دیکەش دووبارەی دەکردەوە.

**ڕەوتی سەدر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥بەشداری نەکرد. ئەم بەشدارنەبوونەی بووە هۆی ئەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و حزبی دەعوە کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی بەغدا و باشووری عێراق بکات، ئێستا ئەو ڕەوتە هەست بە هەڵەی خۆی دەکات و هەر لەئێستاوە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ئامادە کردووە**

**هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دووبارە شەڕەکە هەڵدەگیرسێنێتەوە**

# بەشداریکردن لە دەسەڵات و خۆپیشاندان بە ئۆپۆزسیۆن و گاڵتەکردنە بە دیموکراسی و یاریکردنە بە ئایندەی نەتەوەیەک



یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، قۆناخێکی تایبەتی بوو بۆ ئەوەی سنووری بێ متمانەیی و دڵەڕاوکێ لەگەڵ یەکتری کۆتایی پێ بێت و سنووری بروا بە یەکبوون و پێکەوەکارکردن فراوانتر بکرێتەوە و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان وەکو چەپکەگوڵ و یەك جەستە ئەم قۆناخە مێژووییە تێپەڕێنین و بکەوینە قۆناخێکی دیکە.

ئەم قۆناخە کە دەکرێت پێشی بڵێین قۆناخی گواستنەوە لە سیستەمی دوو ئیدارەییەوە بۆ حکومەتی یەکگرتووی کوردستان، قۆناخێك بوو جومگەکان پێویستیان بەدووبارە یەکتر بەندی هەبوو، بەڵام ناکرێت نکۆڵی لەو راستییەش بکەین کە لەم قۆناخەدا چەند زۆنێکی ئیقلیمی و ناوخۆیی هەبوون کە تیایدا هەوڵیانداوە گوێی خەڵکی کوردستان بە ئایدیۆلۆژیای مەبەست ئامێزی خۆیان قانگ بدەن و زەمینەی ژینگەیەکی فەوزا بۆ دروستکردنی بۆشایی لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا بێننە ئاراوە.

ئەو بارودۆخەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی دووساڵی رابردوو پیایدا تێپەڕی، قۆناخێکی



ناسکی سەر لە نوێ بونیادنانەوەی ئیرادەی پێکەوە کارکردن و سەرلەنوێ رێکخستنەوەی دامەزراوەکانی حکومەت بووە.

لەم قۆناخەدا هێندەی ئامانج سەرخستنی مەسەلە سەرەکییەکان و سڕینەوەی ئاسەواری ئەقلیەتی دووئیدارەیی و جێگرتنی یەکتربەندی جومگەکانی هەردوولابووە، هێندە ئامانج ئەوە نەبوو بایەخ بە هەندێك مەسەلەی لاوەکی بدرێت، هەر بۆیە نێوان ئەم دووئامانجە بووە هۆکارێك بەدەست هەندێك لایەنی بچووکەوە کە هەوڵبدەن گوشاری مەدەنی خەڵك و رێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان لەباربەرن و بۆ مەبەستی بەرژەوەندی کاتی و بەرژەوەندی حزبایەکی تەسك بیقۆزنەوە.

**پارتی و یەکێتی مێژووی ئەم قۆناخە دروست دەکەن**

بۆ ئەوەی گوشار و خواستی دەنگدەران نەبێتە پردی پەڕینەوەی ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارییەکان و سڕینەوەی ناوەڕۆکی دیموکراسی، جێگەی خۆیەتی هەموو کاتێك پرسیار رووبەڕووی ئەو مەسەلانە بکەینەوە کە لە کۆمەڵگەدا وەکو بەڵگە نەویستیان لێهاتووە، هەروەها کاتی ئەوە هاتووە گومان لەسەر نەریتی ئەو لایەنانە دروست بکەین کە هەوڵدەدەن خەڵکی لە چاویلکەی حزبی ئەوانەوە بیر لە مەسەلەکان بکاتەوە هەروەها لە پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و حکومەتدا، ئایدیۆلۆژیەتی ئەوان رایەڵی ئەو پەیوەندییە بێت، جێگەی خۆیەتی ئەو نەریتەش بخەینە ژێر پرسیارەوە گومان بخەینە سەر ئەو واقیعەی کە تائێستا بە شێوەیەکی ئاسایی وەرگیراوە و قبوڵکراوە، هەر بۆیە پێویستی ئەم قۆناخەیە کە سەرلەنوێ ئەو واقیعە راشکاوانە مشتوماڵ بکەین و فەزایەکی کراوە بۆ تێگەیشتنی واقیعەکە وەك خۆی بێنیتە ئاراوە...

بێگومان پرسیارکردن لەسەر ئەو واقیعە کە بۆتە بەڵگەنەویست لەم قۆناخەدا و پێدەچێت لە ئایندەیەکی نزیکیشدا گۆڕانکاری بەسەر نەیەت ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئێستا مێژووی ئەم قۆناخە دروست دەکەن، لەمەش زیاتر هیچ ئاماژەیەك بەو ئاراستەیە دیارنییە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم بەڵگە نەویستە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردابێت، ئەگەر راشکاوانەتر دەست بخەینە سەر برینەکان واتە لە ئایندەیەکی (مەبەست لە ٥-١٠ساڵی داهاتووشدا) هێزی سێیەم بەهاوشانی پارتی و یەکێتی دروست نابێت، بەڵگە نەویستیش بۆ ئەم هاوکێشەیە ئەوەیە، کە متمانەی هاووڵاتییانی کوردستان بەم دوو هێزە سیاسییە لە رێژەی ٨٠-٪٨٥ نەهاتۆتە خوارێ، هەر بۆیە هەوڵدان بۆ بەهەڵەدابردنی پارتی و یەکێتی لەم قۆناخەدا، دەرەنجامی ترسناك و کوشندەی تەنیا بۆ پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر پاشەڕۆژی نەتەوەکەمان دەبێت و شێواندنی رووی دیموکراسییەتی کوردستان»کە ناتوانین بڵێین بێ کەموکورتی نییە» زیان لە هەموو ئایندەی کورد دەدات.

**تێکەڵاوکردنی گوشاری مەدەنی لەگەڵ سیاسەتی کورتبینی حزبیدا**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە حکومەتێکی هاوبەشی سەرجەم پێکهاتە و لایەنە سیاسییە نەتەوەیی و نیشتمانی و

ئایینەکانی کوردســــتانە، لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی خواست و دەنگـــی ئەو دەنگدەرانەیە کە متمانەیـــان بە تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان داوە و هەردەشێت پێکهاتەی حکومەت و دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتەکانی حکومەتیش ڕەنگدانەوەی دەنگ و متمانەی هاووڵاتیانی کوردستان بێت، نەك وەك بەرەی کوردستانی هەموو حزبەکان هاوشانی پارتی و یەکێتی بن.

لێرەدا زۆر پێویســـتە بەڵگە نەویســـتەکانی ئەم واقیعە جارێکی دیکە بخەینەوە ژێر پرسیار، بەڵگەنەویستەکانیش ئەمانەن:

١. ئەوە بەڵگە نەویستە کە بە ڕێژەی ٨٥٪ - ٩٠٪ی گلەیی و گازندەی خەڵکی کوردستان لە پارتی و یەکێتی بێت و هەروەها لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردســـتاندا گلەییەکان ڕووبەڕووی پارتی و یەکێتی بکرێتەوە.

ئەمە ڕەنگدانەوەی کەشـــوهەوای دیموکراســـی کوردســـتان و متمانەی خەڵکی کوردســـتانە بەو دووپارتە سەرەکییە و مافی خۆیانە لێپرسینەوە لەگەڵ هەردووپارتەکەش بکەن، بێگومان ئەم مافەش ڕەنگدانەوەی ئەو متمانەیە کە بە ڕێژەی ٨٠٪ - ٨٥٪ ی خەڵکی کوردستان متمانەی بەو خەڵکەداوە، زۆر گرنگە بەردەوام پرســـیار ڕووبەڕووی ئەم بەڵگە نەویســـتە بکرێتەوە و متمانەی هەردوو حزب بخرێنە ناو بازنەی گومان و تاقیکردنەوە و بزانین ئایـــا پارتی و یەکێتی کە لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتاندا دڵی بزوێنەری ئەو حکومەتەن، ملکەچن بۆ ئەو گوشارەی کە دەنگاندەرانیان دەیخاتە سەریان، ئایا پارتی و یەکێتی ڕێگربوون لە بەردەم دروســـت بـــوون و کامڵبوونی ئەم گوشـــارەدا، بەڵام بێگومان مافی خۆیانە نەهێڵن ئەم کەشـــوهەوایەی بۆ دروست بوون و کامڵبوونی ئەم گوشارە مەدەنییە کە دەبێتە سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی و سیاســـی بۆ پیادەکردنـــی حوکمڕانی باش لە کوردستاندا، دروست بووە بۆ بەرژەوەندی حزبی کاتێ ئەم لایەن و ئەو لایەن بیقۆزنەوە.



## سیستەمی حزبایەتی کوردستان نەریتی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی بەرنەداوە

ئەگەر پێمان وابێت دیموکراسی بریتییە لە فەرامۆشکردنی ڕۆڵ و کاریگەری حزب لە بوونیادی دیموکراسییدا بێجگە لە گاڵتەکردن بە دیموکراســـی هیچ مانایەکی دیکەی نییە، (ئۆستن ڕەنی) لە کتێبی سیاسەتی حوکومدا، حزب بەداینەمۆی حکومەت لە سیستەمی سیاسییدا دادەنێت و لە سیستەمی دیموکراسیشدا بە دڵی سیستەمەکەی لە قەڵەمدەدات، بڕیاردەرانی سیاسی لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە حزب وێنای سیســـتەمی سیاســـی دەکات، هەر بۆیە کارێکی زۆر ئاســـاییە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێنەی سیاسەتی پارتی و یەکێتی بێت لەو حکومەتدا، بـــەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە حکومەت دامەزراوەیەکی پارتی و یەکێتی بێت، ئەوانی داوای جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت دەکەن، هەوڵدەدەن مەجلیسی موناقەشەکانیان بە قسەی بریقەدار برازێننەوە و واقیعی ڕاستەقینە لە خەڵکی دەشارنەوە لێرەدا زۆر گرنگە ڕاشـــکاوانە بچینە ناو واقیعەکە و جارێکی دیکە بەڵگە نەویستەکان بخەینەوە ژێر پرسیارەوە:

١. ئایا تەنیا کادرەکانی پارتی و یەکێتی پۆســـتی حکومەتیان بەدەستەوەیە؟

٢. ئایـــا ئەوانـــەی داوای جیاکردنەوەی حـــزب لە حکومەت دەکەن پۆســـتی حزبەکانی خۆیان داوە بە کەســـانی بێلایەن و تەکنوکرات؟

وەڵامی ئەم پرسیارە وامان لێدەکات بپرسین:

أ- ئایا کـــێ ڕێگر بوو لە بەردەم ئـــەو لایەنانەی وەك( حزبی شـــیوعی و یەکگرتووی ئیســـلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) و ئەوانەشـــی ئەمڕۆ بانگێشە بۆ جیاکردنەوەی حزب و حکومەت دەکەن، کە ئەو پۆســـتە حکومییانەی بەر حزبەکانیان کەوتوون بیدەنە کەسی بێ لایەن و تەکنوکرات.

ب- ئایـــا هەڵبژاردنـــی کادرانی ئەو حزبانە لەســـەر بنەمای تایبەتمەندی پۆســـتەکە یان وەزارەتەکە بووە یان لەسەر بنەمای وەڵامی حزبی بووە؟

بێگومان ســـوودی پرسیارکردن لەســـەر ئەم بەڵگە نەویستانە، ئەو ڕاســـتییە دەخاتە بەردەمی هاوڵاتیان، کە پێویســـت ناکات ئێمە وەڵامەکەیان بۆ بنووســـین، واقیعی کوردستان ئاشکرایە و هەموو لایەك ئەو واقیعە دەبینێت، بەڵام هەوڵدان بۆ وێناکردنی ئەم واقیعە لای خەڵك بەو ئاراســـتەیەی کـــە ئەوان دژی ئەو دیاردەیەن، دەقاو دەق وێنەی ئۆپۆزیسیۆن و تەقلیدی سیستەمی حزبایەتـــی ئەو کۆمەڵگە دواکەوتووانەمـــان دێننە بەرچاو، کە هەموو هەوڵەکان بۆ ســـەماکردنە بە دەوری سندوقی هەڵبژاردن نەك بوونیادی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی.

## خۆ ڕێکخستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ململانێ لەسەر بەشی ئەم حزب و ئەو حزب

پارتی و یەکێتی ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە، تەمەنی حزبەکانیان بە چەواشـــەکردنی هاووڵاتیان درێژ بکەنـــەوە، ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی لە قۆناخێکدان ئاست و پێگەی پارتەکانیان بە بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە ناو خەڵکدا قووڵتر دەکەنەوە.

پارتی و یەکێتی قۆناغی ململانێ دەســـەڵاتیان بە شـــێوازی دیکە تێپەڕاند، ئەمڕۆ لە قۆناغی ململانێی دەسەڵاتدان لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و پێکەوە کارکردن و یەکتری تەواوکردنی لە پرۆســـەی حکومڕانی کوردســـتاندا و ئەمەش بارودۆخێکی زۆر ســـاخلەم وتەندروســـتی چەندین کۆمەڵگەی دیموکراتی ڕۆژئاوایـــە، کە میللەت متمانەی خۆی لـــە نێوان دوو پارتی سەرەکیدا ئاڵوگۆڕ پێدەکات.

پارتی و یەکێتی لەم قۆناغەدا کە ئەرکی سەرشانیانە مێژووی ئەم قۆناغە دروست بکەن کێشەیان لەسەر ئەوەنییە کام پۆست بەر ئەم لایان و کام پۆست بەرلایەکەی دیکە دەکەوێت، بەڵکو ئەوەی لەســـەر ئاستی عێراق بۆتە ســـتراتیژیەتی هاوبەشی هەردوولا ئەوەیە، چۆن ئاســـت و پێگەی هاوپەیمانی کوردســـتان لە ناو هاوکێشەی سیاسی عێراقدا رابگرێت و چۆن بتوانرێت لە ناو ئەو هەموو توخمە دژانەدا، مافەکانی میللەتەکەمان بەشـــێوەیەکی دەستووری و لە کەشوهەوایەکی دیموکراتییدا بەدەست بهێنن.

لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستانیش دیسان ئەوە گرنگ نییە، کام پۆست بەدەستی یەکێتی و کام پۆست بەدەست پارتییەوەیە، ئەوەی بۆتە ئامانجی هاوبەشی هەردوولا ئەوەیە:

١. پارێزگاریكردن بە ئەزموونی هەرێمی كوردســـتان، كە ئەم ئەزموونـــە بنەمای مان و نەمانـــی نەتەوەیەكە و ئەمەش لای هەموو لایەك بۆتە بەڵگەنەویست.

٢. هـــەر ئەندامێكی مەكتەبی سیاســـی پارتـــی یان یەكێتی ســـەرۆكی پەرلەمان یـــان حكومەت بێت، دەبێـــت تەرجەمەی ستراتیژی هاوبەشی پارتی و یەكێتی لەم قۆناغەدا بكات.

٣. ئەركی سەرشانی پارتی و یەكێتی لەم قۆناغەدا لە ئەركی هەرلایەنێكی دیكەی سیاســـی قورسترە، جەماوەر و خەڵكیش هێنـــدەی متمانـــەی بە پارتـــی و یەكێتی هەیـــە، متمانەی بەلایەنەكانی دیكە نییە، ئەم واقیعە دیموكراسییەت فەرزیكردووە و تەنیا دیموكراسیەتیش بۆی هەیە بیگۆڕێت.

٤. پارتـــی و یەكێتی لەم قۆناغەدا ئەركی ســـەر شـــانییانە هەموو ڕێگەیەك بگرنە بەر بۆ ئەوەی لە ئاســـتی خواســـت و داواكارییەكانی خەڵك بن

٥. كەشوهەوای ئازادی و دیموكراسی لە هەرێمی كوردستاندا بەو ئاســـتەیە كە هاووڵاتییان بتوانن لە چوارچێوەی دامەزراوە مەدەنییەكاندا خۆیان ڕێكبخەن و گوشـــار لەســـەر حكومەتی هەرێمی كوردستان دروست بكەن.

٦. كەشوهەوای سیاسی كوردستان و بوونی ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادی حزبایەتی و چالاكی سیاسی لە كوردستاندا وایكردووە خەڵك پێویستی بە لایەنی سێیەم نەبێت پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات ڕێكبخات.

٧. هۆیەكانی ڕاگەیاندنی هـــەردووڵا «پارتی و یەكێتی» بە هەر سێ ئاستی بینراو بیستراو و نووسراوەوە، سەكۆی ئازادی گەیاندنی خواســـتەكانی خەڵكن بۆ دەســـەڵات، هێندەی وەزیر و كاربەدەســـتانی هەردووڵا لە هۆیەكانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەكێتیدا ڕووبەڕووی كێشـــە و گرفتەكانی خەڵك كراونەتەوە لە هۆیەكانی ڕاگەیاندنی لایەنەكانی دیكەدا نەكراوە.

٨. پارتی و یەكێتی لەم قۆناغەدا، ئەو ئاسەوارەی حكومڕانی لە كوردســـتان ڕادەماڵن كە سەدان ســـاڵە لە عێراق و ناوچەكە و كوردســـتاندا ڕەگی داكوتیـــوە و، هەربۆیە چەند كاری باش دەكرێـــت و چەند خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییان دابین دەكرێت، هێشتا جەخت لەسەر ئەوە دەكرێتەوە كەموكورتییەكان بخرێنەروو، بەدەنگـــەوە چوون و هاندانی هەبێت بۆ ئەوەی چەندی دەكرێت خزمەتگوزاری حكومەت وەك ئەركی حكومەت نەك مەكرەمەی حكومەت بگاتە هەموو شارو ناوچەیەكی كوردستان.

٩. پارتی و یەكێتی بە چاوی لەخۆڕازیبوون و خۆ فەرزكردن بە سەر هاووڵاتی حكومڕانی خۆیان پێناسە نەكردووەو پێناسەشی ناكەن و هەربۆیە ڕاشـــكاوانە نەك لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵكو لەسەر ئاستی ناساندنی ئەزموونەكەشمان بەدونیای دەرەوە ئەوەی نەشـــاردۆتەوە كە واقیعی كوردستان كەموكورتی تێدایە، بەڵام هەوڵەكان بەردەوامـــن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چارەســـەركردنی كەموكورتییەكان.

١٠. لای پارتـــی و یەكێتی ڕەخنەگرتن لە واقیعی سیاســـی ئەمڕۆی كوردســـتان، ســـەرەتای كردنـــەوەی دەرگایەكە بۆ بیركردنەوە لە شـــێوەیەكی دیكەی چۆنییەتی باشكردنی ژیانی هاووڵاتییان و شـــێوەیەكی دیكەی خۆ ڕێكخستنەوەی سیاسی و حوكمڕانی.

١١. ئەمڕۆ ئەو زەمەنە بەســـەرچوو كـــە داوا لە خەڵك بكرێت ستایشـــی فەزڵی حزب بكرێت، پارتـــی و یەكێتی خۆیان ئەو زەمینەیان ڕەخســـاندووە چیدیكە حزب نابێـــت ڕۆڵی واعیزی مزگەوتەكان ببینێت.

١٢. بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان پێویستی بەوەنییە كات بە خوێندنەوەی دواكەوتوویی سیاسی و نەریتی حزبایەتی كۆمەڵگە دواكەوتووەكانەوە بە فیڕۆ بدات و، واقیعی كوردستانیش بەرگەی ئەم كات بە فیڕۆدانە ناگرێت.

١٣. بۆ ئەمڕۆی كوردســـتان ئەوە مەترســـییەكی زۆر ترسناك دەبێت كار لەسەر تۆخكردنەوەی بەرژەوەندی حزبی لە ژێر پەردەی گوشاری مەدەنی بكرێت، بەداخەوە هەندێك قەڵەم بە حاڵەتێكی ڕەوای دەزانن و بەردەوام وشەی بریقەداری بۆ دادەتاشن، ئەمڕۆ ئەركی قەڵەمەكانی ناوەوەو دەرەوەی حزبەكان ئەوەیە بۆشـــایی نێوان حكومەت و هاوڵاتی پڕ بكەنەوەو گوشارەكان بە ئاراستەی شەفافیەت و كرانەوە و ڕاستكردنەوەی حوكمڕانی بخەنە گەڕ، نەك هەوڵدان بۆ لەباربردن ئەو حوكمڕانییەی كەهەیە، كە ئەمەش یـــاری كردنە بەو ئاگرەی كە ناحەزانی میللەتەكەمان هەوڵ بۆ داگیرساندنی دەدەن.

١٤. ئەو زەمەنە خەریكە بەسەر دەچێت كە سیاسەتی ڕازیكردنی ئاراستەی سیاسەت دیاری بكات، هەندێك لایەن بەو ئەزموونەدا تێپـــەڕ بوون كـــە لەبەر پێنەدانـــەوەی پۆســـتێكی وەزاری لە حكومەتی عێراقدا، خۆیان لە هاوپەیمانی كوردستان جیا كردەوە، ڕاســـتەبوونی ئەوان لەناو هاوپەیمانی كوردستاندا لە پەرلەمانی عێراق بۆ هاوپەیمانی كوردســـتان باشتر بوو، بەڵام بەرژەوەندی حزبی وایكرد كە ئەوە لەبەرچاو نەگیرێت.

١٥. بێدەنـــگ بـــوون بەمەرج كـــە ئەمەش سیاســـەتێكە بە داخەوە لەكوردســـتان پیادە دەكرێت، گەورەترین ئاســـتەنگ بۆ دیموكراسییەتی كوردستان دروست دەكات و شێواندنی ماناكانی دیموكراســـییەتە و پیشاندانی ئەو ڕووكەشە دیموكراسییە كە لەم وڵاتانە پیادە دەكرێت:

أ- پیشـــاندانی ڕووكەشـــێكی دیموكراتـــی و گەوهەرێكـــی ڕەگەزپەرستانەی سەربازی وەك توركیا.

ب- پیشاندانی ڕووكەشێكی دیموكراسی و پیادەكردنی حوكمی سەربازی وەك پاكستان.

ج – پیشاندانی ڕووكەشێكی دیموكراسی و پیادەكردنی هەندێك میكانیزمی ئیدارەی دیموكراتی لەگەڵ گەوهەری حوكمڕانی سیستەمێكی ئایینی وەك ئێران.

ئەمانەو چەندین نموونەی دیكە كە حزبی سیاسی بۆ بەرژەوەندی كاتی و قازانجی حزبی بەمەرج بێدەنگ دەكات.

بۆ ئێستای كوردستان و حكومەتی كوردستان كە ئامانجی ئەوە نییە هیچ كام لەو گەوهەرانە لە ژێر ڕووكەشێكی دیموكراتییدا پیشـــانی خەڵكی خـــۆی بدات، بۆیە زەمەنـــی بێدەنگ بوون بـــە مەرجیش بەرەو كۆتایی بوون دەڕوات و لەســـەر حســـابی خواستەكانی خەڵك و گوشاری مەدەنی حكومەت ناچار نابێت

●●●

**ئایا تەنیا كادرەكانی پارتی و یەكێتی پۆستی حكومەتیان بەدەستەوەیە؟**

●●●

**ئەركی قەڵەمەكانی ناوەوەو دەرەوەی حزبەكان ئەوەیە بۆشایی نێوان حكومەت و هاوڵاتی پڕ بكەنەوەو گوشارەكان بە ئاراستەی شەفافیەت و كرانەوە و راستكردنەوەی حوكمڕانی بخەنە گەڕ، نەك هەوڵدان بۆ لەباربردن ئەو حوكمڕانییەی كەهەیە**



ئەم پۆست و ئەو پۆست بۆ ئەم حزب و ئەو حزب بگۆڕێت.

**خۆ رێكخستنەوەی حكومەت و دەركەوتنی سیمای بەناو ئۆپۆزسیۆن**

ئیتر كاتی ئەوە هاتووە راشكاوانە لەگەڵ خەڵكی خۆمان بدوێین و وتووێژ لەســـەر پێداویستییەكانی ئەم قۆناخە بكەین، هەربۆیە كاتێك باسی كێشە و گرفتەكانی ئەمڕۆمان دەكەین، كێشەكەی ئێمە ئەوە نییە كە ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی سیاسی حوكمڕانی كوردستاندا بوونی نییە، بوون و نەبوونی ئۆپۆزسیۆن سیاسەتی هەردوو حزبی سەرەكی وێنا ناكات، بەڵكو ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن وێنـــا دەكات توانای حزبەكان و متمانەی خەڵكە بەو حزبانە كە تا چەند دەتوانن رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە ببینن، تا چەند دەتوانن دیدێكی دیكە بۆ بینینی كێشـــەكان و بیســـتنی واقیع پەرەپێبدەن، هەربۆ نموونە:

١. كاتێك باس لە گرفت و كێشـــەی خزمەتگوزاری سەرەكی بەتایبەتـــی ئاوو كارەبا دەكرێـــت، هەوڵەكانی حكومەت دیارن، بەڵام ئایا دیدی ئۆپۆزیســـیۆن بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە چییە؟ كە دەڵێن دیدی ئۆپۆزســـیۆن واتە بەرنامەیەكی باشتر لەوەی حكومەت هەوڵی بۆ دەدا.

٢. كاتێك كوردستان رووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە، وەك هێرشی ئەم دواییەی توركیا، ئایا دیدی ئۆپۆزســـیۆن بۆ رەواندنەوەی ئەم هەڕەشـــەیە چی بـــووە؟ ئایا بەرنامەیەكی باشـــتر هەبووە لەوەی پیادەكرا بۆ رەواندنەوەی ئەم هەڕەشەیە؟ ئەمە لەكاتێكدا حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ ئەو قەیرانە گەورەیەشدا باری نائاســـایی رانەگەیاند، بەڵام بەداخـــەوە هەندێك بەناوی ئـــازادی و فەزای ئازادی كوردســـتانەوە خەریك بوون ئەم بارە ئاساییە بگۆڕن بۆ نائاسایی.

هەربۆیە زۆر گرنگە كاتێك باســـی ئۆپۆزسیۆن دەكرێت، ئەرك و مافی ئۆپۆزســـیۆن وەك ئەرك ومافی حكومەت هەڵوەستەی لەسەر بكەین».

أ- ئێمە هەموو لەســـەر ئـــەو رایە كۆكین كـــە دەبێت توانای كۆمەڵگەی ئێمە بۆ گەشەكردن و بەرەوپێشەوە چوون گەورەتر و زیاتر بێت، هەربۆیە ئەگەر هەموو هەوڵبدەین ئەم ئامانجە لەسەر ئەرزی واقیع بەڕاستی تەرجەمە بكەین، ئەوا رۆژ لە دوای رۆژ پێداویســـتی دیموكراسییەت بۆ كۆمەڵگەی ئێمە زیاتر دەبێت و گەشـــەكردنی كۆمەڵگاش لەگەڵ خۆیدا هەمەرەنگی دێنێت و ئەم واقیعەش فرەیی دەچەســـپێنێت، نەك وەك هەندێك لایەن، فەزای ئازادی كوردســـتان بە فرســـەت وەربگرێت و لە بۆنەی لەدایـــك بوونی پێغەمبەر (د.خ) هێرش بكاتە ســـەر ئایینێكی دیكە كە لە كوردستاندا بوونی هەیە و زەمینەی سڕینەوەی ئەو فرەییە جۆش بدات.

ب- ســـادەترین مانای دیموكراسی ئەوەیە «حزبی دەسەڵاتدار، ئۆپۆزســـیۆن، گروپـــی فشـــار» كۆمەڵگە بكەنە وەرشـــەی بەرهەمهێنانی كۆمەڵێك پرۆژەی جیاواز و ئەم پرۆژە جیاوازانە لەململانێی كۆمەڵایەتی و سیاسییدا رەنگ بداتەوە.

ج- ئۆپۆزســـیۆن بەوە دروســـت نابێت، خواســـتە كاتییەكانی حـــزب لە ژێر پەردەی خواســـتەكانی خەڵكدا بانگێشـــەی بۆ بكرێت، هەموو ئەو راســـتییە دەزانیـــن جیابوونەوەی یەكگرتوو لەهاوپەیمانی كوردستان لە پەرلەمانی بەغدا، لەسەر ئەوە نەبوو كە هاوپەیمانی كوردستان سازشـــی لەسەر مافەكانی خەڵكی كوردســـتان كردبێت، بەڵكو جیابوونەوەییان لەسەر ئەوەبوو پۆستە وەزارییەكەیان لێ سەنرایەوە، ئێستاش كە باس لە ئۆپۆزسیۆن و خواست و كەموكورتییەكان دەكرێت لەو كاتەدایە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەوڵدەدات ئەم هەنگاوانە هەڵبگرێت:

١. كەمكردنەوەی ژمارەی وەزارەتەكانی حكومەت ومەترســـی



پێنەدانەوەی ئەو پۆستە وەزارییانەی کە ئێستا بە حزبە بچووکەکان دراوە.

**٢.** ئەوەی حزبە بچووکەکان دەیکەن بە گوشار بەسەر حکومەت گوایە وەك پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش نەکراوە، ئەمە بەڵگە نەویستێکە، حکومەت خۆی لە ئەدای خۆی رازی نییە، بۆیە گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەی خۆیدا دێت، هەروەها وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ئەوە قۆناغی یەکتربەندی جومگەکانی هەردوو ئیدارەی پێشووی هەرێم بووە، کە پێویست بەوە بووە جومگەکانی هەردوو ئیدارە لەناویەك جەستەدا یەکبگرنەوە.

**٣.** حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند راستییەکی لەخەڵك نەشاردۆتەوە، هەروەها داوای هاوکاری لە هەموو لایەك کردووە کە پێکەوە رووبەڕووی ئەو دیاردانە ببنەوە لەوانە:

أ- بوونی دیاردەی گەندەڵی.

ب- بوونی بێ کاری رووپۆشکراو.

ج- بوونی دیاردەی کۆمەڵایەتی نەخوازراو توندووتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان.

د- بەگەڕنەخستنی کەرتی کشتوکاڵ وەك پێویست.

هـ- دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەك پێویست بۆ هاووڵاتییان.

ز- کەموکورتییەکانی بواری پەروەردە و فێرکردنی.

ح- چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی لاوان.

ئەمانە و دەیان کێشەی دیکە، کە حکومەت رۆژانە هەڵوەستەیان لەسەر دەکات و هەوڵیان بۆ دەدات چارەسەریان بکات، بەڵام ئەم کێشانە بە هەنگاوی پراکتیکی و بە پەنابردن بۆ پسپۆر و رێوشوێنی دامەزراوەیی پێویست چارەسەر دەکرێت، نەك بە شێوازی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان کە هەموو شتێك بە «قورنامایلی» چارەسەر دەکەن.

**٤.** ئەوەی لێرەدا جێگەی مەترسییە، ئەوەیە کۆمەڵێك هەوڵبدەن مانایەك بۆ دیموکراسی دروستبکرێت، کە لە سایەی ئەو کەشوهەوایە دیموکراسی پێشێل بکرێت، هەربۆیە گەورەترین هەڕەشە ئەوەیە هەوڵبدرێت دیموکراسییەت بێ مانا بکرێت و بگۆڕێت بۆ کۆمەڵێك وشەی پەخشانی بێ ناوەرۆك و سەرتاسەری رۆژنامە و خوتبەی واعیز و دیدی بەرتەسکی حزبایەتی پێ برازێنرێتەوە.

-٥ دەبێت ئەو بارودۆخە لای هاوڵاتی ئاسایی بێت کاتێك هەردوو حزبی دەسەڵاتدار «پارتی و یەکێتی» کە بەرپرسن لە ئەدای حکومەت و باس لەوە دەکەن کە پێویستە ئەدای حکومەت لەئاستی خواست و داخوازییەکانی خەڵك بێت، دەبێت چاوەڕێی ئەوەبن حکومەت پێکهاتەیەکی تازە بۆ ئەو قۆناغە ئامادە دەکات و گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتە کۆنەکەی دێنێت و لەبەر ئەوەی واقیعی خۆرێکخستنەوە و خۆ ئۆرگانیزە کردنەوەو خۆدارشتنەوە پێویستی بەو گۆڕانکارییە.

هاوکات لەگەڵ ئەم واقیعە دەبێت چاوەڕێی ئەوەبین کە دابەشکردنەوەی پۆستەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت و سیاسەتی رازیکردن دەچنە قۆناخێکی دیکە، ئەم گۆڕانکارییە کە وەرچەرخانێك لە ژیانی حکومەتدا دروست دەکات، گۆڕانێك بەسەر پێگە و بەشی حزبە بەشداربووەکان بەپێی قەوارەی خۆیان بهێنێت، دەبێت چاوەڕێی ئەوەبین ئەم گۆڕانکارییە نارەزایی ئەو حزبانە بە دوای خۆیدا بهێنێت، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بین ئەم حزبانە ئەگەر مەرجەکانی خۆیان بکەنە دروشم هاوڵاتی بەو ئاستە گوێی لێناگرێت کە گوشار لەسەر دەسەڵات دروست بکات، هەربۆیە دەکەونە ملبادانی خواستەکانی هاوڵاتی بۆ ئەوەی گاڵتە بەمانا راستەقینەکەی دیموکراسی بکەن.

●●●

**جیابوونەوەی یەکگرتوو لەهاوپەیمانی کوردستان له پەرلەمانی بەغدا، لەسەر ئەوە نەبوو کە هاوپەیمانی کوردستان سازشی لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان کردبێت، بەڵکو جیابوونەوەییان لەسەر ئەوەبوو پۆستە وەزارییەکەیان لێ سەنرایەوە**

●●●



پرۆفیسۆر رۆبەرت داڵ سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکان لە ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# مەترسی پارتە ئیسلامییەکان ئەوەیە کە تەنیا خۆیان بە هەڵگری هەقیقەت و راستییەکان دەزانن

**ئەو کاتە پارتە ئیسلامییەکان دەبنە مایەی مەترسی کە باوەڕیان وابێت کە تەنیا خۆیان هەڵگری حەقیقەت و راستییەکانن**

***دوو هۆکاری گرنگ هەیە بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی دیموکراسی، رۆڵی یاسا و بوونی چینی ناوەندە، بەڵام ئەم دوو رەگەزە لە کوردستاندا بوونیان نییە و پارتە ئاینییەکان لە ژیانی سیاسیی وڵاتەکەدا باڵادەستن، بۆ نمونە پارتە ئاینییە شیعەکان. ئایا مەترسیی ئەم پارتە ئاینییانە لەسەر دیموکراسییەت چییە؟**

- بەڵێ درووستە. بە رای من، ئەو کاتە پارتە ئیسلامییەکان دەبنە مایەی مەترسی کاتێك باوەڕیان وابێت کە تەنیا خۆیان هەڵگری حەقیقەت و راستییەکانن و هەوڵدەن بۆ ئەوەی دەسەڵات بە تەنیا لە دەستی خۆیاندا بێت و بڕوایان وا بێت کە ئەو لایەنانەی کە گۆشەنیگاو بیروبۆچونی جیاوازیان هەیە پێویستە ملکەچی ئەوان بن. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بۆ هەمو پارتە ئاینییەکان راست نییە، لەبەر ئەوەی پارتە مەسیحییەکانی ئەوروپا وەك ئەوەی لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیادا بەدی دەکەین هەڵوێست و بیرکردنەوەیان بەو شێوەیە

**■ کاتێك باسی بونیادی دیموکراسی و سیستەمی پارتایەتی لە بونیادی دیموکراسیدا دەکرێت، گەورە پرۆفیسۆر جیهانی رۆبەرت داڵ ئەو مەرجەعەیە دەبێت بۆی بگەڕێنەوە.**

**پرۆفیسۆر داڵ کە ئێستا تەمەنی ٩٣ ساڵە، ماوەی ٦٨ ساڵە لەسەر چەمك و فەلسەفەی دیموکراسی کاردەکات و لە ساڵی ١٩٤٠ یەکەم باسی بەناوونیشانی «تیۆری دیموکراسی و سۆسیالیزمە» و لە ساڵی ٢٠٠١یش باسێکی بەناوونیشانی «بڕیار دروستکردن لە دیموکراسیدا» «Decision-making in democracy» نووسیوە. پرۆفیسۆر داڵ کە ئێستا ئەندامی ئەکادیمیای نیشتمانییە بۆ زانستەکان و ئەندامی رێکخراوی فەلسەفەی ئەمەریکا و ئەندامی ئەکادیمیای هونەر و زانستەکانە پێشتر سەرۆکی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی ئەمەریکا بووە. ئەوانەی شارەزای بیرو نووسینەکانی ئەم پرۆفیسۆرە گەورەیەن دەزانن رۆچوونی رۆبەرت داڵ بە قوڵایی مێژوو و فەلسەفەی حوکمڕانی چەندە و تێدەگەن کە چۆن دیموکراسییەت و حوکمڕانی سەردەمی یۆنانی بە رۆژگاری ئەمرۆ گرێدەداتەوە. رۆبەرت داڵ بێجگە لە سەدان وتار و توێژینەوە لەسەر دیموکراسی ئەم کتێبانەی لەسەر دیموکراسی و حوکمڕانی نووسیوە:**

1-after the woodrush growing up in shag way
2-on political Equality
on political، Economic and well fare 3-
4-Who governs? Democracy and power in ?an American city
After Revolution 5-
6-Polyarchy
7-Size and democracy
A pre face to Economic democracy 8-
9-Democracy and critics
10-How democracy is the American constitution

**پرۆفیسۆر داڵ حوکمڕانی باش بەسەرچاوەی سەرەکی بەرەو پێشەوە بردنی دیموکراسی دەزانێت و سەقامگیری کەلتووری سیاسی کۆمەڵگەش بە فاکتەرێکی گرنگی ئەو دیموکراسییە لە قەڵەمدەدات. هەربۆیە زۆر بە پێویستمان زانی کە پەیوەندی بەم پرۆفیسۆرە گەورەیەوە بکەین و سەبارەت بە چەمکی سیستەمی پارتایەتی و رۆڵی لە بونیادی دیموکراسیدا هەڤپەیڤینێك ساز بدەین و ئەویش خواستەکەی ئێمەی رەتنەکردەوە و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ■**

●●●
**ئەو کاتە پارتە ئیسلامییەکان دەبنە مایەی مەترسی کاتێک باوەڕیان وابێت کە تەنیا خۆیان هەڵگری حەقیقەت و راستییەکانن و هەوڵدەن بۆ ئەوەی دەسەڵات بە تەنیا لە دەستی خۆیاندا بێت**
●●●

نییەو پێیانوایە ئەوان تەنیا یەکێکن لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان لەناو سیستەمە سیاسییە شەرعییەکەدا.

### هەڵبژاردن دیموکراسیەت بەرهەمنەهێنێت دەبێتە چەترێک بۆ شەرعیەتی ساختە

***کاتێك هەڵبژاردنەکان بە مەبەست و ئامانجی بونیاتنانی دیموکراسی و عەلمانیەت سازنەدرێن، ئایا پێت وانیە ئەوە پرۆسەیەکی بێسودە؟**

- لەو وڵاتانەی کە دیموکراسییان تێدانیە یاخود سیستەمێکی دیموکراسی لاوازیان هەیە، پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەبێتە پردێك و حکومەتەکان بەکاری دەهێنن بۆ شەرعییەت پێدانی دەسەڵاتەکانیان. هەرچەندە شێوازێکی سەرکەوتوو نییە، بەڵام ئەوە شەرعییەتێکی ساختەیەو پەنادەبەنە بەر ڕێی دەستکاریکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان و درووستکردنی دامودەزگای دیموکراسی ساختە.

### لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا هەندێ جار چوار تا پێنج پارتی سیاسی هاوپەیمانێتی پێکدەهێنن و پێکەوە حوکمڕانێتی دەکەن

*** لە حوکمڕانیی دیموکراسیدا، دوو جۆر سیستەم هەیە، سیستەمی فرە حزبی و سیستەمی دوو حزبی، ئایا لە حکومەتی دیموکراسیدا جیاوازییەکانی نێوانی ئەم دو سیستەمە چییە؟**

- سیستەمی هەڵبژاردنەکان کە شێوازی دوو حزبی بەرهەم دەهێنێت بریتییە لە سیستەمی هەڵبژاردنەکان لە سەر ئاستی کەرتەکان، لە کاتێکدا ئەو سیستەمەی کە شێوازی فرە حزبی بەرهەم دەهێنیت بریتییە لە سیستەمێکی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی. هەروەها هەموومان دەزانین جیاوازی چییە لەنێوانی ئەو نوێنەرانەی کە لە سیستەمی دوو حزبیدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و زۆرینەی دەسەڵاتی یاسادانان دەگرنەدەست و ئەوانەش هەڵبژێردراونە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوەو بە تەنیا حکوومەت پێکدەهێنێت و حوکمڕانی دەکات، دەبێتە ئەو زۆرینەیەی کە ئیدارەکە بەڕێوەی دەبات. لە کاتێکدا لە سیستەمی نۆێنەرایەتی ڕێژەییدا لە ساڵانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە چەند وڵاتێك وورده وورده دەستی کردووە بە پیادەکردنی، کە تیایدا پتر لە پارتێك هەڵدەستن بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەك بۆ بەڕێوبەردنی کاروباری حوکمڕانێتی لە یاسادانان و سیستەمی پەرلەمانی. ئەویش مەبەست لەو حکوومەتەیە کە زیاتر لە یەك پارت پێك هاتووە. بۆ نموونە: لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندا هەندێ جار چوار تا پێنج پارتی سیاسی هاوپەیمانێتی پێکدەهێنن و پێکەوە حوکمڕانێتی دەکەن.

### ئیتاڵیا کە سیستەمی فرەحزبیی تیا پیادە دەکرێت یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەوەیە کە حکوومەتەکانی سەقامگیرنین

*** بۆچی سیستەمی دوو حزبی زۆر لە سیستەمی فرەحزبی باشترە بۆ دیموکراسی و سەقامگیری بۆ جێگیرکردنی ئاسایش؟ ئایا هۆکارەکان چین؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بتوانین بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێین کە ئەوە بە شێوەیەکی ڕەها ڕاست و دروستە یان نا، هۆکاری گومانەکانی من لەو ڕووەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەند وڵاتێکی دیمۆکراسیی سەقامگیر هەیە، بۆ نموونە: وڵاتانی ئەسکەندەناڤیاو هۆڵەندا، هەرچەندە سیستەمی فرە حزبی پیادە دەکەن، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆرو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سەقامگیریان بە خۆوە بینیوەو پارت و لایەنە سیاسییە جیاوازەکان توانیویانە لە گەڵ یەکتردا سازش بکەن و بگەنە ڕێککەوتن. بەڕای من، ئەوە پێویستیی بە پەرەپێدانی کەلتووری و ئەزموونی سیاسی هەیە کە ئەم پرۆسەیەش کارئاسانی دەکات بۆ ئەوەی هێزە جیاوازەکان بتوانن بگەنە ڕێککەوتن و سازش لە گەڵ یەکتریدا بکەن. من پێموانییە سیستەمی دوو حزبی لە هەناوی خۆیدا سەقامگیری هەڵگرتبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەڵێم دروستە، بۆ نموونە: ئەگەر وڵاتێکی وەك ئیتاڵیا لەبەرچاو بگرین کە سیستەمی فرەحزبی تێدا پیادە دەکرێت ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەوەیە کە حکومەتەکان تێیدا سەقامگیرنین.

### کەلتوورێکی سیاسی جێگیر گرنگە بۆ ئەوەی پشتگیریی حوکمڕانیکردن و دەسەڵاتی دیموکراسی بکات

***ئایا پێتوایە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن بتوانرێت دیموکراسی لە عێراقدا بنیات بنرێت، ئەگەر ناتوانرێت هۆکار و ئاستەنگەکان چین؟**

- هەر وەکو پێشتریش ئاماژەم پێی کردووە، بەڕای من، یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە لە بەردەم بونیاتنان و پاراستنی دیموکراسی دەبێت بریتییە لە دامەزراندن و چەسپاندنی دیموکراسی لە هەلومەرجە پڕ لە قەیرانەکان کە ئەوەش هۆکارو ئاستەنگێکی زۆر هەستیارە، منیش بۆیە ناوی لێ دەنێم «ئاستەنگێکی هەستیار» لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتێك قەیرانی سیاسیی بینیووە، هەروەها قەیران و تەنگەژەکان فشار دەخەنە سەر سیستەمی سیاسی لە وڵاتەکان. لە کاتێکدا سەرکەوتنی سیستەمی سیاسی پێویستیی بە سەقامگیری هەیە و سەقامگیریش پتر پەیوەستە بە کەلتووری سیاسیی وڵاتەکەوە کە ئایا دەتوانرێت دەسەڵات و حوکمڕانیکردنی دیموکراسی تێیدا جێگیربکرێت، مەبەستم لە کەلتووری سیاسی بوونی حکومەتێکی دەستووری و دیموکراسییە بە چەشنێك ئەو قەیرانانە دەرئەنجامی پڕ لە تێکشکانی لێنەکەوێتەوە. بۆ نمونە بارودۆخی پوکانەوەی ئابووری گەورە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە سەر حکوومەتی ئەڵمانیا کە ئەزموونێکی دیموکراسی نوێی هەبوو و لەهەمان کاتدا کەلتوورێکی سیاسیی لاوازی هەبوو. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان لەو قەیرانە ڕزگاریان بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەلتوورێکی سیاسی بەهێز لەو وڵاتانەدا، واتە کەلتوورێکی سیاسی جێگیر هەبووە کە پشتگیریی حوکمڕانیکردن و دەسەڵاتی دیموکراسی و دەسەڵاتی خەڵك کردووە.

*** ئەو هێزانەی حکومەتی هاوپەیمانێتی پێك دەهێنن بەرپرسیارن لە سەرکەوتن و شکستی حکوومەت، بەڵام هەندێ جار هێزێکی دیاریکراوی ناو هاوپەیمانێتییەکە دەبێتە پارتێکی بەرهەڵستکار، ئایا بیروبۆچوونی ئێوە چییە لەو ڕووەوە؟**

- لەم ڕووەوە، من هیچ گرفتێك نابینم کە پارتێك یان لایەنێکی سیاسی هەست بکات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و ڕاستەقینە

●●●

**یەکێک لەو ئاستەنگانەی کە لە بەردەم بونیاتنان و پاراستنی دیموکراسی دەبێت بریتییە لە دامەزراندن و چەسپاندنی دیموکراسی لە هەلومەرجە پڕە لە قەیرانەکان**

●●●

●●●

**هیچ گرفتێک نابینم کە پارتێک یان لایەنێکی سیاسی هەست بکات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و ڕاستەقینە نوێنەرایەتی ناکرێت و هەڵبستێت و هەستێت بە کشانەوە لە هاوپەیمانێتییەکە**

●●●

●●●

**من کەسێکی تایبەتمەندنیم لە سەر ئایدیولۆژیای ئیسلام، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردووی ئایینی مەسیحییەت، ئەوە چەند لایەنێکی هاوبەش دەبینین لەنێوانی مەسیحییەتی ئەو سەردەمەو سەردەمی ئێستای ئایینی ئیسلام. ئەو کاتە پیاوانی ئایینی دەسەڵاتیان قۆرخکردبوو و بە تێڕوانین خۆیان، پێیان وابوو خەڵک شایستەی ئەوەنین کە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەبێت**

●●●

**کاتێک دەڵێم حکومی کەمینەیە، مەبەستم ئەوەیە کە زۆرینە لە چەند گروپێکی کەمینە پێکهاتووە و هاوپەیمانێتیان پێکهێناوە**

**کشانەوە بە ئامانجی رووخاندنی حکومەتێک نا ئەوە هەنگاوێکی مەترسیدارەو نابێت بگیرێتەبەر. لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی پەککەوتنی ئەرکەکانی حکومەت و دووبارە سازدانەوەی هەڵبژاردنەکان و دروست بوونی قەیرانی سیاسیی ناوخۆیی**

**ئەمەریکا کاتێک خەڵکی لە ئێش و ئازارێکی زۆردا بوو و سیستەمی سەرمایەداری لە لێواری هەرەسدا بوو، ئەوا سیستەمی دەوڵەتی خوشگوزەران داهێنرا کە خەڵکی لە قەسوەتی سەرمایەداری بازاڕ پاراست. من پێموایە تەنیا سەرمایەداری بە هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانیشەوە تاکە سیستەمە کە کاراو کاریگەرەو لە گەڵ سیستەمی دیموکراسیدا دەگونجێت**

نوێنەرایەتی ناکرێت و هەڵبستێت و هەستێت بە کشانەوە لە هاوپەیمانێتییەکە. لە لایەنێکی ترەوە، کشانەوە بە ئامانجی رووخاندنی حکومەتێك نا ئەوە هەنگاوێکی مەترسیدارەو نابێت بگیرێتەبەر. لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی پەککەوتنی ئەرکەکانی حکومەت و دووبارە سازدانەوەی هەڵبژاردنەکان و دروست بوونی قەیرانی سیاسیی ناوخۆیی.

*** ئایا بە چ شێوەیەك پرۆسەی حوکمڕانیکردن لە سیستەمی فرە حزبیدا رێکدەخرێت؟ ئایا هەموو ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی توانای بەرهەمهێنانی دیموکراسی هەیە؟ مەبەستمان لە پارتە ئاینییەکانە ..**

- بەڵێ، رەنگە نەتوانن بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەتوانن ئەو رۆڵە ببینن، بۆ نموونە ئەگەر پارتە سیاسییەکانی ئەوروپا لەبەرچاوبگرین ئەوا تەواو رۆڵێکی پشتگیریکردنیان بینیوە بۆ پرۆسەی دیموکراسی، لە لایەنێکەوە لەبەر پێکهاتە جەماوەرەکەیان و هەروەها لەبەر کەلتوورە سیاسییە بەهێزەکەیان. واتە لەو وڵاتانەدا چەند کۆمەڵەو دامەزراوەیەکی کەلتووری هەیە کە سەدە لەدوای سەدە ئەو کەلتوورە سیاسییە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان دەگوازنەوەو هەندێ جاریش سەرەڕای بوونی سیستەمی فرەحزبیدا، توانیویانە بە هۆی هاوکاری و سازشکردنەوە سەرکەوتن بە دەست بهێنن و بارودۆخە سەختەکە تێپەڕێنن. بۆ نموونە لە وڵاتە ئەورووپییەکان، لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندا کە خاوەن سیستەمێکی فرەحزبییە، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، وڵاتێکە کە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە سەقامگیریی سیاسی و گەشەسەندنی ئابووریی، لەبەر ئەوەی توانیویەتی سەرکەوتووبێت لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەك بۆ حوکمڕانیکردن.

**لە ئەوروپا کاتێک پیاوانی ئایینی دەسەڵاتیان قۆرخکردبوو بە تێڕوانینی خۆیان پێیان وابوو**
**خەڵك شایستەی ئەوەنین کە جڵەوی دەسەڵاتییان بەدەستەوەبێت**

*** بۆچی ئایدیولۆژیای ئیسلامی نەیتوانیوە دیموکراسی بەرهەم بهێنێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ لە کاتێکدا کەلتووری مەسیحی توانیویەتی سیستەمێکی دیموکراسی بەرهەم بهێنێت؟**

- لە راستیدا من کەسێکی تایبەتمەندنیم لە سەر ئایدیولۆژیای ئیسلام، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردووی ئایینی مەسیحییەت، ئەوە چەند لایەنێکی هاوبەش دەبینین لەنێوانی مەسیحییەتی ئەو سەردەمەو سەردەمی ئێستای ئایینی ئیسلام. ئەو کاتە پیاوانی ئایینی دەسەڵاتیان قۆرخکردبوو و بە تێڕوانینی خۆیان، پێیان وابوو خەڵك شایستەی ئەوەنین کە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەبێت لەبەر ئەوەی خاوەنی تێگەیشتن و پابەندبوونی ئەخلاقی پێویست نین. ئەمەش وای کرد دەسەڵاتێکی رەهایان هەبێت و رەخنە قبوڵ نەکەن و بیروبۆچوونە جیاوازەکانی دیکە قبوڵ نەکەن و نوخبەی سیاسی پێی وابوو تەنیا ئەوان حەقیقەت دەزانن، هەر لەبەر ئەوە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتەکەیان پەنایان دەبردە بەر پیادەکردنی دەسەڵاتێکی تاکڕەوی کە دەرئەنجامەکەی بریتی بوو لە کاولکاری و تێکشکان. ئەمەش راستییەکی لۆژیکانەیە کە کاتێك ئایدیۆژیایەك دەسەڵاتێکی تەواو و فراوان و بەهێز بەدەست بهێنێت و ببێتە دەسەڵاتێکی تاکڕەو ئەوە دەسەڵاتێکی گەندەڵی لێ دەردەچێت. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵاتدارەکان هەرگیز رێگا بە رەخنە نادەن و بەدوای بیروڕای جیاوازو بەدیل ناگەڕێن و تەنیا جەخت لە بیروباوەڕی خۆیان دەکەنەوە کە لەگەڵ باوەڕو بیروڕاکانی خۆیان دەگونجێت و لە ئاکامدا دەبێتە مایەی کاولکاری و تێکشکانی وڵاتەکەو بونیاتنانی لەسەر بنەمایەکی تاکڕەوی و پرۆلیتاری.

**کاتێک دەڵێم دیموکراسی حوکمی کەمینەیە**
**مەبەستم ئەوەیە کە زۆرینە لە چەند گروپێکی کەمینە پێکهاتووە**

*** تۆ دیموکراسی بە حکومی کەمینە دادەنێیت نەك زۆرینە، هەروەها رەخنە لە دیموکراسییەتی یۆنان دەگریت، ئەگەر بێت و رەخنە لە دیموکراسییەتی عێراق ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگریت کە پارت و لایەنە ئاینییەکان تێیدا باڵادەستن. ئایا چ لێکدانەوەیەکت دەبێت؟**

- کاتێك دەڵێم حکومی کەمینەیە، مەبەستم ئەوەیە کە زۆرینە لە چەند گروپێکی کەمینە پێکهاتووە و هاوپەیمانێتیان پێکهێناوە. بەهەر حاڵ ئەگەر پارتێکی دیاریکراو دەسەڵاتی گرتە دەست و دامەزراوە دیموکراتییەکان و کەلتوورە دیموکراتییەکە لاوازبوو ئەوە دەستەی دەسەڵاتدار پێیوایە بە تەنیا ئەوان دەزانن کە چ شتێك لە بەرژەوەندی خەڵکەکەیە و پێیانوایە تەنیا ئەوان حەقیقەت دەزانن، ئەمەش مەترسییەکی گەورە دروست دەکات لەبەر ئەوەی ئەو نوخبەیە هەڵدەستێت بە سەرکوتکردن و تێکشکاندنی هەر کەس و لایەنێك کە هاوڕانەبێت لە گەڵیاندا بە پارتە بەرهەڵستکارەکانیشەوە.

**سیستەمێک دامەزراوە کەلتووری دیموکراسی جێگیرو چەسپاوی هەبێت حیزبەکان ناتوانن ئێش وئازاری خەڵک بکەنە پردی ئامانجە سیاسییەکانیان**

*** کاتێك باسی وڵاتی خۆمان دەکەین، دەبینین پارتە سیاسییەکانی ئێرە ئێش و ئازاری خەڵکی دەکەنە پردێك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان، بەڵام کاتێك ئەو ئامانجانەیان بەدەستهێنا ئێش و ئازاری خەڵك لە بیر دەکەن. ئایا ئەم دیاردەیە لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا بەدی دەکرێت؟**

- نەخێر، لە سیستەمێکدا کە دامەزراوەو کەلتووری دیموکراسی جێگیرو چەسپاوی هەبێت ئەم دیاردەیە نابینرێت. کاتێك خەڵکی دووچاری ئێش و ئازار و گیروگرفت دەبنەوە ئەوا پەنا بۆ ئامرازی ئاشتییانە دەبەن و روودەکەنە ئەو پارت و لایەنەی کە بەڵێنی گۆڕانکاری دەدات. هەندێ جار گۆڕانکارییەکان زۆر گەورەن بۆ نموونە سەرهەڵدان و دروست بوونی پارتە سوشیالیستە دیموکراتەکان لە ئەوروپا و لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاتێك خەڵکی لە ئێش و ئازارێکی زۆردا بوو و سیستەمی سەرمایەداری لە لێواری هەرەسدا بوو، ئەوا سیستەمی دەوڵەتی خوشگوزەران داهێنرا کە خەڵکی لە قەسوەتی سەرمایەداری بازاڕ پاراست. من پێموایە تەنیا سەرمایەداری بە هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانیشەوە تاکە سیستەمە کە کاراو کاریگەرەو لە گەڵ سیستەمی دیموکراسیدا دەگونجێت.



پرۆفیسۆر ستیڤن تایلۆر ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی (Troy) بۆ گوڵان:

# لە کۆمەڵگەیەکدا بە تەواوەتی ڕۆڵی یاسا نە چەسپابێت هەندێک پارتی سیاسی گوشاری مەدەنی بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئیستغلال دەکەن

■ پرۆفیسۆر ستیڤن تایلۆر، کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆیTroy لە ئەمەریکا پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی حوکم و سیستەمی پارتایەتی و دیموکراسی و بەتایبەتی بونیادی دیموکراسی لەو وڵاتانەی وەك ئەمەریکای لاتینی و ئەفەریقیا کە لە دەستپێکی بونیادی دیموکراسیدان.
بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی دیموکراسی و حوکمڕانی لە ئەزموونی تازە دەست پێکردووەکاندا، کە وڵاتی ئێمەش لەو قۆناغەدایە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر تایلۆر کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■

**سیستەمی دوو حزبی سەقامگیرترە لە سیستەمی فرەحزبی لەبەر ئەوەی ناچار نابن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن**

*** ڕۆڵـی پارتـەکان لـە کۆمەڵگەی دیموکراسـیدا چیە؟ بەتایبەتی لە چەسپاندنی سـەقامگیری و حکومڕانیکردنی سەرکەوتوودا؟**

- ئەوە دەوەستێتە سـەر ئەو سیستەمی حکومڕانیکردنەی لە ئارادایە، بۆ نموونە سیسـتەمی دوو حزب پتر سـەقامگیرە لەبـەر ئەوەی ناچار نابـن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن بۆ ئەوەی حکومڕانی بکەن. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوە دەستنیشـان بکەیـن ئایا مەبەسـتمان لـە سـەقامگیری بریتییە لە بە دەسـتهێنانی زۆرینەی کورسـییەکانی پەرلەمان بۆ ئەوەی بتوانن ئەو یاسـایانە تێپەڕێنن لە دەسـەڵاتی یاسادانان‌دا کە مەبەستییانە. بەڵام تاوەکو ژمارەی پارتەکان زیاتر بن ئەوا پتر دەسەڵات دابەش دەبێت و ئەو کاتە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ بەدەستێهنانی ڕێژەی زۆرینە زەحمەت دەبێت.

ئەم مەسەلەیەش پتر پەیوەسـتە بە جۆری ئەو دەستورەی کە لە وڵاتەکەدا هەیە، بۆ نموونە ئەگەر سیسـتەمی پەرلەمانی لە وڵاتەکەدا هەبێت ئەوا کار لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا دەکرێت و ئەگەر سیسـتەمی فرە حزبی هەبێت ئـەوا دەبێت هێزەکان هاوپەیمانێتی پێك بهێنن بۆ ئەوەی ببنە زۆرینە، بەڵام ئەگەر سیستەمی دوو حزب لە ئارادابێت ئەوا دەبێت یەکێك لە پارتەکان زۆرینە بە دەسـت بهێنێت بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیران لەو پارتە دەستنیشان بکرێت.

**لەسیستەمی فرەییدا کشانەوەی هەندێک حزب لە حکومەت ئاساییە**

***لەسیسستەمی فرەییدا ئەو هێزانەی حکومەتی کە هاوپەیمانی پێك دەهێنن بەرپرسیارن لە سەرکەوتن و شکستی حکومەتەکە، بەڵام هەندێ جار هێزێکـی دیاریکراوی ناو هاوپەیمانێتیەکە دەبێتە پارتێکی بەرهەڵسـتکار، ئایـا بیروبۆچوونی ئێوە چیە لەو ڕووەوە؟**

- ئەوە حاڵەتێکی سروشـتییە ئەو پارتانەی دەبنە بەشـێك لە دەسەڵات و لە حکومەت بە ئامانجی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیـان ئەو کارە دەکەن و هەوڵدەدەن لەو ڕێگەیەوە ئەو بەڵێنانە بهێننەدی کە بە جەماوەرەکـەی خۆیان داوە، هەر کاتێك ئەو پارتانە هەستیان کرد ناتوانن چیتر ئەو بەرژەوەندییانە بهێننەدی ئەوا بە پێویستی دەزانن لە حکومەت بکشێنەوە.

***لە سیسـتەمی دیموکراسـیدا دوو گـرووپ هەیە، بەرەی بەرهەڵسـتکار و گرووپەکانی فشـار، ئایا جیاوازی نێوانیان چیە؟ ئایا تا چ ڕادەیەك گرووپەکانی فشار وەك ئامرازێك لە لایەن بەرەی بەرهەڵستکارەوە بەکار دەهێنرێن؟**

- ئەوە پتر دەوەسـتێتە سـەر ئەوەی ئایا گرووپەکانی گوشار پەیوەندییەکـی پتەو و نزیکیان هەیـە لەگەڵ چەند پارت و لایەنێکـی دیاریکراوی ناو پەرلەمان بۆ ئـەوەی ئەو پارتانە فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی یاسادانان بۆ دەرکردنی چەند

●●●
**لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا هەمیشە ڕووبەڕوی ئەو تەحەددایە دەبینەوە کە ئەو پارتانەی بە هۆی ئامرازە دیموکراسیەکانەوە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست ئامادەنین بە هۆی ئامرازە دیموکراسیەکانەوە دەست لە دەسەڵات هەڵبگرن**
●●●

●●●
**تاوەکو ژمارەی پارتەکان زیاتر بن ئەوا پتر دەسەڵات دابەش دەبێت و ئەو کاتە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ بەدەستێهنانی ڕێژەی زۆرینە زەحمەت دەبێت**
●●●

بڕیار و یاسایەکی دیاریکراو. واتە ئایا تا چەند ئەم گرووپانە هاوپەیمانیـــان هەیە لە نـــاو حکومەتدا و تـــا چەند دەتوانن رای گشتی ســـازبدەن بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێت لە سەر حکومەت.

**هەندێ پارتی دیاریکراو هەوڵدەدەن**
**بۆ ئەوەی گرووپەکانی گوشاری مەدەنی ئیستغلال بکەن**
**بۆ پەرەپێدان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان**

***لەو وڵاتانەی ئەزموونێکی دیموکراســـی نوێیان هەیە، رۆڵی یاسا بەو شێوەیە نییە کە چاوەڕوان دەکرێت، ئایا تا چ رادەیەك گرووپەکانی گوشـــار بە خراپ کەڵکیـــان لێوەردەگیرێت لەو ماوەیەدا کە بۆ چەسپاندنی رۆڵی یاسا تەرخان دەکرێت؟**

- مـــن نازانم لە چ هـــەل و مەرج و لە چ بارودۆخێکدا پارتە سیاسییەکان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی گرووپەکانی گوشار بـــۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆیان، بەڵام رەنگە بە هۆی نەچەسپینی ئامرازە دەستووری و دیموکراسی و شەرعیەکانەوە کە هەندێ پارتی دیاریکراو هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی ئەو گرووپانە ئیســـتغلال بکەن بۆ پەرەپێدان و پاراســـتنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان.

*** لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پارتە ئیسلامیەکان وەك ئامرازێك لە پارتە سیاســـییەکان دەڕوانن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و لەو پێناوەشـــدا بەشـــداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، بەڵام هیچ نیازێکیان نییە کە سیســـتمێکی دیموکراسی بنیات بنێن، ئایا مەترسی پارتە ئیسلامییەکانی لە سەر دیموکراسی چیە؟**

لە راستیدا هەمیشە مەترسی ئەوە لە ئارادایە کاتێك ئەو پارتانەی بەشـــداری دەســـەڵات دەکەن باوەڕیان بە فرەیی و لێبوردەیی نییە و تەنیا بە ئامانجی بەدەســـتهێنانی دەسەڵات بەشداری لـــە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و دواتر خۆیان بە دیموکراســـییەوە پابەند ناکـــەن، من پێم وانییـــە تەنیا پارتە ئیســـلامییەکان بەو شـــێوەیە رەفتار بکەن. لە پرۆســـەی بە دیموکراتیکردندا هەمیشـــە روبەڕوی ئەو تەحەددایە دەبینەوە کە ئەو پارتانەی بە هۆی ئامرازە دیموکراسیەکانەوە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەســـت ئامادەنین بە هۆی ئامرازە دیموکراســـیەکانەوە دەست لە دەســـەڵات هەڵبگرن، واتە پێویســـتە هەمووان پابەندبن بە رێساکانی گەمەکەوە و دۆڕانیش قبوڵ بکەن.

**کاتێک بە تەواوەتی رۆڵی یاسا نەچەسپێت پارتەکان**
**پەنا بۆ ئامرازە نایاساییەکان دەبەن و**
**پابەند نابن بە رێساکانی گەمەی دیموکراسییەوە.**

*** بـــەڵام هەندێك لە پارتە سیاســـییەکانی رۆژهەڵات ئێش و ئـــازاری خەڵکی دەکەنە پردێك بۆ بەدەســـتهێنانی ئامانجە سیاسییەکان، بەڵام کاتێك ئەو ئامانجانەیان بەدەستهێنا ئێش و ئازاری خەڵك لە بیر دەکەن، ئایا ئەم دیاردەیە لە شـــوێنەکانی دیکەی جیهاندا بەدی دەکرێت؟**

- ئەگـــەر لەســـەر عێراق قســـە بکەین،کێشـــەی عێراق لەم ســـاتەوەختەدا ئەوەیـــە کـــە دەوڵەتێکی تـــەواو دامەزراوەیی نییە لە وڵاتەکەدا و بە تەواوەتی رۆڵی یاســـا نەچەســـپیوە، لەبەر ئـــەوە پارتەکان پەنا بۆ ئامرازە نایاســـاییەکان دەبەن بۆ بەدەســـتهێنانی دەســـەڵات. بۆ نموونە لە هەفتەی رابردوودا ســـوپای مەهـــدی هەوڵیدا بە هـــۆی بەکارهێنانـــی هێزەوە دەسەڵات و دەسترۆیشـــتووی خۆی بسەپێنیت نەك بە هۆی سندوقەکانی دەنگدان و پەرلەمانەوە. دەوڵەت کۆنترۆڵ نییە بە ســـەر خاکەکەیدا. هەرچەندە لە وڵاتەکەدا دەستوور هەیە بەڵام رۆڵی یاسا نەچەســـپیوە و هێزەکان پابەند نابن بە رێساکانی گەمەی دیموکراسییەوە.

**جارێ زووە بڵێین**
**هەڵبژاردن بۆ عێراق سوودی نییە**

*** کاتێك هەڵبژاردنەکان بە مەبەســـت و ئامانجی بنیاتنانی دیموکراسی و عەلمانییەت ســـازنادرێن، ئایا پێت وانییە ئەوە پرۆسەیەکە بێسودە؟**

-رەنگە هێشـــتا زوو بێت بۆ ئەوەی بڵێین پرۆسەکە لە عێراقدا بێســـوودە. جیاوازی هەیە لە نێوان گرووپەکانی کۆمەڵگەی عێراقدا لەسەر ئەو رۆڵەی پێویستە ببینین و لەسەر چۆنییەتی بەشـــداریکردنیان لە دەســـەڵاتدا، هەروەها گەشبینییەکیش لە ئارادانییـــە کە بەم زووانە ئـــەم گرووپانە دەگەنە رێککەوتنێك لەو رووەوە.

**هەموو ئایدولۆژیەک هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات**
**دەدات بەڵام هەموویان بە شێوەیەکی دیموکراسی**
**رەفتار ناکەن**

***ئایا بە چ شێوەیەك پرۆسەی حکومڕانیکردن لە سیستەمی فرە حزبیدا رێکدەخرێت؟ ئایا هەموو ئایدیولۆجیایەکی سیاسی توانای بەرهەمهێنانی دیموکراسی هەیە؟**

ئەگەر بە شێوەیەکی رەها قسە بکەین ئەوا هەموو ئایدولۆژیەك هەوڵـــی بەدەســـتهێنان و بەکارهێنانی دەســـەڵات دەدات بۆ برەوپێدان و پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی خۆی و گۆشەنیگا و تێڕوانینەکانی دیکە قبوڵ ناکات، لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین ئەوە بڵێین کە هەمووو ئایدۆلۆژیاکان بە شێوەیەکی دیموکراسی رەفتار دەکەن.

**ئۆپۆزیسیون**
**لەسیستەمی فرەحزبیدا بەسوودە**

***چۆن دیموکراســـی و شێوەی حکومڕانیکردن لە کوردستاندا هەڵدەسەنگێنیت، لە کاتێکدا هەندێ لە پارتەکان رۆڵیان هەیە لە حکومەت و بەشـــدارن لە حکومڕانیکردندا بەڵام لە هەمان کاتدا رۆڵی بەرهەڵستکاریش دەبینن؟**


-لە راستیدا دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە بەرهەڵستکاری هەبێت لە سیستەمی دیموکراسییدا. شتێکی سودمەندە ئەگەر بەرهەڵستکاری هەبێت لە چوارچێوەی سیستەمی فرەحزبیدا، واتە بوونی ئۆپۆزیسیۆن دیاردەیەکی تەندروستە لە سیستەمی دیموکراسییدا.


**لە هەفتەی رابردوودا سوپای مەهدی هەوڵیدا بە هۆی بەکارهێنانی هێزەوە دەسەڵات و دەسترۆیشتووی خۆی بسەپێنیت نەک بە هۆی سندوقەکانی دەنگدان و پەرلەمانەوە**

**زەحمەتە بتوانین ئەوە بڵێین کە هەمووو ئایدۆلۆژیاکان بە شێوەیەکی دیموکراسی رەفتار دەکەن**

**بوونی ئۆپۆزیسیۆن دیاردەیەکی تەندروستە لە سیستەمی دیموکراسییدا**

# کاتی ئەوە هاتووە گرووپی فشار لە ئۆپۆزسیۆن جیا بکرێتەوە



فوئاد سدیق

لەوەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، هەمیشە گرنگی بە سیاسەتی رازیکردنی حزبەکانی کوردستانی داوە، بەڵام دوای ئەم ماوەیە کە ئێستا دەتوانین بڵێین قۆناخە تاڵەکانمان بڕیوە، حکومەت پێویستی بە کابینەیەکی کارا و بەتوانا هەیە، چونکە دیموکراسییش کە حزبە کوردستانییەکانیتر (واتە بێجگە لە پارتی و یەکێتی) زۆر باسی دەکەن مانای ئەوە نییە، ئەو لایەنانەی خەڵك بە پێی پێویست دەنگی پێ نەداون، بیانکەی بە حاکمی خەڵك،ئەمە پێچەوانەی دیموکراسییەتە، رەنگ و رووی دیموکراسییەت بەوە جوان دەبێ راو بۆچوونی جودا جودامان هەبێ، بە داخەوە تا ئێستا لە کوردستان گرووپی فشار لە گرووپی ئۆپۆزیسیۆن جیا نەکراوەتەوەو تێکەڵ و پێکەڵییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت،دەبینی بەشداری حوکمڕانی دەکات و کەچی قاچێکیشی لەناو ئۆپۆزیسیۆنە، لەوەش زیاتر لێرەو لەوێ خەڵك بە ئاراستەی دژایەتیکردنی حکومەت هان دەدات،لە کاتێکدا ئەوخەڵکەی دەنگی بۆ هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) داوەو بە مافێکی رەوای خۆی دەزانێت کە گلەیی و تەنانەت بە مەبەستی باشترکردنی حوکم رەخنەیش لە حکومەت بگرێت، کەچی ئەو حزبانە بەجۆرێك ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە، وەك ئەوەی بڵێی خەڵك تەواو بێزار بووە و داوای گۆڕینی حکومەت دەکەن!! ئا لێرەدا سەر لە داواکارییە راستەقینەکانی خەڵکیش تێکدەچێت و، حزبەکان ئەوەش لە بیرخۆیان دەبەنەوەکە تا ئەو ساتەش ئەوان بەشێکن لەو حوکمەو هەمیشەش داوای ئەوە دەکەن کە مافی بەشداریکردنی زیاتریان هەبێت لەناو حکومەت، نەك تەنها ئەو بەشە بچووکەی پێیاندراوە،کارەساتەکە لێرەیە زۆرجار پرسی بەشداریکردن یا بەشدارینەکردنی ئەو حزبانە تەنها لەوەدا گینگڵیان خواردووە، کە چ وەزارەتێکیان پێ دەدرێ، تا ئێستا نەمانبیستووە، حزبێکی کوردستانی بەشداری لە حکومەتدا نەکات بڵێت لەبەرئەوەی بەرنامەی ئەم حکومەتەمان بە دڵ نییە، کاتێك لە میدیاکانیش قسە و دیمانە دەکەن، واقیعی حاڵ لە خەڵك تێکدەدەن و خۆیان لەو حەقیقەتە دەشارنەوە، کە چارەسەری هەندێ مەسەلە بە سەرەقەڵەمێك یا بە چەند لێدوانێك نابێت، لێرە دەپرسین ئەوئەندام پەرلەمانانەی کە لە دەرەوەی پارتی یا یەکێتین، بەڵکو ئەندامی حزبێکی ترن، چ جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی یا یەکێتی؟، یا ئەگەر وەزارەتی کارەبا درا بە یەکگرتوو، یا کۆمەڵ، یا هەر حزبێکی تر گرفتی کارەبا بەڕاستی کۆتایی پێدێت؟ یا ئەگەر وەزارەتی مافی مرۆڤ درا زەحمەتکێشان یا هەر حزبێکی تر جگە لە پارتی و یەکێتی، کۆتایی بە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دێت و گورگ لەگەڵ مەڕ ئاودەخواتەوە؟! ئەگەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی درا بە سۆشیالیست، هەرچی گەنجە پڕئیش دەکرێت و، ئەوهەموو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی ئێستا هەن یەکسەر چارەسەردەکرێن؟ ئەمانەو زۆر پرسیارگەلی تر هەن ناکرێ خۆمانی لێ غافڵ بکەین، ناشکرێ سەر لە داواکارییەکانی خەڵك بشێوێنین، کە هەمیشە خەڵك داوای باشترکردنی حوکم دەکات لە پێناو زۆرترین کاری خزمەتگوزاری بۆ خەڵك، نەك ئاڵوزترکردنی دۆخەکە.

لەوەتەی باس لە گۆڕینی کابینەی حکومەت دەکرێ، بە مەبەستی ئەوەی خەڵکی پسپۆر و پراگماتیك، وەك دەڵێن کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت و سیاسەتی رازیکردنی حزبەکان وردە وردە بە کۆتا بێت، دەبینین ئاراستەی گوتاری حزبەکان بە نەفەسێکە کە لەگەڵ حکومەتێکی سیستەماتیکی یەکناگرێتەوە، هەموو گرفتی ئەوان لەوەدایە نەوەك لە حوکمدا پەراوێز بکرێن، یا پۆستێکی گرنگیان نەدرێتێ، کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسیشدا یەك ناگرێتەوە، چونکە دەنگیان نەهێناوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە گرووپی فشار لە ئۆپۆزیسیۆن جیا بکرێتەوە، یان گرووپی فشارو هەروەها ئۆپۆزیسیۆنیش لە بەشداربووی حوکم هاوێر بکرێن، ئەگەر ئەم تێکەڵ و پێکەڵییە تا ئەمڕۆش بەردەوامبووە، بە دڵنیاییەوە ئایندەی ئەم تێکەڵییە هیچ ئاسۆیەکی لەبەردەمدا نییە،گرووپی فشار بۆ باشترکردنی حوکم پێویستە، هەمیشە ئۆپۆزیسیۆنیش لە بەرامبەر حوکمدا دروست دەبێت و هەیە، ئەمەیە بوونی دیموکراسی، بەڵام کاتێك گرووپێك بەشدار بووی حوکمن بە ئاوازی ئۆپۆزیسیۆن دەخوێنن، رێك ئەوکاتە پێویست بە هەڵوەستەلەسەرکردن دەکات. چونکە دەبنە مایەی تێکدانی داخوازییەکانی خەڵکیش.


ژمارە (٦٧٨) ٢٠٠٨/٤/٧



# عێراق دوای پێنج ساڵ بەسەر ئۆپەراسیۆنی ئازادیدا هێشتا کێشەکانی ٢٠٠٣/٤/٩ چارەسەرنەکراون

دوای تێپەڕبوونی ٥ ساڵ بەسەر ئۆپەراسیۆنی عێراقدا، هێشتا کە قسە لەسەر بارودۆخی عێراق دەکەین بە بارودۆخێکی هەستیار و مەترسیداری ناوزەد دەکەین.

لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا عێراق نەك نەیتوانی هەنگاوێك بە ئاراستەی بوونیادنانەوە و دەوڵەتـــی قانون هەڵبگرێت، بەڵکو بەپێی راپۆرتی ســـندوقی ئاشـــتی جیهان و راپۆرتی رێکخراوی شـــەفافیەتی نێودەوڵەتـــی بـــووە نموونە و ریزبەندی ســـەرەوەی دەوڵەتانی فاشیل و گەندەڵ.

دوای پێنج ســـاڵ نەك هەر پرۆسەی سیاسی عێراق و پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشـــتمانی لە نێـــوان پێکهاتەکانی عێراقدا نەکەوتە ســـەر شـــاڕێی خۆی، بەڵکو ئەو هاوبەندەی لە نێوان گرووپ و لایەنە شیعەکانیشـــدا هەبوو درزی تێ کەوت و مەترسی زیاتری لێدەکرێت.

لە ماوەی ئەم پێنج ســـاڵەدا تەنیا کورد بە کردەیی هاوپەیمان ئەمەریکا بووە و تەنیا لە کوردستاندا سەربازی ئەمەریکا نەکوژراوە، کە بەپێی دواین ئامار، ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا سنووری ٤٠٠٠کوژراوی تێپەڕاند.

لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا تەنیا لە کوردستان ئەزموونێکی دیموکراسی و پرۆسەکانی بوونیادنەوە بەردەوام بوون، بەڵام بەداخەوە هەواڵی شـــەڕ و توندوتیژی پارچەکانی دیکەی عێراق بەســـەر میدیاکان ئەمەریکادا زاڵ بوو، کەمتر ڕووەگەش و ئاوەدانەکەی هەرێمی کوردستان پیشانی رای گشتی ئەمەریکا دراوە.

دوای پێنج ســـاڵ، بە پێویستمان زانی خەڵکانێك ئەم سیاسەتە هەڵبەسەنگێنن کە ئێســـتا یان پێشتر لە کوشکی سپی و وزارەتی دەرەوە و بەرگـــری ئەمەریکا لە نزیکەوە لەســـەر دۆســـێی عێراق کاریانکردووە و بواری لێدوان و هەڵســـەنگاندمان بۆ ئەوانە بەجێ هێشت کە ئەم بەرێزانەن:

١- پرۆفیســـۆر بریـــان ئەتود،راوێـــژکاری وەزیـــری دەرەوەی ئەمەریکا

٢- پرۆفیســـۆر جودیس یاف،راوێژکاری CIA لەسەر دۆسێی عێراق

٣- پرۆفیســـۆر جەی ئێم پارکەر، راوێژکاری راپۆرتی بیکەر- هاملتۆن

٤- پرۆفیسۆر پیتەر فیڤەر، راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە پۆستی کلینتۆن و بۆشدا

٥- پرۆفیسۆر رۆبەرت لۆ پسپۆر لە سەر دۆسێی عێراق و کورد لە ئامۆژگای چاتام هاوس

ئەم پســـپۆڕانە کە راستەوخۆ لەسەر دۆســـێی عێراق کاردەکەن واقیعی عێراق دوای پێنج ساڵ بەو جۆرە دەبینن کە لەم راپۆرتەدا بە گوڵانیان راگەیاندووە.

**پرۆفیسۆر برایان ئەتود راوێژکاری کۆندالیزارایس بۆ کاروباری دیموکراسی لە جیهاندا بۆ گوڵان:**

# ئەگەر لە عێراقدا فیدراڵییەت سەرکەوتوو نەبێت لە شەڕێکی درێژخایەن تێوەدەگلێت



■ پرۆفیسۆر بریان ئەتود، راگری ئامۆژگای هێربەرت هەمفێریە لە زانکۆی مینسۆسۆتاو هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧یشەوە وەك راوێژکاری خاتوو کوندالیزارایس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری گەشەسەندنی دیموکراسی لە جیهاندا دەستنیشان کراوە.

لە ساڵی ٢٠٠١ یشدا لەگەڵ کوفی ئەنانی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئاشتی کاریکردووە و لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٩ ش بەڕێوەبەری ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمەریکا بووە، لەسەردەمی سەرۆك کلینتۆنیشدا رێکخەری کاروبارەکانی (USAID) بووە بۆ گەیاندنی یارمەتیی مرۆیی ئەمەریکا بۆ کۆسۆڤۆ.

پرۆفیسۆر ئەتۆد لەگەڵ ئەوەی دژی شەڕی عێراق بووە، بەڵام پشتگیری سیستەمی فیدراڵی و کۆتاییهێنانی شەڕی ئێستا لە عێراقدا دەکات.

بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا پەیوەندیمان بە بەڕێز بریان ئەتود کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■

### من یەکێک بووم لەو کەسانەی کە پێم وابوو هەڵەیە بچینە ئەو وڵاتەوە بێ ئەوەی لە پێویستییەکانی چەسپاندنی سەقامگیری تێبگەین

***هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا دوای تێپەربوونی ٥ ساڵ کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر ئەوەی وەڵامی دەداتەوە لەنزیکەوە ئاگادار نەبێت تۆ وەك ئاگادارێك دوای ٥ ساڵ چی دەڵێت ؟**

- من یەکێك بووم لەو کەسانەی پێموابوو هەڵەیە بچینە ئەو وڵاتەوە بێ ئەوەی لە پێویستییەکانی چەسپاندنی سەقامگیری تێبگەین لەو وڵاتەدا، لەبەر ئەوە دووچاری چەندین شکست بووین و ئەمەش لە دەرئەنجامدا گیروگرفتێکی زۆری بۆ خوڵقاندین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوە ئەو شەڕە نە لە بواری شەڕی دژە تیرۆر و نە لە هێنانەدی ئاشتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یارمەتیدەر بوو. بە تایبەتی لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە دراوسێکانیدا.

### ئەگەر لە سیستەمی فیدراڵیی عێراقدا سەرکەوتوو نەبین لە شەڕێکی درێژخایەنەوە تێوەدەگلێن کە رەنگە ببێتە کێشەیەکی ئیقلیمیش

*** دوای ٥ساڵ هێشتا باسی ئەوە دەکەین عێراق لە بارودۆخێکی هەستیار و سەختدایە، کەی دەگەینە ئەوەی بڵێین بارودۆخەکە بەرەو گۆڕان دەچێت؟**

- رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی دوایی شاری بەسرە ئەوەیان سەلماند کە حکومەتی مالیکی نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت لە هێنانەدی ئاشتەواییەکی راستەقینە لە نێوان خودی گرووپە شیعەکان و لە نێوان شیعە و سوننە جیاوازەکاندا. هەرێمی کوردستان تاقە ناوچەی ئارام و ئاسایشە لە عێراقدا هەرچەندە گرژی و ئالۆزی هەیە لە گەڵ سوپای تورکیادا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخێکی ئەمنی ناسەقامگیر هەیە و بەرەوپێشچوونێکی کەم بەدی هاتووە لە روی سیاسییەوە.

لەوانەیە یەکێك لە رێگە چارەکان بۆ عێراق دابەشکردن بێت،

بـــۆ ئەمــــەش نیگەرانییەكی زۆر لـــە ئارادایـــە كەلەوانەیە لە كۆتاییــــدا  یەكێك بێت لە چارەســـەرەكان، بەڵام من بە تەواوی دڵنیانیم. بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات دەبێت هەرێمەكان پێكبهێنرێن ودەسەڵاتەكان دابەشـــبكرێن،بۆ ئەمەش دەبێت سەرەتا جۆرێك لە رێككەوتن هەبێت لەســـەر چۆنییەتی دابەشكردنی داهاتەكانی نەوت جا هەرێمەكان ئۆتۆنۆمیان پێبدرێت یاخود جیاببنەوە. واتە دەبێت لەســـەر ئەو مەسەلە بنەڕەتییانە رێككبكەون ئەگەر نا لە شـــەڕێكی درێژخایەنەوە تێوەدەگلێن كە ئـــەو كاتە رەنگە ببێتە كێشەیەكی ئیقلیمیش.

***ئەی سەبارەت بە جێبەجێكردنی یاسای پێكهێنانی هەرێمەكان هەنگاوێكە بۆ پیادەكردنی سیســـتەمی فیدراڵـــی لە عێراقدا، پێتوایە هەلومەرجەكە گونجاوە بۆ جێبەجێكردنی ئەو یاسایە؟**

- پێناچێـــت لەم قۆناغـــەدا هەلومەرجەكە گونجاو و لەبار بێت. مـــن نازانم بە دیاریكراوی دەبێـــت چ هەنگاوگەلێك هەڵبگرین لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی لێرە ســـەرقاڵی هەڵبژاردنەكانین و دوو پارتمان هەیە كە گۆشـــەنیگاو و تێڕوانینیان جیاوازە لە ئاســـت عێراقدا، دەبێت چاوەڕێی كۆتایی هاتنی ئەو هەڵبژاردنانە بكەین و بزانین دەرئەنجامەكان چین. من پێموایە سیاســـەتی ئەمەریكا شكستی هێناوە لە عێراقدا، هەرچەندە هەندێ سەركەوتن بەدی دەكـــەم لە چوارچێوەی ئەو سیاســـەتەدا. بەڵام بە شـــێوەیەكی گشـــتی بە هۆی نەبوونی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانییەوە لە ناو عێراقییەكاندا ئەو سیاســـەتە بە شكســـت خواردوی دەزانم. ئەگەرچـــی تا رادەیەك هەندێ بەرەوپێشـــچوون بەدی هاتووە. بەڵام رووداوەكان ئەوەیان سەلماندووە بەكارهێنانی هێزی سەربازی لە سەرەتاوە بڕیارێكی هەڵە بووە.

***ئێوە شارەزان لە سەر شەڕی بەڵكان، چۆن بەراوردی رووخانی ســـلۆبۆدان میلۆســـوفیج و رووخانی ســـەددام حوسێن دەكەیت، ئایا پێتوایە عێراق هەمان چارەنووســـی یوگسلافیای پێشووی دەبێت؟**

-ئەگەر تەركیز بكەینە ســـەر وڵاتێكی وەك بۆســـنیا كە ســـێ گرووپـــی ئیتنی جیاوازی تێدا دەژی، ئەوا هەڵبژاردنەكانی ئەو وڵاتە پیشانیاندا كە دابەشـــبوون و جیاوازی ئیتنی لەو وڵاتەدا بەردەوامە. بەڵام دواتر ئەو وڵاتە پەرەســـەندنی بە خۆوە بینی و پارتـــەكان پتر فرەیی كەلتووری و ئیتنیـــان لەبەرچاوگرت، كە ئومێد دەكرێت بـــە تێپەڕبوونی كات هەمان بەرەوپێشـــچوون لە عێراقیشدا بێتەدی، من وانابینم ئەوە رووبدات لەم ساتەوەختەدا. دەبێـــت عێراقییەكان خۆیـــان بەرپرســـیارێتی وڵاتەكەیان بگرنە ئەستۆ و بگەنە رێككەوتنێك و پرۆسەیەك بگرنەبەر كە نەوەكانی داهاتـــووش پیادەی بكـــەن بۆ ئەوەی گرووپە ئیتنیەكان باشـــتر هاوكاری بكەن لە ناو خۆیاندا.

***بەڵام عیراق دوای پێنج ســـاڵ ســـەلماندوویەتی كە وڵاتێكی گەندەڵ و شكست خواردووە، ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبینیت؟**

-من گەشـــبینم لەبەر ئەوەی ئەگەر بتوانرێت ئاشتی و ئارامی بپارێزرێت و لایەنەكان هاوكاری بكەن لە ناوخۆیاندا ئەوا داهاتێكی گەورەی نەوت هەیە لە عێراقدا بۆ ئەوەی وڵاتەكە ببێتە وڵاتێكی ســـەركەوتوو. هیوادرام ئەوە ئایندەی عێـــراق بێت، لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەوە ئەوا شـــەڕێكی ناوخۆیـــی خوێناوی لە عێراقدا هەڵدەگیرسێت، ئەوەش زۆر مەترسیدار دەبێت لەسەر عێراق.

*** لە ماوەی ٥ ســـاڵی رابردوودا عێـــراق نزیكەی ٢٠٠ ملیار دۆلاری لە داهاتی بە دەســـتهێناوە، ئەمـــە بێجگە لە كۆمەكە دەرەكییەكان لە لایەن ئەمەریكا و وڵاتانی دیكەوە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە وڵاتەكە ئاوەدان بكاتەوە و دەســـت بكات بە پرۆسەی دووبارەبونیاتنانەوە، چۆن ئەمە لێكدەدەیتەوە؟**

- مـــن پێموایە زەحمەتە بتوانین هەڵبســـتین بـــە ئەنجامدانی پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێدانی ئابووری ئەگەر كێشە و گیروگرفتی ئاسایش لە ئارادابوو، لەبەر ئەوەی كێشەی ئاسایش كێشـــەیەكی جیددیە و دەبێت هێزەكانی سوپا و پۆلیسی عێراقی بەهێزبكرێـــن بۆ ئەوەی بتوانن ئەمن و ئاســـایش دابین بكەن بۆ ئەوەی پرۆســـەی دووبارە ئاوەدانكردنەوە ئەنجـــام بدرێت، بەڵام پێموانییە بەرەوپێشچوونێكی زۆر بەدی هێنرابێت.

*** ئێوە لە كۆســـۆڤۆ و كارتـــان كردووە، هەروەها شـــارەزان لە بارودۆخی عێراقیش، ئێستا كۆسۆڤۆ وڵاتێكی سەربەخۆیە، چۆن ئایندەی كوردستانی عێراق دەبینیت، پێتوایە هەمان چارەنووسی كۆسۆڤۆی دەبێت؟**

- ئـــەوە ئەگەرێكە، من دەزانم خەڵكی كوردســـتان پەرۆشـــی بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیین، دەبێت ئەوە زۆر بـــە وریاییەوە نەخشـــەی بۆ دابنرێت و گفتوگۆی لەبارەوە بكرێت. من نازانم چ هەڵوێســـتێكم دەبێت لـــەم رووەوە بەلەرچاوگرتنی نیگەرانییە رەواكانـــی توركیا لە ئاســـت پەكەكە كە لـــە خاكی وڵاتەكەیدا چالاكیان هەیە. لەبەر ئەوەی كاتێ باس لە كوردســـتانی گەورە دەكرێت تەنیا كوردســـتانی عێراق ناگرێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە كە زۆر جێی مەترســـی و نیگەرانییە بۆ توركیا. پێویستە هێزە دەرەكییـــەكان زەمانەتی ئەوە بكەن كە پەرەســـەندنەكانی عێراق بە هەر ئاڕاســـتەیەكدا بـــڕۆن ئەوا دەبێت بـــە تێپەڕبوونی كات ئەو پرۆســـەیە رووبدات و بە پێی بنەماكانی میســـاقی نەتەوە یەكگرتووەكان بێت.

***وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پشـــتگیری سەربەخۆبوونی كۆســـۆڤۆ دەكات بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە پێویستە كوردەكان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، چۆن ئەم ئیزداوجیەتە لە سیاسەتی ئەمەریكادا لێكدەدەیتەوە؟**

- وڵاتـــە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا تا ئەم دواییە هەڵوێســـتی پشـــتگیركردنی كۆســـۆڤۆی نەگرتەبەر، بـــەڵام دوای ئەوەی شـــەڕێكی ناوخۆی سەخت روویدا كە بە شـــێوەیەك لە شێوەكان وڵاتـــە یەكگرتـــووەكان تێـــوەگلا تێیدا. من ناتوانم پێشـــبینی هەڵوێســـتی ئەمەریكا بكەم لە دە ساڵی داهاتوودا. لەبەر ئەوەی دەبێت بە پێی راســـتییەكانی ئەو رۆژە كاردانەوەت هەبێت. لەبەر ئەوە مەسەلەكە ئیزدواجییەت نییە، بەڵكو زیاتر مەسەلەی ئەوەیە كە ئایا ساتەوەختێكی لە بارە بۆ بڕیار و هەڵوێستێكی نێودەوڵەتی لەو شـــێوەیە كە من پێموانییە ئێستا ساتێكی لەباربێت بۆ ئەوەی بۆ هەرێمی كوردستانی عێراق ئەو بڕیارە بدرێت.

**من یەكێك بووم لەو كەسانەی پێموابوو هەڵەیە بچینە ئەو وڵاتەوە بێ ئەوەی لە پێویستییەكانی چەسپاندنی سەقامگیری تێبگەین  لەبەر ئەوە دووچاری چەندین شكست بووین و ئەمەش لە دەرئەنجامدا گیروگرفتێكی زۆری بۆ خوڵقاندین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**ئەگەر لە سیستەمی فیدراڵیی عێراقدا سەركەوتوو نەبین لە شەڕێكی درێژخایەنەوە تێوەدەگلێن كە رەنگە ببێتە كێشەیەكی ئیقلیمیش**

**من دەزانم خەڵكی كوردستان پەرۆشی بەدەستهێنانی سەربەخۆیین، دەبێت ئەوە زۆر بە وریاییەوە نەخشەی بۆ دابنرێت و گفتوگۆی لەبارەوە بكرێت.  پێویستە هێزە دەرەكییەكان زەمانەتی ئەوە بكەن كە پەرەسەندنەكانی عێراق بە هەر ئاڕاستەیەكدا بڕۆن ئەوا دەبێت بە تێپەڕبوونی كات ئەو پرۆسەیە رووبدات و بە پێی بنەماكانی میساقی نەتەوە یەكگرتووەكان بێت**

**پرۆفیسۆر جودیس یاف شرۆڤەکاری پێشووی CIAو پسپۆر لەسەر عێراق لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**

# لە سیاسەتی ئەمەریکادا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و هەرواش دەمێنێتەوە



■ خاتوو جودیس یاف کە، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی لە ئەمەریکا، یەکێکە لە پسپۆرو تایبەتمەندەکانی دۆسێی عێراق و لە ماوەی شەڕی کەنداودا شرۆڤەکاری دەزگای هەواڵگری گشتی ئەمەریکا CIA بووەو هەروەها یەکێکە لە ئەندامانی ئامۆژگای دیراسەتی ستراتیژی لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی و بواری تایبەتمەندی و پسپۆریشی بریتییە لە»عێراق، کەنداوی فارس، ئیسلامی رادیکاڵی». خاتوو جودیس، لەبەر ئەوەی شرۆڤەکاری CIA بووە، لەسەر ئەو مەسەلانە کاری شرۆڤەو توێژینەوەی ئەنجامداوە کە دەزگایەکی هەواڵگری پێویستی پێیەتی زۆر لەسەر وردەکارییەکان بەڵام بە کورتی قسە دەکات و هەروەك لەمیانی قسەکانیدا بە گوڵانی ڕاگەیاند من دوژمنی کوردنیم، بەڵام ڕاستی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر کورد بەو جۆرەیە.. ئەمەش دەقی قسەکانی خاتوو جودیس یافە بۆ گوڵان. ■

## هەڵەکانمان لەعێراقدا ئاکامی پەلەکردنمان بوو

*** ڕۆژی ٩ی ئـــەم مانگە پێنج ســـاڵ بە ســـەر ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حوســـێندا تێدەپەڕێت، ئایا چۆن سیاسەتی ئەمەریکا لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

-من تەنها بیروبۆچوونی شەخسی خۆم دەردەبڕم نەك بۆچوونی ڕەسمی حکومەتی ئەمەریکا، من پێم وایە ئێمە لە ماوەی ئەو پێنج ســـاڵەدا ڕووبەڕووی سەختی و ئاستەنگی زۆر بووینەوە و چەندین هەڵەشـــمان کرد هەرچەندە ئەو هەڵانە بە ئەنقەست نەبوون، ئەمەش هەموو دەرئەنجامی کارکردنی بەپەلەبوو بێ ئەوەی هەموو ئەو دژواری و ســـەختییانە لەبەرچاو بگرین و بیریان لێبکەینەوە.

من پێم وایە زۆرێك لە خەڵکی لە ڕۆژئاوادا چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە بەشـــێوەیەکی خێرا بتوانین بە ســـەر ئەو بارودۆخە ســـەختەدا زاڵ بین و هەلومەرجەکـــە بگەڕێنینەوە بۆ باری سروشتی و حکومەتێکی ســـەرکەوتوو دابمەزرێت و هێزەکان بکشێنەوە، مەسەلەکە بەو شیوەیە نییە بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی وەك عێـــراق کـــە ڕۆژگارێکـــی دوورودرێـــژ لەژێر حوکمی تاکڕەویدا بـــووە چۆن دەکرێت چاوەڕێی ئـــەوە بکەین کە لە شەوو ڕۆژێکدا حکومەتێکی ئاسایی پێکبهێنرێت. لەبەر ئەوە من تارادەیەك گەشـــبینم لەبەر ئەوەی پێموانییە عێراقییەکان خوازیاری خۆکوشتنێکی نیشتمانی بن، هەربۆیە من نامەوێت مەســـەلەکان بەو شـــێوەیە لێکبدەمەوە کە شەڕێکی ناوخۆی لە عێراقـــدا هەیە، بەڵام لە هەمانکاتـــدا عێراق ڕێگەیەکی دوورودرێژی لە پێشـــە بۆ ئەوەی فێـــری حکومڕانیکردن و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بن.

## بارودۆخی ئێستای عێراق یەکجار سەختە نزیکەی چوار ملیۆن عێراقی لە تاراوگەدا دەژین

*** بەڵام قســـەکردن لەسەر باشبوونی باشـــوور و ناوەڕاستی عێراق خەریکە میســـداقییەتی نامێنێـــت، لەبەر ئەوەی زۆر ڕێگە گیرایە بەرو بێ سوود بوو، ئایا تاچەند ئەمە نائومێدی کردوون و تاچەند عێراق بەرەو هەڵوەشان دەبات ؟**

- وێڕای هەموو بارودۆخە خراپەکە بەڵام من پێم وانییە عێراق بەرەو دابەشبوون و پارچە پارچە بوون بچێت، لەبەر ئەوەی

**عێراق ڕێگەیەکی دووروودرێژی لە پێشە بۆ ئەوەی فێری حکومڕانیکردن و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بن**

**پێم وانییە ئەوە شەڕێکی تائیفی بێت بەڵکو تەنها شەڕە لە پێناوی کۆنتڕۆڵکردنی دەسەڵاتدا، بۆ نموونە ئەو شەڕەی لە شاری بەسرە روویدا لە نێو شیعەکاندا شەڕێکی تائیفی نەبوو، بەڵکو شەڕەکە لەسەر ئەوەیە کێ کۆنتڕۆڵی ئەو ناوچەیە دەکات و کێ نەوت بە قاچاغ دەباتە دەرەوە**

**لە سیاسەتی ئەمەریکادا هەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراق و هەرواش دەمێنێتەوە**

**من پێموانییە رای گشتی ئەمەریکا پشتگیری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکات لە عێراقدا بۆ ئەوەی دووبارە لە کوردستاندا بڵاوبکرێنەوە. ڕەنگە خەڵکانێک هانتان بدەن و بڵێن کە ئەمەریکا پشتگیریتان دەکات بۆ ئەو کارە بەڵام من متمانەیان پێناکەم**

عەرەبەکانی عێـــراق خوازیاری ئەوە نیـــن و لە هەمانکاتدا **ئەگەرچی کـــوردەکان لـــە رووی ســـۆزدارییەوە خوازیاری دابەشـــبوونی عێراقیش بن، بەڵام لەو ڕاستییە تێدەگەن کە لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە ناوچەیەکەیان دەبێتە ناوچەیەکی پڕ لە مەترســـی ئەگـــەر لە عێراق جیاببنەوە.** ئێمە باســـی وڵاتـــی عێراق دەکەین نەك سوننەســـتان و شیعەســـتان، من لەو باوەڕەدام دەتوانن پێکەوە بژین، پێشـــتریش بۆ ماوەیەکی دوورودرێـــژ پێکەوە ژیاون. بەڵام دەبێت ئەوەشـــمان لەبەرچاو بێت کـــە بارودۆخەکـــە یەکجار ســـەختە، نزیکـــەی چوار ملیـــۆن عێراقی لـــە تاراوگەدا دەژیـــن، ژمارەیەکی زۆری ئـــاوارەی عێراقی هەیە لە ناوەوە و لـــە دەرەوەی وڵاتدا هەن و ناشـــتوانن بگەڕێنەوە بۆ ماڵ و گەڕەکەکانی خۆیان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە هەســـت بە ســـەلامەتی ناکەن، من نازانم هۆکارە راســـتەقینەکە چییە، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەگەر لێگەڕێین عێراق کاروبارەکانی خۆی ڕێکبخات ئەوا دەتوانێت هەوڵەکانـــی بخاتەگەڕ بۆ چارەســـەرکردنیان، بەڵام ئەوە بە ماوەیەکی کـــورت نایەتەدی لەبەر ئـــەوەی عێراقییەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ جگە لە حوکم و دەسەڵاتی سەدام هیچ جۆرێکی تری رۆڵی یاسا و حوکمی یاسایان پیادە نەکردووە. ئەوەی پەیوەندی بـــە کوردەکانەوە هەبێت، تکایە وا تێمەگەن مـــن دژی کوردەکانم، بەڵام پێم وانییە حاڵی حازر جیابوونەوە ڕێگاچارەیەکی گونجاوبێت بۆ هەرێمی کوردســـتانی عێراق، بەڵکو کوردەکان دەتوانن دەســـتکەوتی زیاتر بە دەســـت بهێنن ئەگەر لـــە چوارچێوەی عێراقدا بمێننـــەوە. ئەوە تێڕوانین و گۆشەنیگای منە.

***ئەی ســـەبارەت بە دروســـتکردنی هەرێمە فیدرالییەکان لە عێراقدا کە ئێستا لە وادەی جێبەجێکردنی یاسای هەرێمەکان نزیك دەبینەوە؟**

- ئەوە پرســـیارێکی زۆر باشە، من دڵنیانیم ئایا بارودۆخەکە لەبارە یان نا، دەکرێت بەشـــێوەیەك لە شـــێوەکان ئەو یاســـایە جێبەجێبکرێت، بەڵام لە ناو شیعەکاندا بیروڕای ناکۆك هەیە، هەندێك لەگەڵیدان و پێیانوایە دەتوانن هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردســـتان پێکبهێنـــن و هەندێکـــی دیکە دژی ئەمەن. من پێم وایە عێراقییـــەکان دەتوانن ئەوە جێبەجێبکەن کە لە دەســـتووردا هاتووە کە ئەویش بریتییـــە لە بوونیادی فیدراڵـــی، بەڵام دەبێـــت بە روونی ئەو دەســـەڵاتانە دیاری بکرێت کە حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان موماڕەســـەیان دەکەن. لەلایەکی دیکەوە مەســـەلەی ئاسایش هەیە کە دەبێت لەبەرچاوی بگرن.

**لە سیاسەتی ئەمەریکادا هەرێمی کوردستان**
**بەشێکە لەعێراق و هەرواش دەمێنێتەوە**

***ئەی تا چ رادەیەك کوردەکان دەتوانن پشـــت بە ئەمەریکا ببەســـتن، ئایا ئەمەریکا زامنی مافەکانی کورد لە عێراقدا دەکات ؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەند دەبێت بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کوردستان بەشـــێك دەبێت لە عێراق، مەگەر تا دوا رادە من کەســـێکی ســـاویلکە یان گێل بم کـــە پێموانییە من کەســـێکی وابم. ئێمە هانی کـــوردەکان نادەین بۆ ئەوەی هەوڵی جیابوونەوە و ســـەربەخۆیی بدەن، لەبەر ئەوەی پرســـیارەکە ئەوە دەبێت کێ پشتگیری ئەم سەربەخۆییە دەکات. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم من پێموانییە رای گشـــتی ئەمەریکا پشتگیری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکات لـــە عێراقدا بۆ ئەوەی دووبارە لە کوردســـتاندا بڵاوبکرێنەوە. ڕەنگـــە خەڵکانێك هانتان بدەن و بڵێن کە ئەمەریکا پشـــتگیریتان دەکات بۆ ئەو کارە بەڵام من متمانەیان پێناکەم.

**شەڕی ئێستای عێراق شەڕی دەسەڵاتە**
**نەک شەڕی تائیفی**

***دوای پێنج ساڵ عێراق سەلماندوویەتی کە وڵاتێکی گەندەڵ و شکست خواردووە، ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبینیت؟**

- عێراق ڕێگایەکی دوورودرێژ و ســـەختی لە پێشـــە، راستە بڕێکی گەورەی گەندەڵی هەیە لەو وڵاتەدا، هەروەها ململانێی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات هەیە، کە من پێم وانییە ئەوە شـــەڕێکی تائیفـــی بێت بەڵکو تەنها شـــەڕە لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی دەســـەڵاتدا، بۆ نموونە ئەو شەڕەی لە شاری بەسرە روویدا لە نێو شیعەکاندا شەڕێکی تائیفی نەبوو، بەڵکو شـــەڕەکە لەســـەر ئەوەیە کێ کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە دەکات و کێ نەوت بـــە قاچاغ دەباتە دەرەوە. دەبێت سیاســـەتمەدارە عێراقییەکان نیشتمانییانە بیربکەنەوە هەروەك چۆن مەحەلییانە بیردەکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر تێڕوانین و گۆشـــەنیگایەکی نیشتمانییانەیان نەبێت ناتوانن لە پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و کێشە مەحەلییەکان چارەسەربکەن، بەڵام دەکرێت ئەوە رووبدات لە مەودای دووردا.

**پێم وایە بارودۆخی عێراق**
**لە مەودای نزیکدا زۆر پڕ مەترسی دەبێت**

*** وەك کەسێکی پسپۆرو تایبەتمەند لەسەر عیراق لە کۆلێژی بەرگری نیشتمانی،ئایا چۆن وەسفی بارودۆخی ئێستای عێراق دەکەیت، گەشبینیت یان نا؟**

-من پێم وایە بارودۆخەکە لە مەودای نزیکدا زۆر پڕ مەترسی دەبێت و من تا رادەیەکی زۆر کەم گەشبینم. لەلایەکی دیکەوە کاتێك وا دەردەکەوێت کە هەموو شـــتێك لـــە عێراقدا هەرەس دەهێنێت ئەوا بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت عێراقییەکان دەگەڕێنەوە و جۆرێك ڕێککەوتن لە نێو خۆیاندا بەدیدەهێنن، بۆ نموونە زۆر کەس ئاماژەی بە ڕووداوەکانی شاری بەسرە دەکرد و دەیان گوت بڕوانن چی ڕوودەدات. بەڵام لە پڕدا سازشکردن روویدا، پێشتریش ئەوە روویداوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کارەساتانەی بەســـەر عێراقدا هاتووە گەیشتن بە ڕێککەوتن و سازشکردن کاتی دەوێت.

پرۆفیسۆر جەی ئێم پارکەر پسپۆر لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاو راوێژکاری راپۆرتەکەی بیکەر- هامیلتۆن بۆ گوڵان:

# کێشەی عێراق ئەوەیە لەگەڵ خۆیدا لەشەڕدایە بۆیە لەوانەیە دابەشکردنی چارەسەرێکی گونجاو بێت



■ پرۆفیسۆر جەی کێم پارکەر، کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی جۆرج تاون، لە راپۆرتی گرووپی دیراسەتی عێراق کە بە راپۆرتی بیکەر- هامیلتۆن ناسراوە، یەکێك بوە لە راوێژکارانی نووسینەوەی ئەو راپۆرتە و تا ساڵی ٢٠٠٥ لە سوپای ئەمەریکا بووە و پاشان بە پلەی کۆلۆنیل خانەنشین کراوە و هەڵسەنگاندنی جەی پارکەر بۆ بارودۆخی عێراق لە چەند روویەکەوە گرنگە، لەبەر ئەوەی لە یەك کاتدا ئاگاداری ستراتیژیەتی سەربازی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاشە. هەربۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئێستای عێراق دوای پێنج ساڵ بەسەر پرۆسەی عێراقدا پەیوەندیمان پێوە کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■

## سیاسەتی ئەمەریکا لەعێراقدا
## لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا مایەی کارەسات بووە

***ئێوە وەك شارەزاییەك لە کاروباری عێراق چۆن سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵدەسەنگێنیت لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا لە عێراقدا ؟**

- من وەك کەسێك کە ئاگاداری چۆنییەتی پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەك پسپۆر لەسەر مێژووی عێراق، پێموایە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکام لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا مایەی کارەسات بووە و جێی داخە کە بەو شێوەیە کاروبارەکانی هەڵسووڕاند کە دەکرا خۆمان لە زۆر بارودۆخی خراپ لابدایە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پەلەکردن لە دەرکردنی بڕیاری شەڕ بە پاساوی بوونی چەکە کۆمەڵکوژەکان بێ ئەوەی بوونی ئەو چەکە بە شێوەیەکی بنبڕ یەکلا بکرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی پلان بۆ بوژاندنەوەی ئابووری و سەرخستنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی شەفاف و یاساییدا بۆ بونیاتنانەوەی عێراق. دەکرا خۆمان لە هەموو ئەو هەڵانە لابدایە لەبەر ئەوەی ئەو هەڵانە بۆ زۆرێك لە خەڵکی پێشبینیکراو بوون. راستییەکی تاڵی دیکە ئەوەیە کاتێك خۆت لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و مەترسیداردا دەبینیتەوە هەروەك ئەوەی لە عێراقدا هەیە، ناتوانیت بڵێت کە پێشتر هەڵەکراوە و ئەمڕۆ دەتوانین هەموو ئەو هەڵانە تێپەڕێنین و بەرەوپێشەوەبچین، لەبەرئەوەی هەر کاتێك بڕیارتدا کە بەرپرسیارێتی بگریتە ئەستۆ ئەو کاتە نەك هەر بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایشت دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵکو ئەرکێکی ئەخلاقیشت دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی هەوڵەکانت بخەیتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەم کێشانە و ئەوەش کاتێکی دوورودرێژی دەوێت. نابێت ئەم خەڵکانە بە هەمان ئەو خەمساردییەوە رەفتار بکەن کە ئێمە لەسەرەتاوە بەو شێوەیە رەفتارمان کرد لە هەڵگیرساندن و بەرپاکردنی شەڕەکەدا. ئەو راستییەی جێی داخە ئەوەیە کە هیچ رێگایەکی خێرا نییە بۆ کۆتایی هێنانی بەم بارودۆخە. نابێت ئەمەریکییەکان بەو شێوەیە مامەڵە لە گەڵ عێراقییەکاندا بکەن کە هەمیشە پێویستییان بە هاوکاری و یارمەتی ئەمەریکا هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لەبەر ئەوەی ئەمە مانای ئەوەیە کە نیشتمانێکی خاوەن سەروەریت نییە و ئەو کاتەش پشێوی و توندوتیژی درێژەیان دەبێت. راستییەکەی ئەوەیە کە بە بارودۆخێکی پڕ لە کارەساتدا تێپەڕیوین و هەزارەها عێراقی و چوار

**به بارودۆخێکی پڕ له کارەساتدا تێپەڕیوین و هەزارەها عێراقی و چوار هەزار سەربازی ئەمەریکی کوژراون و ئایندەش گەرەنتی ئەوە ناکات کە ئێمە بە شێوەیەکی ژیرانەتر رەفتار دەکەین**

**به چاوپۆشێن لەوەی کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا دەکرێت کوردستان بکرێتە مۆدیلێك بۆ هاوکاریکردنی ئاشتییانە و نمونەی حوکمڕانیکردنێکی سەرکەوتوو و گەشەپێدانی ئابووری لە عێراقدا**

**ئێستا لە عێراقدا یاسا رۆڵێکی کارا نابینیت و هیچ سیستەمێکیش نییە بۆ رێگەگرتن لە گەندەڵی بە تایبەتی لە پیشەسازی نەوتدا**

هەزار سەربازی ئەمەریکی کوژراون و ئایندەش گەرەنتی ئەوە ناکات کە ئێمە بە شێوەیەکی ژیرانەتر رەفتار دەکەین لەبەر ئەوەی دەرسمان لەم کارەساتانە وەرگرتووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو دەرسانە دەرسگەلێکی ئازاربەخشن. بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوون پێویستی بە قوربانیدانە، جا ئەو قوربانیدانە هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بێت لە عێراقدا یاخود کشاندنەوەیەکی قۆناغ بە قۆناغی ئەو هێزانە بێت کە من لە گەڵ ئەوەی دووەمدام، بەڵام کاتێك ئەمەریکا ئەو هێزانە دەکشێنێتەوە دەبێت بەردەوام بێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دووبارە بونیاتنانەوەی ئابووری و پرۆسەی سیاسی عێراق. من حەزدەکەم ئەوە بڵێم خەڵکێکی زۆر لە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەن عێراقییەکان بەرپرسیارێتی چارەنوسی خۆیان بگرنەئەستۆ، لەبەر ئەوەی عێراق خاوەنی مێژووییەکی دوورودرێژ و خەڵکانی زیرەك و خاوەن توانای هەیە و دەتوانن شتگەلێکی زۆر پیشکەش بە جیهان بکەن. رەنگە ئێمە لە ئەمەریکا هاوڕانەبین لەسەر ئەوەی چۆن خزمەتی ئەو بەرژەوەندییە بکەین، بەڵام هاوسۆزییەکی زۆر هەیە بۆ خەڵکی عێراق و ئەو باوەڕە لە ئارادایە کە هەر کاتێك عێراقییەکان توانیان لەم کارەساتە رزگاربن ئەوا دەردەکەوێت کە چەند بەهێز و خاوەن توانان و لە بەرژەوەندی هەموو لایەکیشە کە بەو ئاراستەیەدا بڕوین لە بری ئەوەی رێگە بەم کارەساتەی ئێستا بدەین و بەردەوام بین.

## به چاوپۆشێن لەوەی کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا دەکرێت کوردستان بکرێتە مۆدیلێک بۆ هاوکاریکردنی ئاشتییانە و نمونەی حوکمڕانیکردنێکی سەرکەوتوو و گەشەپێدانی ئابووری لە عێراقدا

***لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوودا کورد سەلماندوویانە کە تاقە هاوپەیمانی راستەقینەی ئەمەریکان لە عێراقدا و تەنانەت یەك سەربازی ئەمەریکی لە کوردستاندا نەکوژراوە یاخود بریندار نەکراوە، ئایا تا چەند ئەمەریکا پشتگیری کوردەکان دەکات و تا چەند کوردەکان دەتوانن پشت بە ئەمەریکا ببەستن؟**

- لە راستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئەمەریکا چی دەبن. بەڵام من پێموایە لە ئێستا و لە داهاتووشدا بە چاوپۆشێن لەوەی کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا، ئەوا دەکرێت کوردستان بکرێتە مۆدیلێك بۆ هاوکاریکردنی ئاشتیانە و نمونەی حوکمڕانیکردنێکی سەرکەوتوو وگەشەپێدانی ئابووری. مەرج نییە پشتگیرکردنی ئەمەریکا بە شێوەی دەستێوەردانی سەربازی بێت، بەڵام لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە ئەمەریکا وەك هەرێمێکی سەقامگیر لە کوردستان دەڕوانێت کە پێویستە بپارێزرێت و بکرێتە مۆدیلێك بۆ هەموو عێراقییەکان. من نازانم لە داهاتوودا ئەمەریکا دەتوانێت لە رووی دارایی و سەربازییەوە پشتگیری کوردستان بکات، لەبەر ئەوەی ئێستا تەنگژە و گرفتی ئابووری هەیە لە ئەمەریکادا کە پێویستی بە چارەسەرکردنە، هەروەها پێویستی بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی هێزە سەربازییەکەیەتی کە ئایا دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بپارێزێت لە سەرانسەری جیهاندا. بەڵام من پێموایە دەبێت لە رووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە پێویستە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری هەرێمی کوردستان بکات وەك هەرێمی سەقامگیر و سەرکەوتوو کە بکرێتە مۆدیلێك نەك تەنیا بۆ عێراق بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکە لە روی حوکمڕانیکردنی سەرکەوتوو و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییەکانی.

## سەرەتا پێیان وابوو تەنیا بە دابینکردنی پارە بۆ حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی سیحری گەشەکردنی ئابووری بەدەست دەهێنرێت بەڵام ئەوە بۆچوونێکی ساویلکانە دەرچوو

***لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوودا عێراق نزیکەی ٢٠٠ ملیار دۆلاری داهاتی نەوتی بە دەستهێناوە ئەمە بێجگە لە کۆمەکە دەرەکییەکان لە لایەن ئەمەریکا و ولاتانی دیکەوە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ولاتەکە ئاوەدان بکاتەوە و دەست بکات بە پرۆسەی دووبارەبونیاتنانەوە، چۆن ئەمە لێکدەدیتەوە؟**

-لە راستیدا ئەوە یەکێکە لەو مەسەلانەی وەك پێویست سەرنجی لێنەدراوە. بەڵکو پتر باس لە مەسەلە سەربازی و شەڕەکان کراوە. تاوەکو سامانی عێراق (کە بریتییە لە نەوتی ولاتەکە) و مێژوو و کەلتوور و هێز و خەسڵەتە ئینسانەکانی نەخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی گەشەییەکی ئابووری بەدی بهێنرێت، ئەوا هیچ هێزێکی سەربازی ناتوانێت بە تەنیا ئاشتی و سەقامگیری بۆ عێراق بگەڕێنێتەوە. ئەوە یەکێکە لەو مەسەلانەی کە هەر لە سەرەتاوە درکی پێنەکراوە و لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکو پێیان وابوو تەنیا بە دابینکردنی پارە بۆ حکومەتی عێراق لە لایەن کۆمەکبەخشە نێودەوڵەتییەکان و تەنیا بە هۆی داهاتی نەوتی ولاتەکەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی سیحری گەشەکردنی ئابووری بەدەست بهێنرێت و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە ئەنجام بدرێت، ئەوە بە شێوەیەکی مەترسیدار لێکدانەوەیەکی ساویلکانە بوو. دەبێت ئێستا هەموو کەسێك درك بەو راستییە بکات کە بە بێ دابینکردنی ئەو پیداویستییە بنەڕەتییانە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە کە خۆی لە دابینکردنی ئابوورییەکی دادوەرانە دەبینیتەوە ئەوا هیچ ئومێدێك بە ئایندەی عێراق نامێنێت. ئەگەر پێشتر ئەوە لەبەرچاو بگیرایە کە هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئابوورییەکی کارا و گەشەکردو بنیات بنێت، ئەوا رەنگە ئەوەیان لە بەشەکانی تری عێراقدا پیادە بکردایە. بەڵام ئێستا لە عێراقدا یاسا رۆڵێکی کارا نابینیت و هیچ سیستەمێکیش نییە بۆ رێگەگرتن لە گەندەڵی بە تایبەتی لە پیشەسازی نەوتدا، واتە تاوەکو حکومەت بەو کارانە هەڵنەستێت جا حکومەتێکی یەکگرتوو بێت یان حکومەتێکی دابەشبوبێت، حکومەتی شیعەکان بێت یان سوننەکان یان کوردەکان ئەوا هیچ هێزێکی سەربازی و هیچ کۆمەکێکی دەرەکی ناتوانێت کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات. من پێموایە عێراقییەکان خۆیان هۆشیارن بەم واقیعە و دەبێت ئەو خەڵکانەی خاوەنی نیازێکی باشن لە ئاست عێراقدا یارمەتی عێراقییەکان بدەن لەمڕووەوە.

## پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا رووبەڕووی هەمان ئەو گیروگرفتانە دەبێتەوە کە پێنج ساڵ پێش ئێستا رووبەڕووی دەبۆوە

***بە هەرحاڵ ئەمڕۆ عێراق لە بارودۆخێکی هەستیار و سەختدایە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئاسایش و پرۆسە سیاسییەکەوەیە هەیە، چۆن پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا رووبەڕووی هەمان ئەو گیروگرفتانە دەبێتەوە کە لە سەرەتا رووبەڕووی بۆوە، واتە پێنج ساڵی پێش ئێستا. کە بریتییە لە تەحەددای پێکهێنان و خستنەگەڕی حکومەتێکی یەکگرتوو لە عێراقدا کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو عێراقییەکان بکات و بتوانێت هێزو گوڕی مێژووی عێراق

بگەڕێنێتەوە و بتوانێت سـەقامگیری بۆ عێـراق دابین بکات و ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەدەسـت بهێنێتەوە وەك دەوڵەتێکی سـەقامگیر کە خاوەنی حوکمڕانێتییەکی سەرکەوتوو بێت. هێشتا ئەو تەحەددایە هەر ماوە، هەرچەندە لە چەند کاتێکدا پێدەچوو حکومەت نزیك بوبێتەوە لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەدا. مـن وەك چاودێرێکی دەرەکی کە چاودێری هەواڵ و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەم پێموایە هێشتا بارودۆخەکە ڕوون و دڵنیانین لەوەی ئایا ئەو ڕاپەڕێن و پشـێویەی ڕوویانداوە بریتییە لە بارودۆخێکی کاتی یاخود درێژەیان دەبێت.

## ئایا سیستەمێکی یاسایی لە ئارادایە ڕووبەڕووی ئەو کەسە گەندەڵانە ببێتەوە کە خزمەتی نیشتمانەکەیان ناکەن؟

*** دوای پێنج ساڵ بەسەر ئازادی عیراقدا لەبری ئەوەی بیسەلمێنێت هەنگاو بەرەو دیموکراسـی و دەوڵەتـی قانون هەڵدەگرێت کەچی دەبینین عێراق سـەلماندوویەتی کـە نموونەی وڵاتێکی گەندەڵ و شکست خواردووە، تۆ چی دەڵێیت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت ئایندەی عێراق لە ئێستای ئەو وڵاتە جیاواز بێت. بـە داخەوە چەندین نموونەی گەندەڵی و شکسـت هەن لەو وڵاتەدا، بەڵام هێشـتا نموونەی ئەو عێراقییانە ماوە کە ویژدانیان هەیە و کەسانی خاوەن ڕاستگۆیین و توانیویان خۆڕاگربن و خۆیان لـە گەندەڵی بە دوور بگرن. تەحەدداکە ئەوەیە کە ئەو عێراقییانە بتوانن ببنە نموونەیەك بۆ ئەوەی وڵاتێکی سەقامگیر بەدی بهێنن و عێراق وەك نەتەوەیەکی هاوچەرخ و ڕاسـتگۆ بخەنەڕوو. هەموو نەتەوەییەکی بە ساتەوەختی سـەختی و تەحەددادا دەڕوات، بەڵام پرسـیارەکە ئەوە نییە کە چەند کەسـانێکی گەندەڵ و خۆپەرست هەن و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتی و هاونیشتمانییەکانی خۆیان ناکەن، لەبەر ئەوەی بە داخەوە ئینسانەکان بێ کەموکوڕی نین، بەڵکو پرسـیارەکە ئەوەیە کە ئایا سیسـتەمێکی یاسایی لە ئارادایە کە ڕووبەڕووی ئەو کەسـە گەندەڵانە ببێتەوە کە خزمەتی نیشتمانەکەیان ناکەن. ئەوەش هەمیشە پرۆسەیەکی لەسەر خۆبووە و لە عێراقیشدا سەلماوە کە ئەوە پرۆسەیەکی خاو و پڕ لە سەختی و دژوارییە. تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە کە هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگر بێت لەوەی عێراقییە ڕاسـتگۆ و بە ویژدانەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن و ببنە نموونەیەك و هەڵبسـتن بە خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

## کێشەکە ئەوەیە کە عێراق لە گەڵ خۆیدا لە شەڕدایە ڕەنگە دابەشبوون ڕێگاچارەییەک بێت بۆ خولْقاندنی چەند دەوڵەتێکی بەهێز کە دواتر بتوانن یەک بگرنەوە

***ویڕای هەمـوو ئەمانە واقیعی بارودۆخی عێراق گەیشـتۆتە ئاسـتێك کە عەرەبە شیعە و سوننەکان ناتوانن چیتر پێکەوە بژین، پێتوایە ئەمە سەردەکێشـێت بۆ دابەشبوونی عێراق؟ لە حاڵەتیکدا ئەگەر عێراق دابەش بوو، ئایا پێویستە کوردەکان چ هەڵوێستێکیان هەبێت؟**

- ئەوە پرسـیارێکی زۆر باش و زۆر ئاڵۆزە. من پێموایە ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکان سەرنجی تێکڕای جیهانی بە لای خۆیدا ڕاکێشـاوە، ئەو کاتانەی کە شەڕی یەکتریان دەکرد و ئێستاش کە لەگـەڵ یەکدا هاوکاری دەکەن. من پێموایە نموونەی کوردەکان کە توانیویانە هەرێمێکی سـەقامگیر پێکبهێنن و حوکمڕانیتییەکی بـاش بخەنەگەڕ و خزمەتێکی باشـی هاوڵاتیانی هەرێمەکەیان بکـەن دەکرێت بکرێتـە نموونەیەك کە بەشـەکانی دیکەی عێراق پیادەی بکەن. مەحاڵ نییە حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنیت کە بەردەوام بێت. حاڵی حازر کێشەکە ئەوەیە کە حکومەتێکی بەهێز لە ئارادا نییە کە بتوانێت خزمەتی بەرژەوەندی عێراقییەکان بکات، کاتێك دەڵێم بەهێز مەبەستم ئەوە نییە کە حکومەتێکی سەرکوتکار لە ئارادا بێت، بەڵکـو حکومەتێك بتوانێت ڕووبەڕووی تاوانکاران و یاخیبوان ببێتەوە، کێشـەکە ئەوەیە کە عێراق لە گەڵ خۆیدا لە شەڕدایە. ڕەنگە دابەشبوون ڕێگاچارەیەك بێت بۆ خولْقاندنی چەند دەوڵەتێکـی بەهێز کە دواتر بتوانن یەك بگرنەوە. ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەگـەر عێـراق بە یەکجاری دابەش بـوو ئەوا ڕەنگە لە هەڵوێستێکی لاوازدا بێت لە بەرامبەر دوژمنەکانیدا لە ناوچەکە، واتە نیگەرانی ئەوە هەیە کە لە بری دەوڵەتێکی بەهێز وەك چەند دەوڵەتێکی لاواز لێیان بڕوانرێت و ئەو کاتەش دەوڵەتەکانی ناوچەکە هەوڵی باڵادەست بوون بدەن بە سەریاندا بۆ ئەوەی بارودۆخەکە لە سـوودی خۆیان بەکاربێنن و سەرچاوەکانی عێراق بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن بەتایبەتی سـەرچاوەی نەوت، ئەوە گەورەترین مەترسی دابەشبوونە. من دڵنیانیم ئایا عێراقێکی دابەشبوو ئەوەندە بەهێز دەبێت کە توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانەی دەبێت یان نا، یاخود دەبێت عێراق هەوڵ و کۆششـەکانی چڕبکاتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکگرتوو بمێنێتەوە.

## ئێستا زۆر زۆر زەحمەتە بزانین چۆن دەتوانین یاسای هەرێمەکان جێبەجێبکەین

*** ئـەو هەژدە مانگەی کە بۆ دەسـتکردن بـە جێبەجێکردنی یاسـای پێکهێنانی هەرێمـەکان دیاریکرابـوو خەریکە کۆتایی دێـت، ئایاپێتوایە هەل و مەرجەکە گونجـاوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە؟**

- من پێموایە ئێسـتا پشـێوییەك هەیە لەو ڕووەوە بە هۆی ئەو ڕووداوانەی لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕوویاندا، کە ڕوون نییە ئایا ئەو کارەسات و ڕووداوە ناخۆشانە دەرئەنجامی نائومێدبوونی سیاسـین، یاخود چڕکردنەوەی هەوڵەکانن بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسـایە. من تەواو دڵنیانیم لـەو ڕووەوە، لەبەر ئەوەی پێش ئەو ڕووداوانە ئاماژە بە بەدەسـتهێنانی بەرەوپێشچوون و ئاشتەوایی نیشـتمانی دەکرا، بەڵام دوای ئەو ڕووداوانە هەلومەرجەکە ڕوون نییە. لەبەر ئەوە ئێستا زۆر زۆر زەحمەتە ئەوە دەستنیشان بکەین کە چۆن دەتوانین ئەو یاسایە جێبەجێبکەین. ئەوانەی لە ڕاستییەکانی شەڕ و ناکۆکییە سیاسییەکان تێدەگەن درك بەوە دەکەن کە بۆچی هەندێك لە هێزەکان لە گـەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆتایی ئەو یاسـایەدا هەڵسان بە هەڵگیرساندنی بارودۆخەکە و پەنایان بردە بەر توندوتیژی و بەرەنگاری بەرەوپێشچوون و ئاشتی و سەقامگیری بوونـەوە، لەبەر ئـەوەی خوازیاری نەك تەنیا دواخسـتن بەڵکو خوازیاری لە ناوبردنی دەرفەتەکانی بەرەوپێشـچوون و پیشکەوتن بوون. هەر بۆیە ئێسـتا مەسەلەکە لە نێوان ئەو هێزانەدا ماوە کە دەیانەوێت بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنن و ئەوانەی لە نائومێدیدا دەیانەوێت ڕێگری لەو پەرەسەندنە بگرن.

●●●

**حاڵی حازر کێشەکە ئەوەیە کە حکومەتێکی بەهێز لە ئارادا نییە کە بتوانێت خزمەتی بەرژەوەندی عێراقییەکان بکات، کاتێک دەڵێم بەهێز مەبەستم ئەوە نییە کە حکومەتێکی سەرکوتکار لە ئارادا بێت، بەڵکو حکومەتێک بتوانێت ڕووبەڕووی تاوانکاران و یاخیبوان ببێتەوە، کێشەکە ئەوەیە کە عێراق لە گەڵ خۆیدا لە شەڕدایە. ڕەنگە دابەشبوون ڕێگاچارەیەک بێت بۆ خولْقاندنی چەند دەوڵەتێکی بەهێز کە دواتر بتوانن یەک بگرنەوە**

●●●

●●●

**ئێستا زۆر زۆر زەحمەتە بزانین چۆن دەتوانین یاسای هەرێمەکان جێبەجێبکەین**

●●●

پرۆفیسۆر رۆبەرت لۆ پسپۆرو تایبەتمەند لەسەر کێشەی کورد لە ئامۆژگای پاشایەتی چاتام هاوس بۆ گوڵان:

# ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گۆشەنیگای بەریتانیاوە خاوەنی پێگەو شکۆی خۆیەتی، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە



■ پرۆفیسۆر رۆبەرت لۆ، کە پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کوردو عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای پاشایەتی چاتام هاوس لە لەندەن ئێستا لەسەر سێ پرۆژە کار دەکات کە دوانیان لەسەر کێشەی کوردەو ئەو پرۆژانەش بریتین لە:
١- پێداویستی سیاسەتی کوردی.
٢- بەرەوپێشەوەچوونی سیاسەتی کورد لە سوریا.
بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی کوردستان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەگشتی و لە هاوکێشەی سیاسی عێراقدا بەتایبەتی گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر رۆبەرت لۆ کردو بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو. ■

**کێشەی سەرەکی ئێستای عێراق ئەو لێکترازان و کەلێنەیە لەنێو خودی شیعەکان خۆیاندا دروست بووە**

***چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینیت و چۆن هەلومەرجی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت؟**

لە راستیدا، من پێم وایە کێشەی سەرەکی ئەم ساتەوەختەی ئێستای عێراق ئەو گرژی و ئاڵۆزییانە کە لە شاری بەسرەدا هەیە، واتە ئەو لێکترازان و کەلێنەی لەنێو خودی شیعەکان خۆیاندا دروست بووە، هەروەها لە روانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئەو دابەشبوونانە جدین و جێی مەترسیین. ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت من پێم وایە ئەوان زیاتر لەوە نیگەرانن کە ئەم رووداوانە پتر بارودۆخەکەیان سەختترکردبێت بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی بەغدا، لەبەر ئەوەی شیعەکان لێکترازاون ئەوەش ئەوەندەی دیکە ئەو رێککەوتنە قورستر دەکات لەگەڵ بەغدا و من پێم وایە رەنگدانەوەی سلبی دەبێت لەسەر وڵاتەکە.

**سەرکردە کوردەکان هەڵوێستێکی روون و ئاشکرایان لە ناو حکومەتی بەغدا هەیە کاریگەریشیان لەسەر ئاراستەکردنی ئایندەی عێراق هەیە**

*** لەم بارودۆخە پڕ لە گرژی و ئاڵۆزییەدا چۆن کورد دەتوانێت خۆی بپارێزێت و بەرگری لە خۆی بکات؟**

من پێم وایە سەرکردە کوردەکان رۆڵێکی روون و بەهێز دەبینن، سەرەڕای ئاڵۆزییە سیاسییەکانی بەغدا و سەرەڕای ئەو جیاوازی و دابەشبوونانەی پێشتر لە نێوان دوو پارتە سەرەکییەی کوردا هەبوو، بەڵام ئێستا رۆڵێکی کارا و کاریگەر دەبینن و هەڵوێستێکی روون و بەردەوامیان هەیە لە ناو حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئاراستەکردنی ئایندەی عێراقدا.

**پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا باشترە**

***ئێمە هەمیشە دەمانەوێت خۆمان لە هەڕەشەکانی تورکیا لابدەین، پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیادا بەهێزبکەین و پەیوەندییەکانمان ئاسایی بکەینەوە لەگەڵیدا؟**

- من پێم وایە پەیوەندیگەلێکی باش هەیە لە نێوان تورکیا و کوردەکاندا خەریکە دروستدەبێتەوە، هەرچەندە لەم دواییانەدا گرژی و ئاڵۆزی هەبوو، بەڵام ئەگەر پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە باشترە لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا. راستە لە رووی سیاسییەوە پەیوەندییەکان سەخت و ئاڵۆزن بەهۆی ئەم داگیرکارییەی ئەم دواییەی تورکیا بۆ باکووری عێراق بە مەبەستی گورزوەشاندنی لە چەکدارانی پەکەکە.

**دابەشبوونی شیعەکان لەناوخۆیاندا رێککەوتنی سیاسی کورد لەگەڵ بەغدا سەختتر دەکات**

***ئەگەر شەڕ و کوشتاری نێوان عێراقییەکان بەردەوام بوو نەیانتوانی چیتر پێکەوە بژین، ئەگەر عێراق بەرەو دابەشبوون و پارچە پارچە بوون بچێت، پێویستە کوردەکان چ هەڵوێست و بڕیارێکیان هەبێت لەو رووەوە؟**

- لە راستیدا دابەشبوونی شیعەکان جێی نیگەرانییە بۆ کوردەکان، لەبەر ئەوەی هێنانەدی رێککەوتنی سیاسی سەختتر دەکات لەگەڵ بەغدا، لە لایەکی دیکەوە نیگەرانی ئەوە لە ئارادایە کە ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە کاریگەری هەبێت لەسەر کوردستان، بە تایبەتی ئەگەر بارودۆخەکە زیاتر هەڵکشانی بە خۆوە بینی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا. من پێم وایە کوردەکان دەتوانن لەسەر ئاستی حکومەتی نیشتمانی رۆڵێکی بەهێز ببینن لە پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی رۆڵی حکومەتی عێراق و پەرلەمانی وڵاتەکە، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بەرژەوندییەکانی هەموو عێراقییەکان لەبەرچاوبگرێت، نەك تەنها کوردەکان یاخود شیعەکان، واتە دەبێت سیاسەتمدارە عێراقییەکان بەرژەوەندییەکانی تێکڕای عێراق رەچاوبکەن نەك تەنها گرووپەکەی خۆیان.

**ئەمەریکا بە ئاسانی دەستبەرداری کورد نابێت**

***چۆن لە هاوپەیمانێتی نێوان کوردەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڕوانیت؟ئایا بە تێڕوانینی ئێوە کوردەکان دەتوانن پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەستن لەم بارودۆخەدا؟**

-من پێم وایە هاوپەیمانێتییەکی زۆر گرنگ لە نێوانیاندا هەیە و من لەو باوەڕەدانیم کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئاسانی دەستبەرداری کوردەکان بێت کە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکان. لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا هاوپەیمانێکی گرنگی دیکەشی هەیە لە ناوچەکەدا کە وڵاتی تورکیایە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی ئێران و سوریا نییە ئەوا هێشتنەوە و پاراستنی ئەو هاوپەیمانێتییە گرنگییەکی زۆری هەیە.

**ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی پێگەی خۆیەتی بەگشتی و لە تێڕوانین و گۆشەنیگای بەریتانیاشەوە بەتایبەتی، ئەمەش جێی خوشحاڵییە.**

*** بەشێوەکی گشتی چۆن بارودۆخی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت ؟**

من پێم وایە کوردەکان دەستکەوتی زۆریان بەدەستهێناوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا و پێشکەوتن و گەشەکردنێکی زۆریان هێناوەتەدی و ئێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی پێگەی خۆیەتی و زۆرێك لە خەڵکی ئەو راستییە دەزانن، بەتایبەتی لە تێڕوانین و گۆشەنیگای بەریتانیاوە، ئەمەش جێی خوشحاڵییە.



**دابەشبوونی شیعەکان جێی نیگەرانییە بۆ کوردەکان، لەبەر ئەوەی هێنانەدی رێککەوتنی سیاسی سەختتر دەکات لەگەڵ بەغدا، لە لایەکی دیکەوە نیگەرانی ئەوە لە ئارادایە کە ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە کاریگەری هەبێت لەسەر کوردستان**

**کوردەکان دەتوانن لەسەر ئاستی حکومەتی نیشتمانی رۆڵێکی بەهێز ببینن لە پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی رۆڵی حکومەتی عێراق و پەرلەمانی وڵاتەکە**

پرۆفیسۆر پیتەر فیەڤەر راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە پۆستی کلینتۆن و بۆشدا بۆ گوڵان:

# ئەوەندە تەحەدا رووبەڕووی عێراق بۆتەوە، پێویستی بە دەستێوەردانی ئێران نییە



■ پرۆفیسۆر پیتەر فیەڤەر هەتا مانگی تەموزی ٢٠٠٧ راوێژکاری تایبەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بووە لە کۆشکی سپی بۆ دارشتنی پلانی ستراتیژی و لەسەردەمی پۆستی سەرۆک کلینتۆنیشدا بەڕێوەبەری سیاسەتی بەرگری بووە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بووە.

پرۆفیسۆر فیەڤەر، ماوەی زیاتر لە ١٣ ساڵە لە ناو کۆشکی سپی لەسەر دۆسێی عێراق کار دەکات و زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری دۆسێی عێراقە، هەربۆیە بە پێویستمانزانی بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئەمەریکا دوای تێپەڕبوونی ٥ ساڵ بەسەر ئۆپەراسیۆنی عێراقدا پەیوەندی پێوە بکەین و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■

## گواستنەوەی شەڕەکانی بەسرو بەغدا لە کەناڵەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتییەوە پتر لە بەرژەوەندی رەوتی سەدر بوو نەک حکومەتی مالیکی

***تۆ وەك پسپۆرێك و نزیك لە رووداوەکان دوای ٥ ساڵ بەسەر پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟**

- من پێم وایە ئەمە ساتەوەختێکی زۆر گرنگە بۆ حکومەتی عێراق، ئایا حکومەتی عێراق بە گرۆتینێکی بەهێزترەوە لەم تەحەدایە دەردەچێت، مەبەستم لە رووداوەکانی بەسرە و شاری سەدرە، یاخود بە پێچەوانەوە ئەم رووداوانە دەبنە هۆی لاوازکردنی. من پێم وایە گواستنەوەی ئەو رووداوانە لە کەناڵەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتییەوە پتر لە بەرژەوەندی رەوتی سەدر بوو لە زیانی حکومەتی مالیکی بوو. بەڵام ئەو گواستنەوانە لەسەر بنچینەی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە نەبوو کە بۆ ئەو رووداوانەی روویاندا و بۆ هەڵوێستی لایەنە جیاوازەکان. لەبەر ئەوە ئەمە ساتەوەختێکی گرنگە بۆ حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی بکات.

***حاڵی حازر شەڕی نێوان باڵی سەدرو حکومەتی مالیکی،کە مەبەستمان شەڕی نێوان خودی شیعەکان خۆیانە لە ئاگربەستێکی لەرزۆکدا بەرجەستە بووە، ئایا دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە چین لەسەر بارودۆخی عێراق؟**

-من پێموایە ئەوەی لە مەترسیدایە بریتییە لە توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق بۆ ئەوەی وەك هێزی باڵادەست بمێننەوە لە دابینکردنی ئاسایش و ئارامییەوە، کە ئەوەش مەرجێکی سەرەکییە بۆ هێنانەدی عێراقێکی سەقامگیر و دیموکرات کە بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت بۆ جێگیرکردنی ئاسایش لە وڵاتەکەدا بێ ئەوەی پشت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببەستێت. ئەوەش لە شەو و رۆژێکدا نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە کات هەیە لەبەر ئەو سەختی و ئاستەنگانەی هەلومەرجی شەڕ و

توندوتیژی لە وڵاتەکەدا دروستیان کردووە. من ئەوە دەزانم کە لە ساڵی رابردوودا چەند بەرەوپێشچوونێك بەدی هات، بەڵام رووداوەکانی شاری بەسرە تاقیکردنەوەیەکی جدین بۆ مالیکی کە ماوەی دوو ساڵە لە پۆستەکەیدایە. لەبەر ئەوە گرنگە لەم تاقیکردنەوەیە بە هێزێکی زیاترەوە دەربچێت و هێزە ئەمنییەکانی عێراق بتوانن ئاسایشی وڵاتەکە بپارێزن و هەموو لایەنە عێراقییەکان پابەندبن بە رۆڵی یاساوە ئەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و پێچەوانەکەشی راستە.

## عێراق ئەوەندە سەختی و تەحەدای رووبەڕوو بۆتەوە پێویستی بەدەستێوەردانی دەوڵەتێکی وەک ئێران نییە

***ئایا ئێران هیچ رۆڵێکی لەم شەڕەدا هەیە ؟**

-ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگ و زۆر سەختە. من پێم وایە ئێران دەیتوانی رۆڵێکی بەرپرسیارانەتر ببینێت لەو رۆڵەی کە پێشتر بینیویەتی، لەبەر ئەوەی ئێران لە رووی مێژووییەوە هەوڵی دەستێوەردانی داوە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا لە رێی دروستکردنی جیاوازی و کەرتبوون لە ناو عێراقییەکاندا. هەندێ بەڵگەش لە ئارادان کە ئێران لەم رووداوانەی دواییدا هەمان رۆڵی بینیووە، بەڵام تا چەند ئەو دەستێوەردانانە بەشێوەیەکی چڕکراون من نازانم، من تەنها ئەوە دەڵێم کە عێراق ئەوەندە سەختی و تەحەدای هەیە کە پێویستی بەدەستێوەردانی دەوڵەتێکی وەك ئێران نییە.

## عێراق ناتوانێت تەواوی تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ ئەگەر گەندەڵی و کارە تێکدەرەکان لە ناو نەبات.

***ئایا پێت وانیە ئەو روداوانە پەیوەست بن بە دزین و قاچاغ بردنی نەوت و شەری دەسەڵاتەوە؟ هەروەها کێشەیەکی دیکە لە عێراقدا کە کێشەی گەندەڵییە لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا، ئێستا لە پاڵ کێشەی گەندەڵی و بە قاچاغبردنی نەوتی وڵاتەکە، شەڕیش لەو ناوچەیەدا هەڵگیرسا، ئایا ئەمانە چ رەنگدانەوەکیان دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق؟**

-کاتێك باسم لە ئاستەنگەکانی بەردەم چەسپاندنی رۆڵی یاسا دەکرد تەنها مەبەستم لە بوونی گرووپە چەکدارییەکان نەبوو، بەڵکو مەبەستم لە بوونی گەندەڵی و چالاکییەکانی بازاڕی رەشیش بوو کە دەبنە هۆی لاوازکردنی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و بەهێزکردنی چالاکییە تاوانکارییەکان. لەبەر ئەوە ئەو شەڕ و گەندەڵییەی لە بەسرە هەیە بەشێکن لەو تەحەدایانەی کە رووبەڕووی حکومەتی عێراق دەبنەوە. هەربۆیە گرنگە حکومەت هەڵبستێت بە کۆنترۆڵکردنی ئابووری و گەڕاندنەوەی کارە شەرعییەکان. لەبەر ئەوەی عێراق ناتوانێت تەواوی تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ ئەگەر گەندەڵی و چالاکییە تاوانکارییەکان لە ناو نەبات.

## هەڵەیە ئەگەر یاسای هەرێمەکان دوابخەین

## بە بیانووی ئەوەی بارودۆخەکە لە بار نییە

*** وا بڕیارە لە ٩ی مانگی نیساندا یاسای هەرێمەکان پەسەند بکرێت بۆ دامەزراندنی چەند هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، ئایا پێت وایە هەلومەرجەکە لەبارە بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە؟**

*هەمیشە ئومێدی ئەوە لە ئارادایە کە هەلومەرجی گونجاو و باشتر لە ئارادابێت، بەڵام من پێم وایە هەڵەیە ئەگەر هەموو شتەکان دوابخەین بە بیانووی ئەوەی بارودۆخەکە لە بار نییە و بڵێین دەبێت هەموو ئاڵۆزی و گرژییەکان بڕەوێنەوە بۆ ئەوەی بەرەوپێشەوەبچین، لەبەر ئەوەی رەنگە ئەو بارودۆخە گونجاوە هەر نەیەتەدی.

***بەڵام جیاوازی و ناکۆکی هەیە لە نێو پارتە شیعەکاندا لەسەر چۆنییەتی پێکهێنانی هەرێمەکان، بۆ نموونە حزبی فەزیلە خوازیارە هەر پارێزگایەك بە تەنها هەرێمێك پێکبهێنێت، لە کاتێکدا هاوبەندی شیعە لە هەوڵی ئەوەدان هەرێمێك لە نۆ پارێزگاکەی باکوور دروست بکەن، لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- من پێم وایە دەبێت عێراقییەکان کێشەکانی خۆیان بە شێوەیەك چارەسەربکەن کە یەکێتی وڵاتەکە بپارێزن و حکومەتی عێراق ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانێت لەم ناوچە پڕ لە مەترسیەدا بەرگری لە خۆی بکات و خۆی بپارێزێت. لەبەر ئەوەی عێراقێکی بەهێز باشتر دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو عێراقییەکان بکات. واتە حکومەتێکی فرەیی کە رێز لە جیاوازییەکان بگرێت و بەهێز بێت کە ئەوەش خزمەت بە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی عێراق. ئەوەی پەیوەندی بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو وڵاتەوە هەیە ئایا بەهۆی پێکهێنانی هەرێمەکان لەسەر ئاستی یەك پارێزگا یاخود لەسەر ئاستی چەند پارێزگایەك ئەوە مەسەلەیەکە بۆ خودی عێراقییەکان دەگەڕێتەوە.

## بەغدا ناسنامەی نیشتمانی عێراقە دەبێت بۆ هەمووان بێت

***چۆن لە ئایندەی شاری بەغدا و ناوچە سوننەنشینەکان دەڕوانیت؟**

- ئەوەی پەیوەستە بە شاری بەغداوە، من پێم وایە ئەو شارە گرنگییەگی بنەڕەتی هەیە بۆ ناسنامەی نیشتمانی وڵاتەکە. هەروەها سوننەکانیش بەشێکی بنچینەین لە ناسنامەی نیشتمانی وڵاتەکە. من پێم وایە دەکرێت ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بهێنرێتەدی بە چەشنێك کە رێز لە کەلتوورە مەحەلییەکان بگرێت، بەڵام پێم وایە بەشداریکردنی هەموو عێراقییەکان خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەك دەکات کە تیایدا هەموو عێراقییەکان هەست بکەن کە بەرژەوەندییان هەیە لە پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندی بەهێزدا.

●●●

**گواستنەوەی شەڕەکانی بەسرو بەغدا لە کەناڵەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتییەوە پتر لە بەرژەوەندی رەوتی سەدر بوو نەک حکومەتی مالیکی**

●●●

●●●

**ئێران لە رووی مێژووییەوە هەوڵی دەستێوەردانی داوە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا لە رێی دروستکردنی جیاوازی و کەرتبوون لە ناو عێراقییەکاندا. هەندێ بەڵگەش لە ئارادان کە ئێران لەم رووداوانەی دواییدا هەمان رۆڵی بینیووە**

●●●

●●●

**بەغدا گرنگییەگی بنەڕەتی هەیە بۆ ناسنامەی نیشتمانی وڵاتەکە. پێم وایە دەکرێت ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بهێنرێتەدی بە چەشنێك کە رێز لە کەلتووره مەحەلییەکان بگرێت**

●●●

ئۆسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی گەورەی دیاربەکر و سەرۆکی یەکێتی شارەوانییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (GABB) بۆ گوڵان:

# میلیتاریزم و ناسیۆنالیزم بۆ تورکیا بووە هۆی لەدەستدانی سەدەیەک





ئەمڕۆ تورکیا بەکێشەی کوردەوە گیرۆدە بووە، پرسی کورد لەتورکیا لەمنداڵێك دەچێ لەسکی دایکیدا کە دوو مانگەکە تێپەڕیبێت لەدایك نەبوویێت. تا ئەو منداڵەش لەدایك نەبێت، ئەو ژنە ناتوانێ درێژە بەژیانی بدات و ئۆقرە ناگرێت، بەڵکو لەوانەیە بمرێت. بەو مانایەی ئەمڕۆ لەنێو تورکیادا هێزگەلێك هەن کە تێڕوانینیان بۆ پرسی کورد بەو ئاقارەیە کە ئەم کێشەیە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، بۆیەش تورکیا ئێستا ژانی لەدایکبوونێکی نوێی گرتووە. لەکاتێکدا کورد خۆی جەخت لەسەر چارەسەری دەکاتەوە. ئەمڕۆش شێوازی خەبات و کارکردنی کوردەکانی تورکیا باشترە لەشێوازی کارکردنی ١٠ ساڵ لەوەوبەر. هەر کاتێك سەردانی دیاربەکر بکەیت زۆر بەزەقی ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنەکان بەدی دەکەیت، لەوێ کتێب و ڕۆژنامەی کوردی دەفرۆشێ، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کوردی پەخشی خۆیان دەکەن و لەسەر جادەکان گوێبیستی گۆرانی و مۆزیکی کوردی دەبین و وێنەی شڤان پەروەر لەسەر جامخانەکان دەبینیت کە بەخۆیی و تمبوورەکەی هاوار دەکات. بەواژەیەکی دیکە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری بچووك هەن کە دەکرێ بڵێین چەند هێما و تیشکێکی گەشن بۆ گۆڕانکاری لەتورکیا. ئەمەناش دەوڵەتی تورك بەدیاری نەیداوە بەخەڵك ئەوەندەی خەڵك لەخەبات و شێلگیری و پێداگرتنی خۆیانەوە بەدەستیانهێناوە. لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك هێز هەن ئەو گۆڕانکاریانەیان بەلاوە باشە بۆئەوەی بەشێوەیەك لەشێوەکان کێشەی کورد لەتورکیا چارەسەر بکرێت. بۆیە دەکرێ بڵێین، مێژووی تورکیا و گۆڕانی سیاسیی و کولتووری لەو وڵاتە دەرگاکانی دانەخراوە.

پەیوەست بەم مژارە گرنگە و ناکۆکییەکانی ناوخۆییەکانی نێو تورکیا و ململانێی نێوان میلیتاریست و ئیسلامییەکان و داهاتووی تورکیا و هەرێمی کوردستان گوڵان لەدیدارێکی تایبەتدا ڕووی دەمی پرسیاری ئاراستەی بەڕێز ئۆسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی گەورەی دیاربەکر و سەرۆکی یەکێتی شارەوانییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (GABB) کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



**سیاسەتی AKP هێندەی میسقالە زەرەیەک لەگەڵ حکوومەتەکانی پێشوو جیاوازی نەبووە**

*** ئەمساڵ خەڵکی ئامەد زۆر بەگەرموگوڕی و لەنێو جۆشێکی گەورەدا پێشوازی لەجەژنی نەتەوەیی خۆی «نەورۆز» کرد، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە تورکیا پێی ناوەتە پێڤاژۆیەکی سیاسیی تازەوە، بەتایبەتی لەدوای شکستهێنانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق.. ئایا لەپێڤاژۆیەکی لەم چەشنەدا نەورۆز هەڵگری چ مانا و دەلالەتێکە؟**

- لەمێژووی هەموو کوردان دا نەورۆز هەڵگری مانایەکی تایبەتییە. دەتوانم بڵێم لەمنداڵیمەوە تائێستا نەورۆز وەکو پشتگیری و سیمبۆلی نوێبوونەوە و ژیانەوە و ئازادیی گەلی کورد پێکەوە دەناسرێ. لەمێژووی کۆماری تورکیادا لەساڵی ١٩٢٠ ەوە تاکو ٥ ساڵ لەوەوبەر نەورۆز لەهەرێمەکەی ئێمە قەدەخەکرابوو، ڕێ نەدەدرا کە خەڵك بەدڵی خۆی جەژنی نەورۆز پیرۆز بکات. بەڵام بەهۆی شێلگێڕیی و بەرخودانی گەلەکەمان و گۆڕانی هەلومەرجی ناوچەکە و جیهان ماوەی ١٠ ساڵ دەبێت نەورۆز لەهەرێمەکەمان بەشێوەیەکی فەرمی و بەمیتینگ و خۆپیشاندانی قەرەباڵغ سازدەکرێت. وەکو ئێوەش هێماتان بۆ کرد ئەو ڕەوشەی ئێستا کورد ناویان ناوە بۆ بنیاتنانی دیموکراسییەت لەتورکیاش گرنگە. ئەوکاتەی مرۆڤ دەڵێت نەورۆز بەڕاستی کێشەی کورد بە بیری مرۆڤدا دێتەوە. تەنیا لەنێو کورداندا نا بەڵکو لەهەر چوار لای تورکیاوە ئەوکاتەی دەڵێن نەورۆز کێشەی کورد بەزەینی مرۆڤدا دێت. کە بەدڵگەرمی و جۆش و خرۆشێکی گەورە و بەشێوازێکی ئاشتیانە نەورۆز پیرۆز دەکرێت، ئەمەش وەك دەرگایەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێبازی ئاشتیانە. ئێمە ئەو هەقیقەتە دەزانین بۆیە گرنگی بەنەورۆز دەدەین. لەڕاستیدا بۆ نەورۆزی ئەمساڵ کار و خەباتێکی گەورەمان بەڕێوەبرد، لەماوەی ٧- ٨ مانگی ڕابردوودا شارەوانی گەورەی ئێمە بەهەماهەنگی لەگەڵ شارەوانی باغلەر خەریکی ئامادەسازیی جەژنی نەورۆز بووین. گۆڕەپانی نەورۆزمان گۆڕی، ئێستا بەگوێرەی ئەو بەرنامە و پلانەی بەڕێوەی دەبەین

لەسەر ١٥٠,٠٠٠ مەتر دووجا گۆڕەپانێکی نوێمان بۆ گۆڕەپانی جەژنی نەورۆز ئامادەکردووە، ئەو گۆڕەپانە بەتایبەت بۆ میتینگی جەماوەری، کۆنسێرت و نەورۆز دروستکراوە و دەبێە گۆڕەپانی شار، کە لەسەر بناخەیەکی زۆر بەهێز دامەزراوە. ئەمە جاری یەکەمە ئێمە نەورۆز لەو گۆڕەپانەدا پیرۆز بکەین. هەروەك بینیمان بەسەدان هەزار کەس بەشداری میتینگ و کەرنەڤاڵی نەورۆز بوون و نەورۆز وەکو ڕیفراندۆمێك بەکارهێنرا، کە گەل دەستی ئاشتی و برایەتی تێدا درێژکرد. هەروەك چۆن گەلی کورد خاوەنداری لەزمان و ناسنامە و کولتووری خۆی کرد، بەهەمان شێوە گەلی کورد خاوەنداری لەخواستە ڕەواکانی دەکات و پێداگری لەسەر ئاشتی دەکات.

*** چ جیاوازییەك لەنێوان میتینگی نەورۆزی ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردوو بەدیدەکەیت؟**

- بەڕاستی دەتوانم بڵێم نەورۆز هەموو ساڵێك خاوەن مانایەکی تایبەت و زۆر گرنگە. بەڵام ئەمساڵ بەهۆی نزیکبوونەوەی نەورۆز لەئۆپەراسیۆنەکان ناوچەکە بە ساتەوەختێکی گەلێ گەرم و هەستیاردا تێدەپەڕێ. لەبەرئەوە هەر کەسێك بێتە نەورۆز وەك ئەوە وایە کە تەکانێکی پشتیوانی بداتە ئاشتی. بۆیە نەورۆز دەبێت بەمشێوەیە هەڵبسەنگێنرێت و بەمشێوە خەڵك خاوەنداری لێبکات. ئەگەر نەورۆزی ساڵانی ڕابردوو سەد هەزاری بووایە، ئەوا میتنیگی نەورۆزی ئەمساڵ ملیۆن کەسی بوو، جەماوەر بە هەیەجانێکی تازە و لەپێڤاژۆیەکی تازە نزیکی نەورۆز بووەوە. بۆیە لەو باوەڕەدام بەم چەشنە لەئامەد تەماشای نەوۆز کرا.

*** لەڕەشنووسی دەستووری نوێی تورکیادا کە پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) ئامادەی کردووە، هەر چوار خاڵە سەرەکییەکەی سەرەتایی «یەك ئاڵا، یەك نەتەوە، یەك زمان، یەك خاك» هێشتا لەسەر قاچەکانی خۆیدا وەستاوە، بەو مانایەی دەستووری بنچینەیی داهاتووی تورکیادا دووبارە ڕۆح دەداتەوە بەر ئایدۆلۆژیای کەمالیزم لەکۆماری تورکیای عەلمانیدا و هیچ تیشکێکی ئەوتۆ گەشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد تیا بەدی ناکرێت. ئێوە چۆن لەم مژارە دەڕوانن؟**

- ئەوکاتەی مرۆڤ لەکێشەی کورد دەڕوانێت، وەك کێشەیەکی نەتەوەیی و کولتووریی و ئینکارکردنی زمان و ناسنامەیە، خۆی لەخۆیدا ئەگەر ئەو بەهایانە نکۆڵیان لێ نەکرابووایە کە گەلی کورد بەزمانی خۆی، کولتوور و هونەری خۆی دانی پێدانرابووایە، ئەوکات ئەم کێشەیەش ئەوەندە گەورە نەدەبوو و نەدەکەوتە نێو ڕۆژەڤی سیاسیی تورکیاوە. ئێمە ئەو جۆرە زهنییەتە بەهۆی هەبوونی کێشەی کوردەوە هەڵدەسەنگێنین. بۆ ئەمەش دەبێت ئەو زهنیەتەی کە خۆی بەخاوەنی هەموو شتێکی دەوڵەت دەزانێ بگۆڕدرێت. هەتاکو ئەو لۆژیك و ئەقڵیەتە گۆڕانی بەسەردا نەیێت ئەوا وتوێژ و مشتومڕەکان بەردەوام دەبن. بەڕاستی کاتێك مرۆڤ تەماشای دەستووری بنچینەیی تورکیا دەکات، بۆی دەردەکەوێت کە کێشەی کورد کێشەی دەستووری بنچینەییە. لەبەرئەوەی دەستووری بنچینەیی نە کوردان دەناسێت، نە ئیعتراف بەزمان و کولتووری کوردان و تەنانەت زمان و شوناس و ترادسیۆنی هیچ نەتەوەیەکی دیکە لەتورکیا ناکات. ئێستا لەشارەکەی ئێمە کاتێك کاری کولتووری بەڕێوە دەبەین ئێمە دەمانەوێ لەتەك زمانی تورکی، زمانی کوردیش بەهەردوو زاراوەی «کورمانجی و زازایی» بەکاریهێنین، بەڵام کاتێك زمانی خۆمان بەکاردەهێنین ڕووبەڕووی گەلێ ئاستەنگ و تەنگوچەڵەمە دەبینەوە.

*** بەتێڕوانینی ئێوە بۆچی فرە زمانی بۆ تورکیا ئەوەندە دژوارە؟**

- لەبەرئەوەی قەبووڵ ناکرێت. ئەوان دەڵێن لەتورکیا یەك زمان هەیە. ئێمەش دەڵێین نەخێر یەك زمان نییە، لەتورکیا گەلێ زمانی دیکە هەیە. یەکێك لەو زمانانەش زمانی کوردییە. زاراوەی کورمانجی و زازایی-یە. سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانی سووری ئێمە لەئامەد بڕیارێکی وەرگرت. گوتیان لەمڕۆ بەدواوە ئێمە پشتگیری لە فرە زمانی دەکەین. بەڵام دواتر سەرۆك و ئەنجومەکەشی لەپۆستەکانیان دوورخرانەوە. ئێستا جێگری پارێزگاری ئامەد سەرۆکایەتی شارەوانی سوور بەڕێوە دەبات. تائێستا لەبەرامبەر منیشدا هەر چەند جارێك کوردیم بەکارهێنابێت لەدادگا دۆسێیەکیان بۆ کردوومەتەوە، لەبەرئەوەی من تەنیا زمانی کوردی بەکاردێنم، هەندێ لەکارە کولتوورییەکان بەزمانی کوردی و یانیش هەندێ جار بۆ پیرۆزبایی جەژنەکان پەیام بەکوردی دەنێرم. تائێستا حاڵی حازر ئەو دۆسێ و لێپرسینەوانەی لەبەرامبەر مندا لەدادگا کراونەتەوە بەتەنیا ئەو دۆسیانەی لەسەر مومارەسەی زمان و کولتووری کوردییە، بەگشتی پێویستە من ١٣٠ ساڵ بخرێمە بەندیخانەوە. بەڵام بەڕاستی ئەم شتە قەبووڵ ناکرێت. هەتاکو ئەو یەك زمانی و یەك میللەتییە نەگۆڕن منیش بەدیدگا و بۆچوونی کوردانەی خۆمەوە زمانی کوردی بەئیسرارەوە بەکاردەهێنم. من لەو بڕوایەدام ئەم ڕەوشە بگۆڕدرێت، مەجبوورن بیگۆڕن. ئەگەر ئاڵوگۆڕێك دروست نەبێت بەڕاستی مانایەك بۆ چارەسەریی نامێنێتەوە.

*** ئایا هیچ تروسکاییەك بۆ هاتنەکایەی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەدیدەکەن؟ ماوەیەك لەوەبەر بەڕێز ئەحمەد تورك سەرۆکی کوتلەی DTP لەپەرلەمانی تورکیا پێشنیاری ڕیالیزەکردنی مۆدێلی ئیتاڵیای بۆ تورکیا کردبوو، ئێوە چ سەرنجێکتان لەسەر ئەو مژارە هەیە؟**

- ئەوکاتەی مرۆڤ تەماشای پاشەڕۆژ دەکات، ئەوا سەیری پێنج ساڵی یەکەم دەکات، بەڕاستیش گۆڕانکاری کراوە، ئەوکاتەی مرۆڤ تەماشای ژیانی خۆیشی دەکات گۆڕانکاری بەدی دەکات وەنەبێت هەست بەگۆڕان نەکرێت. بۆ نموونە، ئێمە پێشتر نەماندەتوانی ناوی منداڵەکانمان بەکوردی دابنێین، ئەوکاتەی کوردان بۆ ناونووسکردنی منداڵەکانیان سەردانی دائیرەی نفووس- یان دەکرد مافی ئەوەیان پێدەدرا ناوی کوردی لەمنداڵەکانیان بنێن، بەڵام ئەمە بەس نابێت، ئێستاش لەم ڕووەوە کێشە ماوە، بەتایبەتی لەسەر بەکارهێنانی پیت و ئەلفوبێی کوردی لاتینی وەك (Q، W، X) کە لەناوە کوردییەکاندا دەنووسرێت. ئەمەی باسم کرد ئاڵوگۆڕێکە، دووەمین شت ئەوەیە پێشتر دەیانگوت کورد لەتورکیا نییە و کورد «تورکی چیایی»ن. بەڵام ئێستا دەڵێن کورد هەیە. بەڵام ئایا لەسەد ساڵی بیست و یەکەمدا ئەو گۆڕانکاریانە بەسن؟ نا، بەخوا بەس نابێت. گۆڕان هەیە، بەڵام بەس نییە. گۆڕانێکی دیکە هەیە بەڵام ئەقڵانی نییە.

●●●
**سەد ساڵی بیست و یەکەمین دەبێتە سەد ساڵی کوردان**
●●●

●●●
**تورکیا خەریکە دەبێتە گۆڕستانی پارتە سیاسییەکان**
●●●

●●●
**لە پاکێتەکەی ئەردۆگان کولەکەی بۆش دەرکەوت**
●●●

ئەوکاتەی لۆژیك و ئەقڵییەتی سیاسیی گۆڕانی بەسەردا بێت ئینجا پێشکەوتن زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی مەرج و داخوازییەکانی کورد بەڕاستی داخوازیی مافەکانی مرۆڤە. لەکۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا ئەو داخوازیانە نابنە گرفت و کێشە. هەموو کەس ئەو مافانە وەکو بەشێکی ژیانەی ڕۆژانەی بەکاردەهێنێت.

دووەم شت، چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، کە بە بۆچوونی من بەندە بەپێشکەوتنی بنەماکانی دیموکراسیی و مافی مرۆڤەوە لەتورکیا. بێگومان ئەمانە دەبنە بنەمایەك بۆ پێشکەوتنی ئابووریش. هەروەك دەبێتە بناخەیەك بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئینسانیش. لەتورکیا قسە لەسەر مۆدێلگەلێکی وەك ئیسپانیا، ئێرلەندا، ئیتاڵیا و بەلژیکا دەکرێت. من پێموایە ناکرێ مرۆڤ مۆدێلێك لەشوێنێك بهێنێت و لەو هەرێمانەی کوردی لێدەژین بەکاری بهێنێت. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا لەهەموو مۆدێلەکان سوودمەند بێت و هزر و خەیاڵی نوێی لێ هەڵهێنجێت و لەنێو ئەو مۆدێلە پێشکەوتووانە مۆدێل و سەنتێزێکی نوێ دروست بکات. بەڕاستی ئەوکاتەی مرۆڤ دەچێتە ئیسپانیا و چاوی بەمۆدێلی هەرێمی باسك و هەرێمی کاتەلۆنا دەکەوێت، پێی دڵخۆش دەبێت، ئایا بۆچی مرۆڤ لێی بەهرەمەند نەبێت. یان ئەوکاتەی مرۆڤ تەماشای مۆدێلی ئیتاڵیا دەکات چۆن لێی سوودمەند نەبێت. بۆ ئەمەش پێویستە تورکیا لەجیهان بڕوانێت. تورکیا دەیەوێ داخیلی نێو یەکێتی ئەورووپا بێت، ئەوکاتەی یەکێك بیەوێ بچێتە یەکێتی ئەورووپا ئەوا دەبێت لەسیستمی ئەورووپاش کەڵك وەربگرێت. بۆیە مرۆڤ ناتوانێت مۆدێلی فلانە وڵات بهێنێت بۆ تورکیای دابنێت. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لەمۆدێلگەلی ئەورووپی و دەڤەرەکانی دیکە سوودمەند بێت و بیروبۆچوونی خۆی لەسەر هەڵبچنێت.

*** ئەو هەرێمە کوردنشینانەی بەڕێزت هێمات بۆ کردن، ئەوکاتەی مرۆڤ لەڕەوشی ژیانی ئەو ناوچانە ورد دەبێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە کێشەی کورد لەتورکیا تەنیا کێشەیەکی کولتووری نییە، بەڵکو لەبنەڕەتەوە ئەو کێشەیە، کێشەیەکی سیاسیی «ئەتنۆجوگرافی»یە. بە واژەیەکی دیکە، کێشەی کورد لەتورکیا بریتییە لەکێشەی «خاك و ناسنامە». لەسیستمی جوگرافی تورکیادا حەوت هەرێم هەیە. ئێستا لەخاکی کوردەکانی تورکیادا نەوت هەیە، کشتوکاڵ هەیە. بەڵام وەکو سەرنج دەدەین ئەو داهات و سامانە سروشتیانە بۆ پێشکەوتنی هەرێمەکە بەکارناهێنرێت، ئەوەندەی لەدژی کوردان بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە، لەهەردوو شاری (باتمان و سەمسوور) نەوت هەیە، بەڵام ئەو داهاتانە هیچی بۆ خزمەتی کوردان نییە، هەمووی لەخزمەتی پڕچەککردن و پارەدارکردنی سوپا بەکاردەهێنرێت. لەم سۆنگەیەوە من دەڵێم ئێوە لەسەر ئەم لۆژیك و بنەماگەیە داوای چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەن باشتر نابێت؟ ئایا ئێوە چۆن لەم هاوکێشەیە دەڕوانن؟**

- من دووبارەی دەکەمەوە، لەتورکیا حەوت هەرێم هەیە، لەبواری فەرمیدا ناوی حەوت هەرێم دەگوترێ. لەوانەش دوو هەرێم بەدی دەکرێت کە کوردی تێدا دەژیت. بۆ ئەمەش مرۆڤ دەتوانێ بڵێت ئەو دوو هەرێمە کە ناوەکانیان شتێکی دیکەیە، مرۆڤ بەئاسوودەیی دەتوانێ بڵێت ناعەدالەتی لەبەرامبەر هەرێمەکان بەدیدەکرێت.

دووەم، ئەگەر نیازەکە نیازی چارەسەرکردن بێت، هەبوونی هەرێمەکە و دەوڵەمەندی هەرێمەکە دەتوانرێ لەخزمەت پێشکەوتنی هەرێمەکە بەکاربهێنرێت. ئەمڕۆ ئەوکاتەی تۆ لەئەورووپا دەڕوانیت، ئەوکاتەی تەماشای ئیسپانیا و ئیتاڵیا دەکەیت بۆئەوەی کە ئەو شار و هەرێمانەی لەبواری پێشکەوتنی ئابووریدا لەیەکتری جیان، تاکە ڕێگا بۆ ئەو چارەسەرییە ئەوەبوو کە داهات و هەبوونی هەرێمەکان بۆ پێشکەوتنی هەرێمەکە بەکاربهێنرێت. ئەگەر ئێستا ئێمە بڵێین نەوت یان سەرچاوە سروشتییەکان لەهەرێمەکە هەیە و هەرێمەکە زۆر دەوڵەمەندە. بەڵام کاتێك تۆ لەبارودۆخی هەرێمەکە ورد دەبیتەوە دەبینیت جێگای هەرە هەژار و زۆر بەلەنگاز لەنێو نەبوونیدا دیسانەوە هەرێمی کوردانە. مرۆڤ چۆن دەتوانێ ئەمە چارەسەر بکات. من دەخوازم وەکو دەوڵەمەندی هەرێمەکە بەزۆری هەیە، کاتێك ئێمە بڵێین هەژاری و برسێتی و نەبوونی چارەسەر بوو، ئەو هەرێمەی کە ئێمە پێی دەڵێین ڕۆژهەڵات کە ڕۆژئاوا داهات و هەبوونی هەرێمەکەی بۆ پێشکەوتنی هەرێمەکەی بەکارهێنا مرۆڤ دەتوانێ لەسەر ئەمە سیستمێك بونیاد بنێت. بەڕاستیش ئەمە دەرخستەیەکی نوێ نییە، بەڵکو ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی دنیا لەسەر ئەم سیستمە دەڕۆن و سەرکەوتن بۆتە دوا ئاکامیان. نموونەی هەرە مۆدێرن کە ئێمە پەنجەی بۆ درێژ بکەین وڵاتانی ئەورووپان وەك ئیتاڵیا، ئیسپانیا و هەرێمەکانی دیکە.

*** لەساڵی ١٩٢٧ دا دیاربەکر لەڕیزبەندی شارە دەوڵەمەند و پێشکەوتووەکان لەسەر ئاستی تورکیادا سێیەم شار بوو، بەڵام ئێستا دیاربەکر زۆر بەرەو پاشەوە هەنگاوی هەڵگرتووە و کەوتۆتە ڕیزی (٦٣)یەمین شاری نێو تورکیا. ماوەی چەند ساڵێکە جڵەوی ئیداری دیاربەکر لەدەستی ئێوەدایە، ئایا لەم بوارەدا ئێوە تا چ ڕادەیەك دەتوانن دەسەڵاتداریێتی AKP تاوانبار بکەن، کە بەردەوام ئەمەی کردۆتە بیانوویەك بۆ ئەوەی وەك کێشەیەکی ئابووری و دەروونی لەپرسی کورد بڕوانێت؟**

- ئەو شتە بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕادەگەیەنم. هەموو ئەو هەرێمانەی کە کوردی تێدا دەژیت، وەك دەزانرێ هەرێمی هەژار نین. بەڵکو بەناوەرۆکی خۆیانەوە هەرێمی هەرە دەوڵەمەندی تورکیان. بەڵام لەدەسپێکەوە تائەمڕۆ، ئەوکاتەی بەرنامە و پلانڕێژی ئابووری بونیاتنرا لەسەر هەژارکردنی ئەو هەرێمانە دامەزراون و بەکارهێنراون. من ئەوە ٤ ساڵە ڕۆژانە ئەو قسەیە دووبارە دەکەمەوە. کە چۆن شارێك ٨٠ ساڵ لەوەوبەر سێیەم شار بێت و ئەمڕۆ ببێتە شاری ٦٣ یەمین لەبواری پێشکەوتنی ئابووریدا؟! شارێك لەبواری کرێکاری و پیشەسازیدا سێیەم شار بێت، کەچی ئەمڕۆ تۆ تەماشا دەکەیت لەنێو هەر ١٠٠ کەسێکدا ٦٠ کەسی بێکارە و هیچ داهاتێکی نییە. ئەمە سیاسەتێکی ئابوورییە کە پێویستە پێش هەموو شتێك ببینرێت. پاش ئەوەی کە بینرا، پێویستە بگۆڕدرێت. سیاسەتی AKP هێندەی میسقالە زەڕەیەك لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتەکانی پێشوو جیاوازی نییە. حکوومەتەکانی دیکە لەبواری ئابووریدا بە چ گۆشەنیگایەك تەماشای هەرێمەکەی ئێمەیان کردبێت AKP ەش بەهەمان شێوە

●●●

**ئەو پارەیەی لەو هەرێمەوە دەردەچێت نابێتە کارگە، بەڵکو ئەو پارەیە بۆ کاری بەرگری دەچێت. دەبێتە بارەگای سەربازەکان و گوللە و چەک. هەروەک بۆ مووچەی پۆلیس و هێزەکانی بەرگری دەچێت، بەمانەش دەڵێن وەبەرهێنان**

●●●

●●●

**AKP بەسیاسەتەکانی نیشانیدا کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد هیچ پرۆژەیەکی نوێی لەبەردەستدا نییە. ئەو سیاسەتەی هەیە بەڕێککەوتن لەگەڵ سوپا بەڕێوەدەچێ. کێشەی کورد تەنیا لەچوارچێوەی ئاسایش و ئابووریدا دەبینێت**

●●●

تەماشـــای کردووە. تەنیا یەك جیاوازی AKP هەیە. AKP برنج و کۆمر و پەتاتە و فۆرمی خۆراك و نەخۆشخانە لەهەرێمەکە بڵاو دەکاتەوە، ئەو کاروبارنەی کە دەزگاکانی وەقف و فۆنداسیۆن و ڕێکخـــراوە خێرخوازییەکان دەیکەن، ئەوان ئەمڕۆ ئەو کارانەیان کردۆتـــە کاری دەوڵەت. دەیانەوێ بە چەند کیلۆ شـــەکر و برنج و ماکەڕۆنییـــەك خەڵك فریو بدەن. بەمشـــێوەیە هەرێمەکە پێش ناکەوێت، بەم سیاسەتە هەرێمەکە پێش ناکەوێت.

کاتێك لەســـاڵی ٢٠٠٢ دا AKP بووە دەسەڵاتدار، لەنێوان ســـاڵانی ٢٠٠٢- ٢٠٠٧ تەماشـــا دەکەیـــن لەنێـــو ئەو حەوت ســـاڵەدا هەرێمەکە پتر بەرەو دواوە چـــووە. من نموونەیەکتان بۆ دەهێنەوە، یاسایەکیان دەرخست بۆ پێشکەوتنی هەرێمەکە. کاتێك جیاوازییەك لەڕەوشی هەرێمی دەریای ڕەش و هەرێمەکەی ئێمە بکەین، لەهەموو بەرنامەکانی پشـــتگیری و تەشویق دا ٩,٢٪ بەشـــیان وەرگرتووە. لەســـاڵی ٢٠٠٢ ئەوکاتەی ئێمە تەماشای هەرێمـــی دەریای ڕەش دەکەین ٩,٣٪ بەشـــی وەرگرتووە. ئەمە لەڕیزبەنـــد و ئاماری ٢٠٠٢ دایە. لـــە ٢٠٠٢- ٢٠٠٧ دا ئەو پارەیەی کە هەرێمەکەی ئێمە وەریدەگرێت هەموو ساڵێك کەمتر دەبێتەوە. لەســـاڵی ٢٠٠٧ دا لە ٩,٢٪ بۆ ٤٪ دابەزیوە. هەموو ساڵێك ئەو ڕێژەیە دادەبەزێت. بەڵام ئەوکاتەی تەماشای هەرێمی دەریای ڕەش دەکەین بەڕێژەی ٣٪ زیاتر بووە و ئێســـتا ١٤,٢٪ ە. بۆیە ئەگەر لەسیاسەتی AKP وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەوکاتەی ئەوان لەدەسەڵاتدان هەرێمەکەمان لەجیاتی ئەوەی بەرەو پێشەوە بچێت بەرەو پاشەوە هەنگاوی هەڵگرتووە.

*** ئایا لەنێو ئەو هەموو لاتەریکی و پەراوێزخســـتنەدا، کاتی ئەوە نەهاتووە ئێوە دۆسێی «خاك» هەڵدەنەوە، بۆئەوەی هەرێمە کوردنشـــینەکان لەمەســـەلەی دابەشـــکردنی داهات و سامانە سروشتییەکان سوودمەند ببن و لەداهاتوودا بوژانەوەیەکی ئابووری و سەرمایەگوزاری بەخۆوە ببینن؟**

- بەڕاســـتی ئێمە هەمیشـــە دەنگی خۆمان بەرز کردۆتەوە. من دەتوانم بڵێـــم لەکارەکانی خۆمدا بەڕێژەی زیاتر لە ٣٠٪ کە ئەمە کاری سەرۆك شـــارەوانییەك نییە، ئەمە ڕەوشی ئابووری و شـــارەکەمانە. تائێستا من چەند ڕاپۆرتی فراوانم داوەتە بەڕێز ئـــەردۆگان. ئێمە ڕاپۆرتمان داوەتە عەبدوڵـــڵا گول و هەروەها ڕاپۆرتمان بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دابەشکردووە. هەروەها لەگەڵ ڕێکخستنی ئابووری و ژوورەکانی بازرگانیدا ڕاپۆرتمان بڵاوکردۆتەوە. لەم ڕووەوە ئێمە قەت نەوەســـتاوین بەڵام وەڵامەان نەدراوەتـــەوە. وەڵامی ئەوان تەنیا وەڵامێکـــی زارەکییە و دەڵێن ئێمە خزمەتی هەرێمیەکـــە دەکەین. بەڵام بەداخەوە ئەو پارەیەی لـــەو هەرێمـــەوە دەردەچێت نابێتە کارگە، بەڵکـــو ئەو پارەیە بۆ کاری بەرگـــری دەچێت. دەبێتە بارەگای ســـەربازەکان و گوللە و چەك. هـــەروەك بۆ مووچەی پۆلیـــس و هێزەکانی بەرگری دەچێت. بەمانەش دەڵێن وەبەرهێنان.

*** باشـــە ئێـــوە چۆن قەبـــووڵ دەکەن AKP ئـــەو گەمە ترسناکە لەســـەر ئێوە بەڕێوە ببات، وەك نموونە ئەردۆگان دەڵێت بۆ پێشـــکەوتنی هەرێمی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا پاکێتی تایبەتمان هەیە و ئێمە بەنداو دروســـت دەکەین و ...تد. ئێستاش ئەردۆگان لەهەنگاوێکی نوێدا بەنیازە لە ڕۆژی ٦ ی نیســـان بەنمایشـــێکی سیاســـیی ســـەردانی ئامەد بکات و پاکێتە ١٢ ملیارییەکەی پێشـــکەش بکات. ئایا ئێوە چـــی لەپاکێتەکەی ئەردۆگان دەخوێننەوە؟ داخۆ هەوڵ و کۆششـــی ئێوە لەم بوارەدا چییە؟**

- لەڕاســـتیدا شـــتێکی سەرنجڕاکێشـــە، ئەو سیاسەتەی کە AKP بەڕێـــوەی دەبات بەتەواوی سیاســـەتێکی نەرمە. بەڵام لەهەناو و ناوەڕۆکی خۆیدا دژی کولتوور و هونەر و ناســـنامەی کوردایەتییە. دەیەوێ زۆر لە شتەکان ئاوەژوو بکاتەوە و سیاسەتی خۆی لەســـەر مەزڵوومییەت بەڕێوە دەبـــات. لەنێو خەڵکدا پێش هەڵبژاردنـــی تەمـــوزی ٢٠٠٧ پڕۆپاگەندەیەکی وایان کرد کە ئێمە ببینە دەســـەڵاتدار ئەوا کێشـــەی کورد بەڕێبازی ئاشتیانە چارەسەر دەکەین و لەنێو خەڵکدا کارێکی بەمشێوەیان بەڕێوەدەبرد کە ئەوان شـــان بەشانی کاندیدە ســـەربەخۆکانی DTP دەچنە نێـــو پەرلەمان و ئێمەش کە چووینە پەرلەمان پێکەوە هاوپەیمانی دروست دەکەین، بەمشێوەیە سیاسەتیان دەکرد. بەڵام دوای ئەوەی کە ئێمە بەســـەرکەوتین، ئەوکاتەی کە ئێمە دەچووینە گوندەکان و دەگەڕایـــن خەڵك دەیگوت ئێوە قـــەت مەگەڕێن ئێوە خۆتان ٤ کاندیدتان دەرخســـتووە، ئێمە ئەو چوارەیان دەنێرینە پەرلەمان. بـــەڵام ئێمە دەنگەکانـــی دیکە دەدەینـــە AKP بۆئەوەی ئێوە کێشـــەی کورد پێکەوە لەپەرلەمان چارەسەر بکەن. دوای ئەوەی پێڤاژۆی هەڵبـــژاردن کۆتاییهات و AKP دەنگێکی گەورەی بەدەســـتهێنا، CHP و پارتەکانـــی دیکـــە هیـــچ دەنگێکیان لەهەرێمەکە بەدەســـتنەهێنا. هۆکاری ئەم سەرکەوتنەی AKP ئەوەبـــوو کە گوتی مـــن خۆم بەخاوەنی کێشـــەی کورد دەزانم، گەلی کورد بەهەموو شێوەیەك پشتگیری لەمن کردووە. ڕێگای ڕاســـتی خۆیان نیشاندا و دڵی خۆی نیشاندا، بەڵام ئەو بڕیاری ئۆپەراســـیۆنی وەرگرت و جارێکی دیکە هێرشـــیان کردە ســـەر گەلی کورد. ئێســـتا کاتێك مرۆڤ لەنێـــو خەڵکیدا دەگەڕێت گەلێ کەس دەڵێن خۆزگە دەســـتمان بشکابووایە، ئێمە دەنگمان بە AKP نەدابووایە، ئـــەو دەنگانەی ئێمە داومانە بە AKP بوو بە گوللە و بەســـەر ســـەری ئێمەدا دەهات و لەسەر سەری ڕۆڵـــە و منداڵەکانماندا دەباری. ئەو شـــتە ئاشـــکرا بوو. بەڵام بەڕاســـتی ئەگەر تۆ لەمن بپرسی من پێشـــتریش دەمزانی کە سیاســـەتی AKP چی بوو. ئەگەر تۆ بپرسی چۆنت دەزانی؟ من ئەوە چوار ساڵە ســـەرۆکی شارەوانیمە و AKP ش لەسەر تەختی دەسەڵاتە. چەندان پڕۆژەی پێشکەوتنی شارەکەمان پێداون ئاستەنگیان لەبەردەم ئێمە دروستکردووە، هەم لەکاری کولتووری و هەم لەکاری هونەریـــدا هیچیان نەکردوە و ئێمە کاتێك زمانی کوردیمان بەکارهێنا لەبەرامبەردا لێپرســـینەوەیان لەگەڵ کردین. دۆسێی تایبەتیان لەدادگا بۆ کردینەوە و ویستیان کە ئێمە چیتر لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوام نەبین. لەبەرئەوە ڕێ و ڕێبازی AKP هەر زوو چروك و ئاشکرا بوو، بەڵام لەدوای هەڵبژاردن و لەگەڵ دەسپێکی ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا ئیدی هەموو خەڵك بەماهیەت و هەقیقەتی AKP ئاشنابوون.

*** ئێـــوە پێتانوایە AKP گەورەترین مەترســـییە بۆ کوردان و لەژێر ناوی ئیســـلام دەخوازێ کوردان لەخشـــتەببات. هەروەك پێشتریش ڕاتانگەیاندبوو کە ئەردۆگانیش بەردەوامی دێمیرێل**

●●●

**جیاوازی AKP لەگەڵ پارتەکانی دیکە ئەوەیە ئەوان بەئاشکرا دژایەتی کوردان دەکەن بەڵام AKP بەدزی دەکات. خەڵکی ئێمەش ئێستا پێیان دەڵێن موونافیق و دووڕوو**

●●●

●●●

**ئەو سیاسەتەی کە AKP بەڕێوەی دەبات بەتەواوی سیاسەتێکی نەرمە. بەڵام لەهەناوی خۆیدا دژی کولتوور و هونەر و ناسنامەی کوردایەتییە. دەیەوێ زۆر لە شتەکان ئاوەژوو بکاتەوە و سیاسەتی خۆی لەسەر مەزڵومییەت بەڕێوە دەبات**

●●●

**حاڵی حازر ئەو دۆسێ و لێپرسینەوانەی لەدادگا لەبەرامبەر مندا کراونەتەوە بەتەنیا ئەو دۆسیانەی لەسەر بەکاهێنانی زمان و کولتووری کوردییە، بەگشتی پێویستە من ١٣٠ ساڵ بخرێمە بەندیخانەوە**

**و ئەجەوید و سیاسەتەکانی ئەوانە. ئێستا AKP داوای بەدەستهێنانی قەڵای ئامەد لەژێر ڕکێفی ئێوە دەکات و دەڵێن ئێمە دەتوانین لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان دیاربەکر لە DTP وەربگرینەوە، هەروەك بەنیازیشن لەدژی DTP هاوپەیمانییەك لەگەڵ پارتە ناسیۆنالیستەکانی دیکە پێکبهێنن، ئایا ئێوە سیاسەتی ئێستای AKP چۆن هەڵدەسەنگێنن و کاردانەوەی ئێوە لەبەرامبەر ئەو ڕەوشە چۆن ئاراستەگیر دەبێت؟**

- بەڕاستی من جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان تێڕوانینی AKP و تێڕوانینی هاوپەیمانی لەسەر کوردان نابینم. هەردوولا بەئاشکرا دەڵێن کە کێشەی کورد نییە. بەئاشکرا دەڵێن ئێمە بۆ هەڵبژاردن ئامادەسازی خۆمان دەکەین. AKP بەسیاسەتەکانی نیشانیدا کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد هیچ پرۆژەیەکی نوێی لەبەردەستدا نییە. ئەو سیاسەتەی هەیە بەڕێککەوتن لەگەڵ سوپا بەڕێوەدەچێ. کێشەی کورد تەنیا لەچوارچێوەی ئاسایش و ئابووریدا دەبینێت. هەرچەندە باسی پێشکەوتنی هەرێمەکە دەکات، باسی سیاسەتی ئابووری دەکات، لەم بوارەشدا شتێك ناکات. من بەزمانی ژمارە قسەم کرد. ئەو ژمارانەش نیشاندەدەن تەنانەت بۆ پێشکەوتنی ئابووریش حکوومەتی AKP شتێکی نەکردووە. ئەو ڕەوشەی هەیە گەلێ خراپتر بووە. ئەڵبەتە ئێمە لەگەڵ خەڵکی خۆمان باسی ئەو شتانە دەکەین و خەڵکیش بۆ خۆی ڕاستییەکان دەبینێت، بۆیە ئێستا ماسکی AKP کەوتۆتە خوارەوە.

بەداخەوە، کاتێك ئێمە دەڵێین دوژمنایەتی کوردان یان دوژمنایەتی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکەن. جیاوازی AKP لەگەڵ پارتەکانی دیکە ئەوەیە ئەوان بەئاشکرا دژایەتی کوردان دەکەن بەڵام AKP بەدزی دەکات. خەڵکی ئێمەش ئێستا پێیان دەڵێن مونافیق و دووڕوو.

*** لەدیدی ئێوە چ جیاوازییەك لەنێوان ئێستای ئەردۆگان لەگەڵ دەورانی تانسۆ چیللەر و بولەند ئەجەوید و تورگۆت ئۆزاڵ بەدیدەکرێ؟**

- تەنیا جیاوازییەك هەیە، من بەدوو شت باوەڕمەندم. من بەتەحەدداوە دەڵێم لەماوەی ئەو ٨ ساڵەی کە DTP لەشارەوانییەکانی ئێمەدا خزمەتی گەل دەکات، ئەوان بەدرێژایی ٨٠ ساڵ خزمەتێکی وەهایان نەکردووە. لەو ٨ ساڵەدا من چەند قات زیاتر لەوان خزمەتمان کردووە. وەکو نموونە لەهەوڵەکانماندا بۆ دابینکردنی ئاو، لەو هەلومەرجە دژوارەدا و لەنێو ئەو کەنارگیرخستن و کەبتە قوڵەدا ئێمە زۆر لەوان زیاتر خزمەتمان کردووە. بەدرێژایی مێژووی کۆماری تورکیادا ئەوان تەنیا چەند کیلۆمەترێکیان لەهێڵەکانی ئاو ڕێکخستووە و هێناویانەتە شار و بڵاویانکردۆتەوە. چەند کیلۆمەترێك کەناڵیزاسیۆنی شاریان دروستکردووە. لەماوەی ئەم هەشت ساڵەدا ئێمە چەند کیلۆمەترمان دروستکردووە. وەرن با ئێمە بەراوردیان بکەین. ئێمە قات بە قات لەوان زیاتر خزمەتمان کردووە. ٨ ساڵی ئێمە لە ٨٠ ساڵی ئەوان قات بەقات زیاترە. ئێستا ئاوی زۆر پاك و هەرزان ئێمە لەدیاربەکر بەسەر خەڵکی خۆمان بڵاوی دەکەینەوە. هیچ ماڵێکی ئێمە لەنێو شاردا نییە کە ئاوی بێگەردی بۆ نەچێت. هەموو ماڵەکانی ئێمە خاوەن ئاون و ڕۆژانە ٢٤ کاتژمێر ئاویان بۆ دەچێت، هەموو ماڵەکانی ئێمە خاوەنی کەناڵیزاسیۆن و تۆڕی ئاون. ئەو کەناڵیزاسیۆنەش لەهیچ شوێنێك پیس ناکەن. بەسیستمێك خاوێن دەبێ و جارێکی دیکە دەبێتە ئاوی خاوێن و دەگەڕێتەوە. ئێستا لەئەنقەرە ناتوانن ئاو بڵاو بکەنەوە. بەهەمان شێوە لەئیستانبوڵ ناتوانن ئاو بڵاوبکەنەوە. بەڵام دیاربەکر هەتاکو ١٠٠ ساڵی دیکەش لەو کێشەیە دوورە. ئێمە پلانێکی نوێمان بۆ شار دارشتووە و بۆ پێشکەوتنی شار هەموو شتێکی ئێمە ئامادەیە. ئێستا ئەو جێگایەی ئێمە ئاوی تێدا دەبەین و ئەو جێگایەی ئێمە کەناڵی بۆ دەبەین، واتە ئەو شوێنانەی کە ئێمە پرۆژەی بۆ ڕادەکێشین هێشتا لەو زەویانە خانوو دروست نەکراوە. بەو مانایەی ئێمە بەردەوام لەخەمی بوژانەوەی شاردایین، ئێمە شەو و ڕۆژ بۆ گەشەسەندن کار دەکەین و قەت ناوەستین. خەڵکی ئێمە ئەوەندە هێژایە، بەلای منەوە چەندە خزمەتی بکەیت هێشتا کەمە.

*** دوای نەورۆز وردە وردە ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنی هەرێمی لەئاداری ساڵی ٢٠٠٩ دا دەست پێدەکات، AKP ش هەروەك بەئاشکرا و بەدەنگی بەرز ڕایگەیاندووە کە جڵەوی شارەوانی ئامەد لەئێوە وەربگرێت. ئایا ئێوە هەتا چ ڕادەیەك دەتوانن تەنیا بە سۆزی شۆڕشگێڕی هەستی گەل قازانج بکەن، AKP زۆرجار موفاجەئەی خۆی هەیە و ئێستا بۆ هەڵبژاردنی هەرێمی باشووری ڕۆژهەڵات ١٢ ملیار دۆلاریان تەرخان کردووە، هەروەك سەرۆك وەزیر ئەردۆگانیش بەنیازە لەڕۆژی ٦ی نیسان سەردانی ئامەد بکات بۆ موخاتەبەکردنی خەڵك و نمایشکردنی پاکێتەکانی. ئایا لەبەرامبەردا ئێوە بەتەنیا دەتوانن بە دروشم و سلۆگان و سۆزی شۆڕشگێڕی ڕووت لەبەرامبەر AKP دووبارە هەستی خەڵك ببەنەوە؟**

- نەخێر، بەڕاستی لەکار و خەباتی ئێمە دروشم و گوتار نییە. تێڕوانینی منیش تەنیا لەسەر دروشمان دروست نەبووە. هیچ کاتێکیش لەسەر دروشم و گوتاری شۆڕشگێڕی ڕووت دروست نەبووە. دەبێت سیاسەت لەسەر بنەمای ڕاستی بەڕێوەبچێت. ئەوکاتەی سیاسەت لەدەرەوەی واقیع بەڕێوەبچێت، ئەوا مرۆڤ ڕووبەڕووی هەڵەی زۆر سەخت و دژوار دەبێتەوە و شتەکان بەهەڵە دەخوێنێتەوە و دەبینێت. من دیسانەوە دەڵێم ئەو خزمەتەی ئێمە لەماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا کردوومانە لەخزمەتی ٨٠ ساڵی ئەوان چەند قات زیاتر و گەورەترە. خەڵکیش پەی بەو شتانە دەبات. هەروەها تائێستا ئەو حکوومەتانەی هاتن و چوونە، زۆربەیان بە پاکێتی جۆراوجۆر خۆیان نمایش کردووە، وەك پاکێتی ئابووریی و سیاسیی، بەڵام هیچ پاکێتێکی ئەوان وەك ناوەرۆکی خۆی پڕ و ڕاست نەبووە. پاکێتەکەی ئەردۆگانیش پاکێتێکی بەتاڵ و ڤاڵا بوو. لەپاکێتەکەی ئەردۆگان کودی (کولەکە) دەرکەوت. پاکێتەکەی AKP وەکو کولەکە دەکوڵێنرێت و پێشکەشی خەڵك دەکرێت. کولەکە بەخاوی ناخورێت و تامی نابێت، لەبەرئەوە دەبێ لەگەڵ شتی دیکە تێکەڵ بکرێ و لێبنرێت. ئەو کولەکانە ناخورێن، بۆیە مومکین نییە گەلی کورد پاکێتی AKP قەبووڵ بکات (لێرەدا مەبەستی بایدەمیر ئەو کولەکە گەورانەیە کە تەنها تۆوەکەی تێدا ماوەو هیچ تامێکی نابێت، ئەمەش وەك شتێکی مەجازی گوزارەی لێ کراوە، بۆیە

**لەکار و خەباتی ئێمە دروشم و گوتار نییە. تێڕوانینی منیش تەنیا لەسەر دروشمان دروست نەبووە. هیچ کاتێکیش لەسەر دروشم و گوتاری شۆڕشگێڕی ڕووت دروست نەبووە. دەبێت سیاسەت لەسەر بنەمای ڕاستی بەڕێوەبچێت**

**AKP ناتوانێت خۆی وەکو مەغدوور نیشان بدات. پێویستە مرۆڤ دیموکراسییەت لەدڵەوە و بە پرەنسیب بۆ هەموو کەسێک بخوازێت. مخابن AKP دیموکراسیەت تەنیا بۆ خۆی دەخوازێت، ئەوکاتەی پێویستی پێ هەبێت داوای دەکات. ئەوکاتەی بۆ داخستنی DTP لەدادگا دەستیان بەلێپرسینەوە کرد، دەنگێکی خێر لە AKP دەرنەکەوت**



ناوی لەپاکێتەکەی AKP ناوە: کولەکە) ئەو پرۆژەیەی AKP باسی دەکات، پرۆژەی ساڵی ١٩٧٦ ە. لەساڵی ١٩٧٦ەوە تائێستا هەر حکوومەتێك هاتووە بانگەشەی تەواوکردنی بەنداوی گاپ (GAP) دەکات، تەنیـا بەنـداون و بەنداوەکەش بۆ هەرێمەکە نییە، بەڵکو لەهەرێمی ڕۆژهەڵات دەردەچێ و دەچێتە ڕۆژئاوای تورکیـا. یانی خێری بەنداوەکە لەهێڵی پێشـکەوتنی ئابووریدا بـۆ خەڵکی هەرێمەکە نییە. من ناڵێم هیـچ نییە، بەڵام ئەمە چارەسەریی نییە. بەڕاستیش سیمبۆل و سەرمایەی گەورە هەیە لەسەر بەنداوی (گەرماف). ئێمە سەرمایەی گەورەمان هەیە، بەنداوی گەرماف وا دەکات هاوینەهەواری دێرین و گەشتیاری حەسـەن کێف لەگـەڵ زەوی تەخت ببێ و ئەو سـەرمایانە و مێژووی دە هەزار ساڵەی کوردان ژێر ئاو بکەوێت.

*** ئەمە خاڵێکی گرنگە، هەڵوێسـت و کاردانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئێمـە هەرگیز قەبووڵ ناکەین، لەبەرئـەوەی ئەمڕۆ لانی کـەم ٣ ملیار دۆلار بەبۆنەی پرۆژەی بەنداوی گەرماف خەرج دەکەن. ئەگەر لەماوەی ٥ ساڵدا ٣ ملیار دۆلار تەنیا بۆ هەموو هەرێمەکە و بۆ گەشـتوگوزاری هەرێمەکـە و نوژەنکردنەوە و ڕێستۆراسـیۆن بەکاربهێنێت. هەتا هەتایە دەبێتە کارگەگەلێکی بێ باجە بۆ هەرێمەکە. لەبەرئەوەی گەشتوگوزار وەك کارگەیەکە بۆ پێشـکەوتنی ئابووری شار و خەڵکی دەتوانن لێی سوودمەند بن. من دووبارە جەخت لەسـەر ئەوە دەکەمەوە، لەنێوان ١٠ ساڵی داهاتوودا ئەو پرۆژە گەشـتوگوزارییە سەردەکەوێت. AKP ش وەکو پارتەکانی دیکە لەسـەر ناوەڕۆکی کێشـەکە ڕاناوەستێت، تەنیـا بۆ هەڵبژاردن پرۆپاگەندە دەکا. پرۆپاگەندەی سیاسـیی دەکەن و دەیانەوێ خەڵك لەخشتە ببەن. ئێمەش ناهێڵین کە خەڵك بە لاڕێدا ببەن، ئێمە زۆر بەئاشـکرایی ئامارەکان دەردەخەین کە کامە هەرێم چەند بودجەی وەرگرتووە و شارەکەی ئێمە چەندی بودجە وەرگرتووە، کێ چـی کردووە و کێ چی نەکردووە. ئێمە هەموو ئەو زانیـاری و ناعەدالەتیانە دەخەینە ڕۆژەڤی خەڵك و

**تائێستا ئەو حکوومەتانەی هاتن و چووینە، زۆربەیان بە پاکێتی جۆراوجۆر خۆیان نمایش کردووە، وەک پاکێتی ئابووریی و سیاسیی، بەڵام هیچ پاکێتێکی ئەوان وەک ناوەڕۆکی خۆی پڕ و ڕاست نەبووە. پاکێتەکەی ئەردۆگانیش پاکێتێکی بەتاڵ و ڤاڵا بوو. لە پاکێتەکەی AKP کولەکە دەرکەوت**

**نەوت یان سەرچاوە سروشتییەکان لەهەرێمەکەمان هەیە و زۆر دەوڵەمەندە. بەڵام کاتێک تۆ لەبارودۆخی هەرێمەکە ورد دەبیتەوە دەبینیت جێگای هەرە هەژار و بەلەنگاز لەنێو نەبوونیدا دیسانەوە هەرێمی کوردانە**

**کاتێک مرۆڤ لەنێو خەڵکیدا دەگەڕێت گەلێ کەس دەڵێن خۆزگە دەستمان بشکابووایە، ئێمە دەنگمان بە AKP نەدابووایە، ئەو دەنگانەی ئێمە داومانە بە AKP بوو بە گوللە و بەسەر سەری ئێمەدا دەهات و لەسەر سەری ڕۆڵە و منداڵەکانماندا دەباری**

خەڵکی دەکەین. بۆئەوەی پێش هەموو شتێك خەڵك ئیرادەی خۆی بەکاربهێنێت.

*** لەئاخاوتنەکانی بەڕێزت دەردەکەوێ کە AKP پتر گۆڕانکاری وەك تاکیتك و گەمەی سیاسیی وەردەگرێت نەك وەك ستراتیژ، بۆیە ڕیفۆرمەکان شکڵی بوون و نەیانتوانی سیمای دەوڵەتی مەرکەزی تورکیا بگۆڕن و سەرەنجام پرۆژەکانی AKP لەبواری سیاسیی و ئیداری و ئابووریدا مایەپووچ بوون. ئایا ئێوە هیچ ئاسۆیەك بۆ گۆڕان لەتورکیا لەسەردەستی AKP بەدیدەکەن؟**

- من هێشتا بێ هیوا و مەئیوس نەبوومە، بەڕاستی کاتێك



مرۆڤ هیواکانی لەدەست بدات ناتوانێ لەڕۆژهەڵاتی ناوین بژیت. هەلومەرجی سیاسیی و ژیانی هەیە بۆ سیاسەتمەدارانی کورد و بۆ هەر کەسایەتییەکی کورد گەلێ زەحمەتە. من لەو باوەڕەدام لەو ڕۆژانەی داهاتوودا زەحمەتی هەرە گەورە لەدوای هەڵبژاردنی هەرێمی ٢٠٠٩ دەست پێدەکات. من باوەڕمەندم دەرگای ئاشتی بەڕووی دەڤەرەکەمان بکرێتەوە. ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی ئەم دواییەش جارێکی دیکە ئەوەی نیشاندایین کە ئەو کێشەیە بەڕێگای چەك و بەڕێگای کوشتار و ئۆپەراسیۆن چارەسەر ناکرێت، ڕێگای دیپلۆماسی دەتوانێ ڕێگایەکی درێژتر لەچەك و گوللە ببڕێت. ئەم ئۆپەراسیۆنە ٢٥ ەمین بوو، یەکەم ئۆپەراسیۆن نەبوو، ئەگەر ئەو کێشەیە بەم ڕێگایە چارەسەربکرابووایە، ئەوا لەو ٢٤ ئۆپەراسیۆنەی پێشوو چارەسەر دەرکرا. بۆ ئەمەش جارێکی دیکە من پێموایە ئەمساڵ دەشێ ڕەوشەکە ئاڵۆز ببێت و سیاسەت هەندێ تیژ ببێت، بەڵام ئومێد بەخوا ئاسۆکە ڕووناکە.

*** چەند ڕۆژێك لەوەبەر AKP نامەی هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی لەدادگای باڵای دەستووری پێگەیشت، ئەم پرسەش تورکیای خستۆتە لێواری گێژاوێکی سیاسیی و ئابووری گەورەوە، ئێوە چۆن لە مژاری داخستنی AKP لەتورکیا دەڕوانن کە ئێستا ڕۆژەڤی وڵاتەکەی داگرتووە؟**

- پێش هەموو شتێك ئێمە داخستنی پارتەکان بۆ سیستمێکی دیموکراسی بەڕاست نازانین. پێویستە پارتەکان بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە سیاسەت بکەن. ئەوکاتەی پارتەکان نەتوانن سیاسەت بکەن مومکین نییە لەو شوێنەدا دیموکراسییەت هەبێت و دیموکراسییەت دابمەزرێت. مخابن لەو مەسەلەیەدا تورکیا بۆتە گۆڕستانی پارتەکان. تائێستا گەلێ پارتی سیاسیی داخراون. گەلێ لەو پارتانە بەهۆی ئەوەی داوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان کردووە داخراون. وەکو ئێوەش دەزانن، لەسەر پارتەکەی ئێمەش (DTP) لەدادگا دۆسیی داخستن-یان کردۆتەوە و ئەو داوایەش هێشتا لەدادگا بەردەوامە. بۆ داخستنی AKP من دەتوانم بڵێم: ئەو مەسەلەیە دەرەنجامی پێکدادانی هێزەکانی نێو دەوڵەتە. لەنێو دەوڵەتدا گەلێ هێز بۆ دەسەڵاتداریێتی لەنێو پێکدادانێك دانە. مەسەلەکە داگرتنی دەسەڵاتدارێتییە. بۆیە AKP لەو پێڤاژۆیەدا مەغدوور نییە، بەڵکو AKP ئاکتەر و لایەنێکی پێکدادانی دەسەڵاتدارێتییە. AKP ناتوانێت خۆی وەکو مەغدوور نیشان بدات. پێویستە مرۆڤ دیموکراسییەت لەدڵەوە و بەپرەنسیب بۆ هەموو کەسێك بخوازێت. مخابن AKP دیموکراسیەت تەنیا بۆ خۆی دەخوازێت، ئەوکاتەی پێویستی پێ هەبێت داوای دەکات. ئەوکاتەی بۆ داخستنی DTP لەدادگا دەستیان بەلێپرسینەوە کرد، دەنگێکی خێر لە AKP دەرنەکەوت. پاش ئاخاوتنەکەی بەڕێز ئەردۆگان کە گوتی: «منداڵ بن، ژنیش بن هەرچی پێویست بێت ئێمە دەیکەین». سەرەنجام لەساڵی ٢٠٠٦ دا لەئامەد ١٢ ئینسانی ئێمە کوژران. منداڵە کوردی ٣ ساڵی، ٥ ساڵی، ٧ ساڵی و ١٢ ساڵی کوژران، خەڵکی پیر و پەککەوتە کوژران. بەڵام لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەدا لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی دەوڵەتدا نەکرا، دۆسیەك لەدادگا لەسەر بەڕێوەبەری پۆلیس تۆمار نەکرا.

دوایین ڕووداو لەجەژنی نەورۆزدا وەك ئێوەش بینیتان بەهەزاران ئینسـانی ئێمە لەبن قامچی و لێدانی پۆلیسـەکاندا بریندار بوون و بەهەزاران ئینسانی ئێمە دەستگیرکران، زیاتر لە ١٠٠ کەس لەئەندام و خەباتکارانی پارتەکەی ئێمە دەسـتگیرکران و ئێسـتا لەزینداندان. ٣ ئینسـانی ئێمە کوژران. تائێستا هیچ بەرپۆبەرێکی ئاسایش و هیچ پارێزگارێك لەکار دوورنەخراوەتەوە و سـزا نەدراون. ئەڵبەت لەنێو ئەو ڕووداوانەدا بەرپرسـیارێتی هـەرە گەورە لەئەسـتۆی حکوومەتدایـە. مخابن حکوومەت لەلایەنی دیموکراسـییەوە نەوەستا، لەزۆر جێگا و ڕووداوەکاندا لەدژی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەجولایەوە. ئێستاش حکوومەت باسـی دیموکراسـی دەکات. ئەڵبەتە دیموکراسی بۆ هەمووان پێویسـتە و دەبێ ئێمە بۆ هەموو کەسـێك داوای دیموکراسی بکەین. ئێمە داوای دیموکراسی دەکەین و پێویستە لەسیسـتمێکی دیموکراسـیدا پارتەکان دانەخرێـن و لەژیانی سیاسـی مەحروم و قەدەخە نەبن. لەبـەر ئازادی بیروڕا نابێت لەبەرامبەر پارتە سیاسییەکان دۆسێی هەڵوەشانەوە بکرێتەوە.

*** پێتوایـە لەنێو ئەو بارگـرژی و ئاڵۆزیانەدا بەدیدی ئێوە داهاتووی باڵی سەربازی و ناسیۆنالیستەکان لەژیانی سیاسیی تورکیادا بەرەو کوێ دەچێت؟**

- جیهان گـۆڕاوە، ڕۆژهەڵاتی ناوین گۆڕاوە. ئێسـتاش دەگۆڕێـت. کوردیش گۆڕاون. گەلی تورکیش گۆڕاوە. ئیدی مومکین نییە سیسـتم و هێزی میلیتاریسـتەکان وەکو پێشتر درێژە بەهەبوونی خۆی بدات. ئەڵبەتە میلیتاریزم و ناسیۆنالیزم بۆ تورکیا بووە هۆی لەدەسـتدانی سەد ساڵێك. ئەگەر تورکیا نایەوێ سـەد ساڵی دیکەش لەدەسـت بدات، پێویستە ڕێ و میتـۆدی خۆی بگۆڕێت. دەسـت لەڕێبـازی میلیتاریزمی هەڵگرێـت و ڕوو لەڕێبازی ئاشـتی و دیالۆگی بونیاتنەرانە بکات، لەڕێبازی نەژادپەرسـتییەوە ڕوو لەڕێبازی فرە زمانی و فرە کولتووریی و دیموکراسـی بکات. من باوەڕمەندم لەسەدە ساڵی بیست و یەکەمدا پرەنسـیبەکانی دیموکراسی، ئاشتی، پلورالیزم و سەروەری یاسا ببنە تایبەتمەندیی سەرەکی تورکیا. ئێمـە بۆ ئەو ئامانجانە کار دەکەین و پێویسـتە ئێمە هێشـتا زیاتریش هەوڵ و کۆشـش بدەین بۆ پاشـەڕۆژێکی گەش و ڕووناکتر.

*** پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق هەمیشـە لەنێو بارگرژی و هەڵکشـان و داکشانی سیاسیدا تێپەڕیوە. تورکیا تائێسـتا نایەوێت بەفەرمی پێوەندی لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردسـتان دابنێت و بـەردەوام لەڕوانگەی خەیاڵی ئاسایشییەوە تەماشای بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکات. پێتوانییە ئەگەر بێتـو تورکیا ئەو ڕوانگەیەی خۆی بەشێوەیەکی «پۆلەتیك- ئیکۆنۆمی» بگۆڕێت، ئاییندەیەکی گەش چاوەڕێی هەردوولا بکات و هەرێمی کوردسـتان ببێتە جیرانێکی مەند و هێور بۆ تورکیا؟ ئایا ئێوە چۆن لەئاسـۆی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟**


- ئەمە سێ چوار ساڵە هەر لێدوانێکی ڕاگەیاندن دەردەچێت لەسەر سیاسـەتی عێراق و بەتایبەتیش بۆ سیاسەتی هەرێمی کوردسـتان، پێموایە هەموو کوردێك پێوەی پەست و نیگەران دەبێت. ئەو تێڕوانین و ئاخاوتنە سـلبیانەی لەبارەی هەرێمەکە دەکرێن هەستی هەموو کوردێکی پێ بریندار دەکرێت. ئەمەش تێڕوانینـی حکوومەتە بەرامبەر هەموو کـوردان. ئەوکاتەی تێڕوانینـی تورکیا لەبەرامبەر هەرێمی کوردسـتان بگۆڕێت تێڕوانینەکانـی بەرامبـەر کـوردی تورکیـاش دەگۆڕێت. ئەوکاتـەی تێڕوانینی تورکیا لەبەرامبەر کـوردی تورکیاش گۆڕانی بەسـەرداهات ئـەوا ڕەنگدانەوەی ئیجابی بەسـەر هەرێمی کوردستانیشـدا دەبێت و قـەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردسـتان وەکو دۆسـتی خۆی دەبینێت. بۆ ئەمەش تورکیا سیاسـەتێکی تایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوین هەیە و ئێسـتاش کوردان مارانگەست کراون و ترسێنراون. دەسەڵاتدارانی تورکیا پێیانوایـە ئەگەر کورد بگەنـە مافەکانیان لەعێراق، ئێران یان لەسوریا ئەوا دەبنە بەڵای سەری ئێمە. پێویستە ئەو تێڕوانین و زهنیەتـە بگۆڕێ، لەتورکیادا ٢٠ ملیۆن کورد دەژیت، ئەگەر تورکیا لەگەڵ کوردی وڵاتەکەی ئاشت بێتەوە، بەڕاستی دەبێتە بناخەیەك بۆ پێشکەوتنی کولتووری و ئابووری و بازرگانی بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین. دەرفەتێکی گەورەیە بۆ تورکیا کە تێڕوانینی خۆی لەبارەی کوردان بگۆڕێت بەگیانێکی برایانە و دۆستانە و وەکو هاووڵاتی دەستووری لەکوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویـن بڕوانێت و مامەڵەیـان لەگەڵدا بـکات، بەتایبەتیش لەبەرامبەر ستاتۆی هەرێمی کوردستان.

*** ئێوە بە گەڕێکی سێ ڕۆژە سەردانی هەرێمی کوردستانی عێراقتان کرد و لەنزیکەوە بەهەقیقەتی هەرێمەکە ئاشـنابوون، ئایا چۆن لەو ئاڵوگۆڕ و پێشـکەوتنانەی هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟**

- من سێ ڕۆژ لەهەرێمی کوردستان بووم، بەڕاستیش مرۆڤ دەبینێت کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەو هەرێمە چەندە ڕووبەڕووی زوڵم و چەوساندنەوە بۆتەوە، وێرانکارییەکی گەورە بەدیدەکرێت، لەتەك ئەوە پرۆسەی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدان لەسەر ئەو پاشخانە وێرانە دەستی پێکردووە. ئەوکاتەی خەڵك تەماشای هەولێر دەکات قژیۆنی شـارەکە دەبینێـت، قژیۆنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبینێت. ئاشکرایە لەهەرێمی کوردستان مەدەنیەت سـەرلەنوێ بونیـاد دەنرێتەوە، ئێـش و برینەکانی خەڵك سـاڕێژ دەکرێن. دیسـانەوە ئێمە زۆر شادومانین کاتێك دەبینین لەنێو گەلـی کورددا لەهەرێمەکە پەیوەندییەکی برایانە لەنێـوان هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان هەیە، کولتوورێکی فرەخوازیـی بەدیدەکرێت، هەروەك ئەو فرەڕەنگییە لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستانیشدا بەدی دەکرێ و جێی دڵخۆشییە ئەمڕۆ ١٢ هێـزی جیاواز لـەڕووی سیاسـیی و نەتەوەیی و ئایینی لەپەرلەمان پێگەیان هەیە. لەغەیری زمان و کولتووری کوردی، زمـان و کولتوورەکانی دیکەش خاوەن مافن و بۆ پاراسـتن و پێشکەوتنی خۆیان دەرفەتیان پێدراوە. ئەو فرەییە زۆر خۆشحاڵمان دەکات. هەرێمی کوردسـتان هەم لەبواری ئابووری سەر لەنوێ بونیاددەنرێتەوە و هەم لەبواری ئاشتی و برایەتی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ گەلان دیموکراسـییەتی خۆی بونیـاد دەنێتەوە. بەڵام بێگومان هێشـتا پێویستە گەلێ شتی دیکە بکرێن، هەست بە ئێش و ئازارەکانی خەڵك بکرێ و چارەسەر بکرێن.

**من بەتەحەدداوە دەڵێم لەماوەی ئەو ٨ ساڵەی کە DTP لەشارەوانییەکانی ئێمەدا خزمەتی گەل دەکات، ئەوان بەدرێژایی ٨٠ ساڵ خزمەتێکی وەهایان نەکردووە. لەو ٨ ساڵەدا من چەند قات زیاتر لەوان خزمەتمان کردووە**

**چۆن دەشێ شارێکی وەك دیاربەکر ٨٠ ساڵ لەوەوبەر سێیەم شار بێت و ئەمڕۆ ببێتە شاری ٦٣ یەمین لەبواری پێشکەوتنی ئابووریدا؟! شارێک لەبواری کرێکاری و پیشەسازیدا سێیەم شار بێت، کەچی ئەمڕۆ تۆ تەماشا دەکەیت لەنێو هەر ١٠٠ کەسێکدا ٦٠ کەسی بێکارە و هیچ داهاتێکی نییە. ئەمە سیاسەتێکی ئابوورییە دەبێ ببینرێت**



# قەیرانی سیاسی ناوخۆی تورکیا کودەتایەکی دادوەرییە بەڵام بە دەستی سوپا

تورکیا دەمێکە سەقامگیری حکومەتی بەخۆ نەبینیووە، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی سیاسی ناوخۆی تورکیا کەلتوورێکی سیاسی جێگیری نییە، دوای چەندین ساڵ ئەوە جاری یەکەمە کە پارتێکی سیاسی لە پەرلەماندا زۆرینەی کورسییەکان بەدەست دەهێنن و پۆستی سەرۆك وەزیران و سەرکۆماری تورکیا وەردەگرێت.

سەرەتاو لەگەڵ کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ٢٤ تەمموزی ٢٠٠٧و بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان بۆ پارتی دادوگەشەپێدان بۆچوونەکان بەسەر دوو ئاستدا دابەشبوون:

یەکەمیان/ گەشبینی بوو بەوەی کە حکومەتی تورکیا جۆرێك لە سەقامگیری بەخۆوە دەبینێت و دەبێتە سەرەتایەك بۆ کەلتوورێکی سیاسی جێگر بۆ پشتگیری لە دامەزراوە دیموکراتییەکان و هەمووارکردنی دەستوورو هەنگاو هەڵگرتن بەرەو ئەندامییەتی یەکێتی ئەورووپا.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو لایەنگرانی ئەم بۆچوونە زۆرینەبوون.

دووەمیان/ بۆچوونە رەشبینەکە بوو کە سەرچاوەکەی لەو کەلتوورەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دامەزراوەی سوپا لە ناو گەلی تورکیادا دروستیکردووەو بە زۆری زۆرداری کردوویەتییە کەلتوورو ناسنامەی کۆمەڵگەی تورکی، کە ئەویش تۆی رەگەزپەرستی و خۆ بە زلزانین و سەیرکردنی تورك وەك نەتەوەیەکی زیاتر بەسەر

نەتەوەکانی دیکـــە، ئەوانەی بەم میتۆدە شـــرۆڤەی بارودۆخی سیاسی تورکیایان دەکرد چەند پێشنیاریان خستبووە روو، لەگەڵ ئەوەی لەســـەرەتاداو لەبەر ئەوەی ئەمـــە بۆچوونی کەمینە بوو، زۆر بە مەترســـی وەرنەگیـــرا، بەڵام بەداخەوە راســـت دەرچوو، پێشینەکانیش ئەمانە بوون:

١. سوپا جەخت دەکاتەسەر حکومەت بۆ ئەوەی هێرش بکاتەسەر هەرێمی کوردســـتان بە بیانووی بوونی چەکدارەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان.

٢. ســـوپای تورکیا هەوڵـــدەدات کودەتایەك بەســـەر حکومەتی ئەردۆگاندا بکات.

بەداخەوە پێشـــینی یەکەمیان راست دەرچوو، ئەوەبوو تورکیا هەم بە هێرشـــی ئاسمانی و هەم بە هێرشی زەمینی هاتە ناو هەرێمی کوردستان و هیچ کام لە ئۆپەراسیۆنەکانیشی سەرکەوتوو نەبوو. ســـەبارەت بە بۆچوونی دووهەمیشـــیان کە دەکرێت بڵێین نیوەی راســـت دەرچوو، ئەو خەڵکانە چاوەڕێی ئەوەبوون سوپا کودەتای ســـەربازی ئەنجامبدات نەك کودەتـــای دادوەری یان کودەتای یاسایی.

## رۆشنبیرانی تورك لە مەترسی کودەتا تێدەگەن بۆیە نیگەرانن

ئـــەم هەوڵـــەی دادگای بـــاڵای تورکیا بۆ داخســـتنی پارتی دادوگەشـــەپێدان کە پارتێکی ئیســـلامییەو داوا دەکات ئەندامە گرنگەکانی ئەوروپا کاری سیاسییان لێ قەدەغە بکرێت، هەوڵێکە بە ئاســـتی کودەتایەکی سەربازی لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم هەوڵە ســـەر بگرێت و پارتی دادوگەشـــەپێدان دابخرێت، ئەوا چەندین ئەندامی ئەو پارتە بە عەبدوڵلا گوڵی سەرکۆمارو رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانیشـــەوە کاری سیاسییان لێ قەدەغە دەکرێت و دەبێت پۆستەکانیان بەجێبهێڵن.

رۆژنامـــەی نیۆرك تایمز ئەم هەوڵـــەی ناو لێناوە ئەوەی پێدەڵێن کودەتـــا، هەروەها رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنســـی ناوی لێناوە کودەتای یاسایی، سەبارەت بەم دوو ناونیشانە رۆژنامەنووسی تورك جەنگیز چاندار لە تورکیش دەیلی نیوز وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی »کودەتای دادوەری یان دیموکراسییەتی زیاتر«.

نووســـەر لەم وتارەدا جارێکی تر دەســـەڵاتی تورکیـــا بە ئاگا دەهێننەوەو لە مەترســـی بە سیاســـیی کردنی دەزگای دادوەری ئاگاداریـــان دەکاتەوە، بێگومان ئەم هەوڵە کە چاندار زۆر ئاقڵانە پێکاویەتی وەرگرتنەوەی ســـەربەخۆییە لە دەسەڵاتی دادوەری و کفنکردنی دیموکراسییەتە لە تورکیا، هەروەها لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێســـتا بە دەیان چاودێری ناوخۆ و دەرەوە لە تورکیا بوونیان هەیەو چاودێری پرۆسەی دیموکراسی تورکیا دەکەن، ئەمەش پێش هەموو شـــتێك کاریگەری لەســـەر تورکیـــاو ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپـــا دەبێت. بە هەرحاڵ ئەم قەیرانە سیاســـییە ناوخۆییە کە ئێســـتا تورکیا رووبەڕووی دەبێتەوە، قەیرانێکی ترسناکە نەك هەر بۆ ناوخۆی تورکیا بەڵکو دەرهاوێشتەی خراپیشی لەسەر دەورووبەر دەبێت.

## مەترسی ئەم قەیرانە لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا

ئەم قەیرانـــە هەموو تورکیـــا رووبەڕووی بارێکی نا ئاســـایی دەکاتەوەو زەمینەیەکی لەبار بۆ ژەنەڕاڵەکانی تورکیا دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی زیاتر ئامانج و بۆچوونەکانی خۆیان بکەنە رای گشتی تورکیاو، هەموو لایەکیشمان دەزانین کە سوپا چەند لە راگەیاندنی باری نائاســـایی ناوچەکانی کوردستانی تورکیا سوودمەند بووە، هەربۆیـــە ئەگەر باری نائاســـایی هەموو تورکیا بگرێتەوە ئەوا



ئەوکاتەی هەندێك دەنگ بەرزدەبۆوە بۆ ئەوەی بەرگری لە کورد بکات، ئەوا لەم کاتەدا سوپا ئەو دەنگانـــەش کپدەکاتەوەو بەشـــێوەیەکی پراکتیکی حکومی عەســـکەری لە تورکیا رادەگەیەنرێت.

## کاریگەری ئەم قەیرانە لەسەر پەیوەندییەکانی هەولێرو ئەنقەرە

حکومەتـــی هەرێـــم کە بـــەردەوام هەوڵیـــداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا ئاسایی بێت، لەو روانگەیەوە بووە کە فاکتەرێکی ئیجابی بێت بۆ دراوسێکانی و دراوسێکانیشی فاکتەرێکی ئیجابی بن بۆ هەرێمی کوردستان و لەسەر بنەمای رێزو بەرژەوەندی هاوبەش وەك لە هەموو جیهاندا کاری پێدەکرێت، پەیوەندی دۆســـتانەو دراوسێیەتی باش لەگەڵ دراوسێکان بەگشتی و ئەنقەرەدا هەبێت.

بەڵام زەمینە رەخساندن بۆ ئەم پەیوەندییە پێویستی بە ئەقڵیەتێکی سیاسی مەدەنی کراوە هەیە کە توانای ئەوەی هەبێت لەم هاوکێشەیە تێبگات و بتوانێت بە زمانی ســـەردەم کێشەکان چارەسەر بکات و نەك هەوڵبدات کێشە ناوخۆییەکانی ناو وڵاتەکەی خۆی کە بۆی چارەسەر ناکرێت بیباتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی.

لـــەم حاڵەتەدا هەمـــوو کات حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بە دەسەڵاتی مەدەنی حکومەتـــی تورکیا پیشـــانداوە، بەڵام ئەگەر ئەم دەســـەڵاتە رووبەڕووی کودەتایەك بێتەوە، ئەوجا کودەتاکە دادوەری یان یاســـایی یان هەر شـــتێکی دیکەی نـــاو دەنێن دەبێتە هۆکاری ناســـەقامگیری سیاســـی لە تورکیاو تێنەگەیشـــتن لەم پەیوەندییە گرنگە.



بـــۆ زیاتـــر هەڵســـەنگاندنی ئەو بارودۆخـــەو گرنگی پەیوەنـــدی نێوان هەولێـــرو ئەنقەرە بۆ تورکیاو هەرێمی کوردســـتان و مەترسی ئەم قەیرانەش بۆ هەردوولا گوڵان پەیوەندی بەم بەڕێزانە کرد:

١. پرۆفیسۆر ئیحسان داغی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەنقەرەو ستوونووسی زەمان تودەی.

٢. پرۆفیسۆر داڤید رۆمانۆ ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی تۆرنتۆ و تایبەتمەند لەسەر کێشەی کوردو تورکیا.

بۆچوونـــی ئەم دوو بەڕێزە کە یەکێکیان دیدێکی رۆشـــنبیرێکی تورکەو دووەمیان پســـپۆرێکی بیانی تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی کوردو تورکیا، لە یەك خاڵی گرنگدا یەکدەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە ئەم قەیرانە سیاســـییەی ناوخۆی تورکیا، ئەو وڵاتە رووبەڕووی ئایندەیەکی نادیار دەکاتەوە.

پرۆفیسۆر ئیحسان داغی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەنکەرا و ستوونووسی زەمانی تورکی بۆ گوڵان:

# پەیوەندی ئاسایی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان کار ئاسانیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا



■ پرۆفیسۆر ئیحسان داغی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنکەرا و یەکێکە لە ستوونووسە بەناوبانگەکانی تورکیا کە لە رۆژنامەی (Todays Zaman)ی تورکی چاپی ئینگلیزی دەنووسێت و یەکێکە لەو تورکە رۆشنبیرانەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە هەنگاوی گرنگ لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا دەزانێت و بەردەوام بانگەشە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کورد دەکات و دوایین وتاریش لە (Todays Zaman) بەناونیشانی کێشەی کورد و تەنگژەی کورد و تەنگژەی سیاسی ئێستا.
The Kurdish Question and Current Portical crisis
بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە و کاریگەری پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئیحسان داغی کرد و بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: ■

●●●

**بۆ ئەوەی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا سەقامگیر بێت تورکیا پێویستی بە پشتیوانی کوردەکانی باکوری عێراق هەیە، کەواتە هاوکاریکردن بەرژەوەندی هەردوولا دەهێنێتەدی**

●●●

**هەرێمی کوردستان و تورکیا پێویستیان بەیەکترە ئەو پێویستیەش پەیوەندییەکان بونیاد دەنێتەوە**

*** چۆن ئایندەی پەیوەندییەکانی کوردەکانی عێراق و تورکیا دەبینیت؟**

من پێم وایە ئەگەرێکی گەورەی بەرەوپێشچوونی ئەو پەیوەندییانە لە ئارادایە، لەبەر ئەوەی زۆر شتی هاوبەش هەیە لە نێوان ئیدارەی کورد لە باکوور و عێراق و تورکیادا. دەکرێت بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە بەو پەیوندیانە بدرێت. من لەو باوەڕەدام کە ئایندەییەکی پڕ لە خۆشگوزەرانی هەیە بۆ تورکیا و کوردەکانی عێراق ئەگەر بتوانن هاوکاری نێوانیان باشتربکەن و درێژەی پێبدەن. ئەو هاوکارییەش تا رادەیەکی زۆر دەوەستێتەسەر نەهێشتنی هەڕەشەی پەکەکە لە باکووری عێراقدا، لەبەر ئەوەی ئەگەر بوونی پەکەکە لەو ناوچەیەدا بەردەوام بێت ئەوا زۆر زۆر زەحمەت دەبێت بتوانین قەناعەت بە رای گشتی تورکیا بکەین بە هاوکاری نێوان هەردوولا رازی بن. من بە شێوەیەکی شەخسی لەو باوەڕەدام کە پەیوەندیگەلێکی ئابووری روولەزیاد هەیە و لە راستییدا زەمینەیەکی ئاینی و کەلتوریی و مێژوویی هەیە بۆ ئەو هاوکارییە. من پێم وایە هەردوولا پێویستیان بەو هاوکارییە هەیە، بۆ ئەوەی باکوری عێراق سەقامگیر بێت کوردەکان پێویستیان بە پشتیوانی و تێگەیشتنی تورکیا هەیە، بۆ ئەوەی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا سەقامگیر بێت تورکیا پێویستی بە پشتیوانی کوردەکانی باکوری عێراق هەیە، کەواتە هاوکاریکردن بەرژەوەندی هەردوولا دەهێنێتەدی.

**دەبێت هەڵوێستی ئایندەی تورکیا**
**ئەنجامدانی گفتوگۆی راستەوخۆ بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان**

***کوردەکان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ تورکیا ببەستن لە سەر بناغەی رێزی دوولایەنە و بەرژەوەندی هاوبەش، پێت وایە هەل و مەرجەکە لەبارە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە؟**

-لە راستیدا هەندێ کێشە و گیروگرفت هەیە کە دەبێت دانی پێدابنێین، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەردوولا بەرژەوەندییان هەیە لە جێگیرکردنی سەقامگیریدا، ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە هەردوولا لە یەك تێبگەن و جۆرێك لە دانوستاندن هەبێت لە نێوانیاندا. من پێم وایە دەبێت هەڵوێستی تورکیا بریتی بێت لە ئەنجامدانی گفتوگۆی راستەوخۆ لە گەڵ کوردەکاندا و لە هەمان کاتدا دەبێت کوردەکان ئەوە رابگەیەنن کە ئەوان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ مانەوەی پەکەکەدا نین. پاراستنی یەکپارچەیی هەمیشە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ هاوکاریکردنی نێوان هەردوولا. لەبەر ئەوەی ئەگەر گومانی ئەوە لە ئارادابوو کە لایەنەکەی دیکە خوازیاری پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەوی دیکە نیە ئەوا ناتوانرێت درێژە بە هاوکاری نێوانیان بدرێت، واتە دەبێت هەردوولا راشکاوانە ئەوە رابگەیەنن کە رێز لە سنوورە نێودەوڵەتییە دان پێدانراوەکانی ئەوی دیکە دەگرن. ئەوەش دەبێتە هەنگاوی یەکەم لە بنیاتنانی متمانە و تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا.

**پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و**
**کارئاسانییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناو تورکیادا**

***دوای گۆرانکارییەکانی ئەم دواییە، ئێستا ئەو قسەیە لە ئارادایە کە حکومەتی تورکیا ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی راستەوخۆ لە گەڵ کوردەکاندا، هەروەها بەم دواییە شاندێکی تورکیا سەردانی شاری دهۆکی کرد و لەگەڵ بەرپرسە کوردەکانی ئەو شارەدا کۆبونەوە، ئایا تا چەند گەشبینیت بەوەی پەیوەندیەکان بچنە ئاستێکی باڵا؟**

- من دەمەوێت بە روونی ئەوە بڵێم کە سەردانەکەی سەرۆك تاڵەبانی سەردانێکی مێژوویی بوو، سەرەتایەکی راستەقینەبوو بۆ سەردەمی دایەلۆگ لە نێوان هەردوولادا و دەکرێت کاری لەسەر بکەین. حکومەتی تورکیاش خوازیاری دروستکردنی پەیوەندیە لەگەڵ حکومەتە کوردییەکەی باکووری عێراقدا و دەکرێت ئەو پەیوەندیانە باشتربکرێن بە مەرجێك ئەو حکومەتە کوردییە پشتیوانی پەکەکە نەکات. دەبێت هەردوولا دان بەو راستیەدا بنێن کە بوونی پەکەکە لە باکوری عێراقدا مەترسییە بۆ سەقامگیری ناوچەکە، باکووری عێراق پێویستی بە سەقامگیری هەیە، باکووری عێراق تاقە ناوچەی ئارامی عێراقە و نابێت سەرکێشی لەدەستدانی ئەو سەقامگیریە بکات بە داڵدەدانی پەکەکە، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تورکیا بتوانێت هاوکاری لە گەڵ کوردەکانی باکووری عێراقدا بکات ئەوا ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی تورکیا لە گەڵ کوردەکانی دانیشتویی وڵاتەکەدا (تورکیا)، لەبەر ئەوەی پەرەسەندنی ئەو پەیوەندیانە لە نێوان کوردەکانی باکووری عێراق و تورکیا کارئاسانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکات لە ناو تورکیادا.

**گەشبینم بەوەی حکومەت وسوپا ئامادەی گفتوگۆکردن بن لەگەڵ کورد هەردوولا بەو راستییە گەیشتبن کە پێویستە هاوکاری بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانیان.**

*** ئاشکرایە کە دامەزراوەی سەربازی تورکیا هەڵوێستێکی سەختتر دەگرێتەبەر بە بەراورد لەگەڵ حکومەتی تورکیا کە هەڵوێستێکی نەرمتری هەیە لەبەرامبەر کورد و هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، ئایا ئێوەوەك رۆشنبیرانی تورك چۆن دەتوانن یارمەتیدەربن لە پەرەپێدانی برایەتی کورد و تورك؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە جیاوازی نێوان هەڵوێستی حکومەت و دامەزراوەی سەربازییەوە هەیە لە ئاست کێشەی کورددا لە ناو تورکیا و لە باکووری عێراقدا، من پێم وایە تا رادەیەکی باش ئەو جیاوازییە کەمبۆتەوە و ئێستا هەردوولایان تێگەیشتنێکی باشتریان هەیە لەو رووەوە و پێیان وایە ناکرێت تەنیا بە هۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە کێشەی کورد چارەسەربکرێت. من پێم وایە هەم دامەزراوەی سەربازی و هەم حکومەتی تورکیا ئامادەن چەند هەنگاوێکی ناسەربازی بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. من گەشبینم بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ کێشەی کورد لە تورکیادا. هەروەها بە روانین لەو گۆڕانانەی لەم چەند مانگەی رابرووودا دروست بوونە، ئەوا گەشبینم بەوەی پێدەچێت هەردوولا ئامادەی گفتوگۆکردن بن و هەردوولا گەیشتبن بەو راستیەی کە پێویستە هاوکاری بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانیان.

***تورکیا دراوسێیەکی گرنگە بۆ ئێمە و ئێمەش دەمانەوێت ببینە دراوسێیەکی گرنگ بۆ تورکیا، چۆن بتوانین قەناعەت بە تورکیا بکەین کە ئێمە نیازی باشمان هەیە لە ئاست تورکیا و هەڵوێست و تێڕوانینی ئیجابیمان هەیە لە ئاست تورکیادا؟**

- سەرەتا دەبێت پەکەکە گۆشەگیر بکرێت لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی پەکەکە بە تەنیا هەڕەشە نییە بۆ سەر تورکیا بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری کوردستانیش. لە لایەکی دیکەوە کێشەی کەرکووك هەیە، من پێم وایە دەکرێت بە هۆی گفتوگۆوە بگەینە رێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. لە گۆشەنیگای تورکیا پابەندبوونی کوردەکان بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی باکوری عێراق بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، ئەوەش رەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لەسەر تێڕوانین و هەڵوێستی تورکیا.

**ئەگەر پارتی دادو گەشە پێدان قەدەغەبکرێت**
**ئەوا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا**
**زۆر زۆر زەحمەت دەبێت،**

***ئێوە لە رۆژنامەی زەمان تودەی ووتارێکتان بە ناوی «کێشەی کورد و قەیرانی سیاسی هەنووکە» نوسیوە، چۆن دەکرێت کێشەی کورد لە هەل و مەرجی ئێستادا چارەسەربکرێت؟**

- ئێمە ناتوانین بێ پارتی داد و گەشەپێدان کێشەی کورد چارەسەربکەین، ئەگەر ئەم پارتە لە لایەن دادگای دەستوریەوە قەدەغەبکرێت ئەوا ئەمە دەبێتە پەرەسەندنێکی خراپ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناو تورکیادا، لەبەر ئەوەی لە دوایین هەڵبژاردندا ئەوەمان بینی کە کوردەکان پشتگیریان لە پارتی داد و گەشەپێدان کرد، ئەگەر ئەم پارتە قەدەغەبکرێت ئەوا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا زۆر زۆر زەحمەت دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم پارتە رۆڵێکی ناوبژیوانی دەبینێت لە نێوان کوردەکانی وڵاتەکە و حکومەتی ناوەندیدا.

●●●
**کێشەی کەرکووک هەیە دەکرێت بە هۆی گفتوگۆوە بگەینە رێککەوتنێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە**
●●●

●●●
**پارتی داد و گەشەپێدان ئەگەر لە لایەن دادگای دەستوریەوە قەدەغەبکرێت ئەوا ئەمە دەبێتە پەرەسەندنێکی خراپ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناو تورکیادا**
●●●

پرۆفیسۆر داڤید رۆمانۆ ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی تۆرنتۆ و پسپۆر لە کێشەی کورد و تورکیا بۆ گوڵان:

# قەیرانی سیاسی ناوخۆی تورکیا، کاریگەری لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنکەرا دەبێت



■ پرۆفیسۆر داڤید رۆمانۆ ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی تۆرنتۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لە سەر دۆزی کورد و عێراق و تورکیا و لە ساڵی ٢٠٠٦ کتێبێکی لەسەر کورد بە ناوونیشانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد The Kurdish nationalist movement بڵاوکردۆتەوە و کتێبەکەش لە چاپخانەی زانکۆی کامبریج چاپکراوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ یش وتارێکی بەناوی ئایندەی کەرکوک لە گۆڤاری ئیسنۆپۆلتیکس بڵاوکردۆتەوە و دەیان وتاری دیکەشی لەسەر عێراق و کوردستان نووسیوە.

بۆ قسەکردن لەسەر ئەو قەیرانە سیاسییەی ئێستا تورکیا تێیکەوتووە، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر رۆمانۆ کرد و بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو. ■

**●●● بازرگانی ساڵانەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا کە گەیشتۆتە نزیکەی پێنج ملیار دۆلار رێگایەکی باشە بۆ برەودان بە پەیوەندییەکانی نێوانیان ●●●**

**●●● ئەگەر بریاری دادگا دەربچێت بە داخستنی پارتی داد و گەشە پێدان ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر داواکاری تورکیا بۤ بەدەستهێنانی ئەندامێتی تەواو لە یەکێتی ئەوروپادا و بۆ سەر ژیانی سیاسی تورکیا ئەوەش ساتەوەختێکی مەترسیدار دەبێت بۆ تورکیا ●●●**

### حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکی باشی گرتۆتەبەر بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی تورکیا

***ئێمە هەمیشە دەمانەوێت خۆمان لە هەرەشەکانی تورکیا لابدەین، پێویستە ئێمە چ هەنگاوگەلێك هەڵبگرین بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانمان لە گەڵ تورکیادا بەهێزبکەین و پەیوەندییەکانمان ئاسایی بکەینەوە لەگەڵیدا؟**

- من پێموایە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاو و کردەوەیەکی باشی گرتۆتەبەر بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و بە مەزەندەی من لە سەدا هەشتای وەبەرهێنانەکانی کوردستان سەرچاوەکەی بریتییە لە کۆمپانیا تورکییەکان، هەروەها بازرگانی ساڵانەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا کە گەیشتۆتە نزیکەی پێنج ملیار دۆلار کە ئەوەش رێگایەکی باشە بۆ برەودان بە پەیوەندییەکانی نێوانیان. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە هەندێك لە ناو حکومەتی تورکیا و رای گشتی تورکیادا لەوە نیگەرانن کە رەنگە کوردەکان هەوڵی یارمەتیدانی پەکەکە بدەن و کاریگەر بن لەسەر سیاسەتی ناوخۆی تورکیا. لە راستیدا زۆر زەحمەتە بتوانین قەناعەت بە رای گشتی تورکیا بکەین کە هەرێمی کوردستان هەرەشە نییە بۆ سەر تورکیا. سەردانەکەی سەرۆك تاڵەبانی یەکێك بوو لەو هەنگاوانەی کە گرنگ بوو بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بە تورکیا و بۆ رەواندنەوەی ئەو نیگەرانییە. من نازانم لەوە زیاتر پێویستە کوردەکان چی بکەن، ئەوان ناتوانن پەکەکە لە ناوببەن ئەوە کارێکی کردەنی نییە، بەڵام دەبێت رێگە نەدەن کە پەکەکە خاکی هەرێمەکەیان بەکاربهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر سوپا و پۆلیسی تورکیا.

### قەیرانێکی سیاسی ناوخۆیی تورکیا کاریگەری لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی

## هەولێر و ئەنکەرا

*** بەم دواییە شاندێکی تورکیا سەردانی شاری دهۆکی کرد و لە گەڵ بەرپرسە کوردەکانی ئەو شارەدا کۆبونەوە، ئایا تا چەند گەشبینیت بەوەی پەیوەندییەکان بچنە ئاستێکی باڵا؟**

-من تا رادەیەك گەشبینم، بەڵام ئەوە پرۆسەیەکی لەرزۆکە و پێویستی بە کات و بە خستنە گەڕی هەوڵەکان هەیە بۆ دروستبوونی پەیوەندی راستەقینە. هەروەها پێویستە تورکیا چەند رێگا و شێوازێك بگریتەبەر بۆ باشترکردنی مافی کەمینەکان و بیرۆکەی ئەوەی تەنیا یەك نەتەوە هەیە لە تورکیادا. واتە دەبێت هەردوولا هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەدا بگرنەبەر و ئاسان نییە کە کوردەکانی باکووری عێراق ببینین کە کوردەکانی تورکیا رێگەیان پێنادرێت مافەکانی مومارەسە بکەن. ناردنی ئەو شاندانە و سەردانە دوولایەنەکان یەکێکن لە رێگەکانی ئەنجامدانی ئەو کارە و ئاماژەگەلێکی باشن. من پێموایە بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت ئەو پەیوەندییانە ببرێنە ئاستێکی باش، بەڵام دەبێت هەل و مەرجی گونجاو و راست و دروست بێتە پێشەوە. ئەوەی ئەو کارەی زەحمەت کردووە ئەوەیە کە قەیرانێکی سیاسی ناوخۆی لە تورکیا هەیە و ئێستا دەسەڵاتی دادوەری بە داوای قەدەغەکردنی پارتی داد و گەشەپێداندا دەچێتەوە، ئەگەر ئەم پارتە قەدەغە بکرێت ئەوا رەنگە پارتێکی دیکە جێی بگرێتەوە و ئەوەش رەنگە لە خزمەتی سەقامگیری تورکیا و لە خزمەتی پەیوندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا نەبێت. دووبارە ئەگەر پەکەکە سەرکەوتوو بێت لە ئەنجامدانی هێرشی زیاتر بۆ سەر تورکیا لە بەهار و هاویندا ئەوا ئەوەندەی دیکە ئەرکەکە ئاڵۆز دەکات بۆ بەرەوپێشبردن و برەوپێدانی ئەو پەیوەندییانە. بەڵام ئەگەر ئەردۆگان لە سەرۆکایەتیدا بمێنێتەوە و پەکەکە هێرشی زیاتر نەکات بۆ سەر تورکیا ئەوا من گەشبینیەکەم زیاتر دەبێت بۆ باشترکردنی ئەو پەیوەندییانە.

## ئەگەر بڕیاری دادگا دەربچێت بە داخستنی پارتی داد و گەشە پێدان ساتەوەختێکی مەترسیدار دەبێت بۆ تورکیا

***حاڵی حازر تورکیا رووبەڕووی قەیرانێکی یاسایی بۆتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی دادگا داوای قەدەغەکردنی پارتەکەی ئەردۆگانی کرد، ئایا ئەمە کودەتایەکی دادوەری نییە؟**

- وەڵامی من بەڵێیە بۆ پرسیارەکە، ئەگەر بڕیاری دادگا دەربچێت بە داخستنی پارتی داد و گەشەپێدان ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر داواکاری تورکیا بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی تەواو لە یەکێتی ئەوروپادا و بۆ سەر ژیانی سیاسی تورکیا بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەش ساتەوەختێکی مەترسیدار دەبێت بۆ تورکیا. بە داخەوە کاتێك دادگا دەستی کرد بە هەڵگرتنی رێوشوێنەکان بۆ داخستنی بارەگاکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەو کاتە پارتی داد و گەشەپێدان هیچ نارەزایەتییەکی بەرزنەکردەوە و هیچ بەرهەڵستیەکی نەکرد، بەڵام ئێستا کە خۆیان رووبەڕووی هەمان حاڵەت بوونەتەوە دەستیان کردووە بە بەرهەڵستیکردن و ئاماژەکردن بەوەی ئەمە دژ و پێچەوانەی پرۆسەی دیموکراسییە. دەبوایە سەرەتا بەرگریان لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراسی بکردایە، کە ئەگەر وایان بکردایە ئێستا لە هەڵوێست و پێگەیەکی باشتردا دەبوون بۆ بەرگری کردن لە خۆیان.

## ئەگەر پارتی داد و گەشە پێدان دابخرێت رێگە ئەردۆگان و گوییلیش نادرێت کار و چالاکی سیاسی بکەن،

***ئەگەر پارتەکەی ئەردۆگان دابخرێت ئایا ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕینی حکومەتەکەی ئەردۆگان و ئایا رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر میسداقیەتی ئەم پارتە و سەرۆکەکەی؟**

- بە دڵنیاییەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر پارتی داد و گەشەپێدان دابخرێت و رێگە بە حەڤدە ئەندامی ئەو پارتە بە رەجەب تەییب ئەردۆگان و بەڕێز عەبدوڵا گوییلیشەوە نەدرێت کە کار و چالاکی سیاسی بکەن، ئەوا ئەمە دەبێتە قەیرانیکی زۆر زۆر گەورە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دوردرێژە تورکیا حکومەتی زۆرینەی بە خۆوە نەبینیوە و ئێستاش لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە تورکیا حکومەتێکی زۆرینەی هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر دادگا ئەم پارتە قەدەغە بکات ئەوا زەمین لەرزەیەکی سیاسی لەو وڵاتەدا روودەدات.

***ئەگەر ئەم گۆڕانە رویبدات، ئەوا دەبێتە سەرکەوتنێك بۆ دامەزراوەی سەربازی لە تورکیا، ئەوەش روونە کە دامەزراوەی سەربازی تورکیا هەڵوێستێکی سەختتر دەگرێتەبەر لە ئاست هەرێمی کوردستانی عێراق و کێشەی کورد لە تورکیادا، چۆن ئەم بارودۆخەکە لێکدەدیتەوە؟**

- دامەزراوەی سەربازی لە تورکیا هەر لە ساڵی ١٩٢٣ەوە، واتە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە خۆی بە داکۆکیکار و پارێزگاری دەوڵەتی تورکیا دەزانێت. حاڵی حازر دامەزراوەی سەربازی تورکیا ئیسلامی سیاسی و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە دوو هەڕەشەی سەرەکی دادەنێت. لەبەر ئەوە کوردەکان مافی خۆیانە نیگەران بن ئەگەر دامەزراوەی سەربازی و دەزگای دادوەری سەرکەوتووبوون لە قەدەغەکردنی پارتی داد و گەشەپێداندا، لەبەر ئەوەی ئەو لایەنە ( سەربازی و دادوەری ) دروستکردنی پەیوەندی نزیك لە گەڵ ئەو پارت و لایەنانەدا بە زەحمەت دەزانن کە نزیکن لە ئیسلامی سیاسی و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردەوە. من هیوادارم ئەو گۆشەنیگا و تێڕوانینە بگۆڕێت و هەمیشە ئەو دوو گروپە بە هەڕەشە نەزانن بە چەشنێك کە دەبێت هەمیشە شەڕیان لە گەڵدا بکرێت.

**- وتەیەك هەیە کە دەڵێت دەتوانین هاوسەری خۆمان هەڵبژێرین بەڵام ناتوانین دراوسێی خۆمان هەڵبژێرین، تورکیاش دراوسێیەکی گرنگە بۆ ئێمە و ئێمەش دەمانەوێت ببینە دراوسێیەکی گرنگ بۆ تورکیا، چۆن بتوانین قەناعەت بە تورکیا بکەین کە ئێمە نیازی باشمان هەیە لە ئاست تورکیا و هەڵوێست و تێڕوانینی ئیجابیمان هەیە لە ئاست تورکیادا؟**

- گرنگترین و سەرەکیترین کارێك ئێوە بتوانن پێی هەڵبستن ئەوەیە کە ئارامی و ئاسایشی سنوورەکانتان لە گەڵ تورکیادا بپارێزن. هەروەها دەتوانن درێژە بە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان و دەرکردنی لێدوانی ئیجابی و ئەنجامدانی سەردان و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان بدەن لە گەڵ تورکیادا. بەڵام گرنگترین هەنگاو بریتییە لە پاراستنی ئارامی سنوورەکان. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو کارانە بکەن ئەوا هیچ کەسێك لە تورکیادا هۆکارێك یان پاساوێکی نابێت بۆ ئەوەی گیروگرفت دروست بکات لە پەیوەندییەکانی تورکیا لە گەڵ هەرێمی کوردستاندا.

## بەدڵنیاییەوە ئەمەریکا دەیەوێت تورکیا هێزێکی زیاتر بنێرێتە ئەفغانستان هەر لەبەر ئەم هۆکارەش رەخنەیەکی زۆر لە تورکیا ناگرێت

***وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا خوازیار نیە فشار بخاتە سەر جەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیا، هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەو سوپایە لە چوارچێوەی ناتۆدایە و رۆڵی هەیە لە ئەفغانستاندا، ئایا ئەمەریکا ئامەدیە دیموکراسییەتی تورکیا بکاتە قوربانی ئەفغانستان؟**

- وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا وەك هەر وڵاتێکی دیکە پێویستی بە دۆست و هاوپەیمان هەیە و زۆر جار چاو لە کێشە دیموکراتییە ناوخۆییەکانی وڵاتان دەپۆشێت نەك تەنیا لە تورکیادا، بەڵکو لە چین و سعودیە و میسر و ئەو وڵاتانەی کە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکان. بە دڵنیاییەوە ئەمەریکا دەیەوێت تورکیا هێزێکی زیاتر بنێرێتە ئەفغانستان و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش رەخنەیەکی زۆر لە تورکیا ناگرێت. بە دڵنیاییەوە تورکیا ناتوانێت هێزی زیاتر بۆ ئەفغانستان بنێرێت ئەگەر پەکەکە بەردەوام بێت لەسەر خولقاندنی گیروگرفت لە ناو خاکی تورکیادا.

بە داخەوە کاتێك دادگا دەستی کرد بە هەڵگرتنی رێوشوێنەکان بۆ داخستنی بارەگاکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەو کاتە پارتی داد و گەشەپێدان هیچ نارەزایەتییەکی بەرزنەکردەوە و هیچ بەرهەڵستیەکی نەکرد، بەڵام ئێستا کە خۆیان رووبەڕووی هەمان حاڵەت بوونەتەوە دەستیان کردووە بە بەرهەڵستیکردن و ئاماژەکردن بەوەی ئەمە دژ و پێچەوانەی پرۆسەی دیموکراسییە

ئەمەریکا دەیەوێت تورکیا هێزێکی زیاتر بنێرێتە ئەفغانستان و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش رەخنەیەکی زۆر لە تورکیا ناگرێت

ئارامی و ئاسایشی سنوورەکانتان لە گەڵ تورکیادا بپارێزن

# خەبات قوتابخانەیەكی بەهێزی پێگەیاندنی ڕاگەیاندكاری بەتوانا و ئەكتیڤ بووە

■ گەر بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئامادەكردنی ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانە كارێكی زۆر قورس و گران نەبێ بەڵام ٥٠ساڵێك بەر لە ئێستا دوور لەو وەزعە سیاسی و ئابووری و ڕاگەیاندنەی كە ئەمڕۆ كوردستان بەخۆیەوە دەبینێ، بۆ ئەم كات بە چاپگەیاندنی نەك تەنیا ڕۆژنامە بەڵكە هەفتەنامەیەكیش كارێكی مەزن و شۆڕشگێڕانە بووە، (٤٩) ساڵ پێش ئێستا ڕێك لە (٤)ی نیسانی ١٩٥٩ ڕۆژنامەی خەبات وەك ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان هاتە لەدایكبوونی، خەبات لە كاروانی دوورودرێژی خۆیدا، لە شاخ و لە شار هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە، بە ئیمكانیاتێكی ماددی و تەكنەلۆژی سادە بوێر و ڕاستگۆیانە كەوتە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و پەیامی كوردایەتی بە خوێنەرانی و هاوكات بووە بنەچەو قوتابخانەیەكیش بۆ پێگەیاندنی چەندین ڕاگەیاندكاری ئەكتیف و بە توانا، ئەمڕۆش هاوشێوەی دوێنێ جێ پەنجەی خەبات لە ژیانی ڕۆژنامەگەری كوردی و خەڵكدا دیار و بەرچاوە، هەردەم هەوڵی داوە ڕایەڵی نێوان خەڵك و دەسەڵات بێ، هەفتەنامەی گوڵان وێڕای پیرۆزبایكردن لە یەكە یەكەی كارمەندانی ئەو ڕۆژنامە ئازیزە بە پێویستی زانی بەم بۆنەیەوە چەند بەڕێزێك لە ڕۆژنامەی ناوبراو بێنێتە دوان.■

**- سەرەتا بەڕێز ( نەژاد عەزیز سورمێ ) سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات دوای پیرۆزبایكردن لە خێزانی ڕۆژنامەوانی خەبات و تەواوی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، ڕۆڵی ئەو ڕۆژنامەیەی گرنگ و كاریگەر نرخاند لە ژیانی سیاسی كوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازەكەی و گوتی:** پێویستە لەو یادەدا دەستخۆشی لە دامەزرایێنەرانی خەبات و هەموو ئەوانە بكەین كە لەسەرەتادا ڕۆڵیان هەبووە لە پێگەیاندن و گەورەكردنی، بە حەقیقەت ئەوان مامۆستا و ڕابەری ئێمەن هاوكات ناكرێ ڕۆڵی ستافی ئێستاشمان لەبیر بچێ كە ماندووبوون و شەونخوونی دەكێشن تا ڕۆژنامەكە بەو شێوازە مۆدێرن و قەشەنگە بگاتە دەستی خوێنەران و تاكە ڕۆژنامەی ڕۆژانە بێ كە بێ پشوو لە كوردستان هەفتانە هەفت دانەی لێدەردەچێ.

*** ئەمڕۆ لە نێو ئەو تەوژم و زۆری و بۆرییەی لە ڕۆژنامەگەریدا دەبیندرێ، لە نێو ئەوانەی خۆیان بە میدیای ڕادیكاڵ و سەربەخۆ و ئەهلی وەسف دەكەن، ڕۆژنامەی خەبات چۆن پێناسەی خۆی دەكات؟**

- بەڕای من لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تێكەڵ و پێكەڵییەك لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بە دیدەكرێت، بەبڕوای من كوردستان پێویستی بەو هەموو ڕۆژنامەیە نییە لە هەمان كاتیشدا پێم وانییە ئێمە بە مانای وشە ئەو هەموو ڕۆژنامەنووسەمان هەبێت، ئەمڕۆ یەك لە قەیرانەكانی ڕۆژنامەگەری كوردی كەمی كادیری پرۆفیشناڵە، ئەمەیەش وایكردووە ڕۆژنامەنووسەكان لە ٣-٤ دەزگا ئیش بكات، بۆیە بۆچوونم وایە ئەو بارودۆخە هەر



وانامێنـــێ و لێکدەهاوێلدرێ و بـــە مانایەکی تر ئەوەی توانای هەبێ بەردەوام دەبێ ئەویدیکەش دەوەســـێت و دەکەوێ، سەبارەت بە پێناســـەی خەبات دەکرێ بڵێم خەبات ڕۆژنامەیەکی ڕەسەنی خـــاوەن پەیامە دوورە لـــە زمانی زبر و توانـــج و ناوزڕاندن، تا ئـــەو پـــەڕی هەوڵدەدەین پیشـــەگەر و بێلایەنانە ڕاســـتییەکان بخەینەڕوو هەر ئەمەشە نهێنی سەرکەوتنی خەبات و پێگەی لە نێوخوێنەراندا، وابزانم ئەو ڕاپرسییە بێلایەنانەی کە ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەنجامدران ڕاستی ئەو قسانەم دەسەلمێنن.

*** کاك نەژاد وەك سەرنووســـەری خەبات تـــا چەند ڕازییە لەوەی کە خەبات پێشکەشـــی دەکات؟ ئایا ئەوە هەمووی توانا و ویستی ئێوەیە یان هێشتا ماوەیەتی و تموحتان زۆرە؟**

- بێگومـــان ئەوە هەمـــوو تەموحی ئێمە نییـــە لە خۆمان ڕازی نیـــن، دڵنیـــن دەبـــێ خەبات لە ئێســـتا باشـــتر بێ و بەهێزتر خۆی نیشـــان بـــدات، بۆیە دان بـــەوە دادەنێین کە بێ کەموکورتی نییە و بەردەوام بەدوای بیرۆکە و پێشـــنیاری ئەوتۆ دەگەڕێین کە بـــە هۆیەوە بتوانین پەرە بـــە ڕۆژنامەکە بدەین، بێگومانیشـــم لەوەی چۆن خەبات لە ڕابـــردوودا قوتابخانەیەك بوو بۆ پێگەیاندنـــی کادیری بەتوانای سیاســـی و ڕاگەیاندن لە داهاتووشـــدا هەر قوتابخانەیەکی بەهێزی ڕاگەیاندن دەبێ.

دواتر ڕووی پرســـیارمان ئاراســـتەی بەڕێز (دڵشـــاد مستەفا وەسانی) سکرتێری نووسین (ڕیپۆرتاژ و سیاسەت) لە ڕۆژنامەی ناوبراوکرد و لێمان پرسی:

*** پێتوایە لە کاتێکدا کە خەبات زمانحاڵی حزبێکی سیاسی دیاریکراوە، توانیویەتی سەردەمیانە و وەك پێویست موعالەجەی گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسی و ناخۆییەکان بکا و ڕۆڵی ڕایەڵ لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا بگێڕێ؟**

- ڕاســـتە ڕۆژنامەی خەبات زمانحاڵـــی پارتی دیموکراتی کوردســـتانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا زۆر جـــار بیروبۆچوون و دیدگای سیاسی ئەوتۆمان تێدا بڵاو کردۆتەوە کە هاوئاهەنگ نەبـــووە لەگەڵ بۆچوونەکانی حزب، ســـەبارەت بەوەش کە ئایا ڕۆژنامەکـــە توانیویەتی ببێتە پـــردی نێوان خەڵك و حکومەت بێگومان ئەوە لەو ڕێگەیـــەوە دەبێ کە هەمووکات لەگەڵ خەم و گرفـــت و ئازارەکانی خەڵکی، بێت پێـــم وایە تا ڕادەیەك ئەو ڕۆڵەمان بینیوە و خۆمان خزاندۆتە نێو ئەو جۆرە بابەتانە ئەگەر چـــی بەو شـــێوەیەش نییە کە تەواو لێی ڕازین.

*** هەندێك پێیان وایە خەبات بەتایبەتی دوای ساڵی ٢٠٠٣ نەیتوانییوە ڕکابەری ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئەهلی و ڕادیکاڵەکان بـــکات، بۆچوونـــی ئێـــوە بۆ ئەو جـــۆرە ڕۆژنامانە چۆنە؟ و چـــۆن ڕای ئـــەو خەڵکەش هەڵدەسەنگێنن؟**

- من لێرە قسەلەســـەر ئەوە ناکـــەم کـــە ئـــەو ڕۆژنامانە تاچەند ڕادیـــکاڵ و بێ لایەنن ئەوە باســـێکی ترە، بەڵام ئێمە لـــە ڕۆژنامەیەکی حزبیش کار دەکەین کەچی پێمان وایە بوونی ئەوان، بوونی ڕەنگ و دەنگ و ڕا و ڕوانگەی جیاواز شـــتێکی تەندروســـت و باشە، ســـەبارەت بە ئێمەش ئەوا شـــێوازمان لە موعالەجە و خســـتنەڕووی شـــتەکان لەگەڵ ئەوان جیاوازە، بۆ نموونـــە گەر ئێمە باس لە دیاردەیـــەك بکەین هەوڵدەدەین باس لـــە خودی دیاردەکە بکەین نەك کـــەس وکارەکتەرەکان، خۆمان لە تەشـــهیر و تۆمەتی بێ بەڵگە و بنەمـــا دەپارێزین، ئەرکی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە ڕووی ڕاســـتییەکان وەك خۆی بگوازێتەوە واتە چۆن پەنجە لەســـەر خراپییەکان دادەنێ ئاواش باشییەکان بخاتەڕوو دەنا پەیامەکە پەیامێکی ناتەواوە.

*** وەك دەزانی ڕۆژنامە و دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان شـــێوەی ئامێـــر و هەر کەلوپەلێکی دیکە پێویســـتیان بە گۆڕانکاری و نوێکردنەوە هەیە، گەر ئەوە لە خەبات بکرێ پێویستە لەچییەوە دەست پێبکرێ؟**

- لەوانەیـــە لاوازیمان لە خســـتنەڕوو و موعالەجەی پرســـە سیاســـییەکان هەبێ، بە بڕوای من دەبێ ئەو دۆسییە کراوانەتر مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و شرۆڤە و خوێندنەوەی قووڵترمان بۆ پرسە سیاسییەکان هەبێ.

*** خاڵە بەهێز و بێ هێزەکانـــی ڕۆژنامەی خەبات لە چیدا دەبینی؟**

- جگە لە خستنەڕووی پرسە سیاسییەکان وا بزانم بەشەکانی دیکە گرفت و کەموکوڕییەکی ئەوتۆیان نییە هەروەها خاڵێکی دیکە جگە دەکەم ئاماژەی پێبکەم هەبوونی هەڵەی زمانەوانییە بەڕاســـتی ئەمەش گرفتێك و پێویســـتی بە چارەسەرکردنی هەیە.

- دواجار بەڕێز ( شـــکار نەقشبەندی ) بەڕێوەبەری هونەری ڕۆژنامەی خەبات باســـی لەوە کرد کە ڕۆژنامەکەیان لە ڕووی دیزاینـــەوە خاوەن مـــۆرك و تایبەتمەنـــدی خۆیەتی و بەهۆی نەخشەســـازییەوە جیاوازییەك بە خەبات بەخشراوە و بە ئاسانی لـــە ڕۆژنامەکانی دیکـــە جیا دەکرێتەوە، هەروەها ئەو ســـتایلە هونەرییەی خەبات ماوەیەکی درێژە ســـەرەتا کە لیمان داڕشتووە بەردەوامیش لە گۆڕان و نوێکارین تیایدا.

*** هەست ناکەی لاپەڕەی یەکەم تا ڕادەیەك قەڵەباڵغ و جەنجاڵ بە هەواڵ، لە ڕووی هونەرییەوە بێت باشە چی بکرێت.**

- ســـەبارەت بـــە لاپەڕەی یەکـــەم لەوانەیە ئـــەوە یەك لە تایبەتمەندییەکانی خەبات بێ، لـــە ڕووی هونەرییەوش گەر هەر گۆڕانێـــك بکرێ- بەڕای من لـــە ڕۆژنامەدا پێویســـتە نوێکارییەکە لەلاپەڕەی یەکەم و دوا لاپـــەڕەدا بـــێ چونکە ئەو دوو لاپـــەڕە دەروازە و دوا وێستگەی ڕۆژنامەن.






**نەژاد عەزیز سورمێ: بێگومان ئەوەی ئێستا هەموو تموحی ئێمە نییە، پێموایە دەبێ خەبات باشتر و بەهێزتر بێ**



**دڵشاد وەسانی: ڕاستە خەبات زمانحاڵی پارتییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار بیروبۆچوون و دیدگای سیاسی ئەوتۆمان بڵاو کردۆتەوە هاوئاهەنگ نەبووە لەگەڵ بۆچوونەکانی حزب**

**داوای لێبوردن لە سەرنووسەی ڕۆژنامەی خەبات دەکەین کە بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە نەمانتوانی لە ژمارە (٦٧٨)دا ئەم ڕیپۆرتاژە بڵاوبکەینەوە.**

# چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی قوبرس.. بۆ کوردیش قازانجە



سامی شۆڕش

دوای نزیکەی دوو مانگ و نیوی دیکە، واتە لە نیوەی دووەمی مانگی حوزەیرانی ئیمساڵ، هەر دوو پێکهاتە تورکی و یۆنانیەکەی دوورگەی قوبرس دەست بە گفتوگۆ دەکەن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی سیاسی بۆ یەکخستنەوەی دوورگە دابەشکراوەکە. ئەم گۆڕانکاریە، کە دوای کۆبونەوەیەکی هاوبەشی سەرانی هەر دوو پێکهاتەکە دروست بوو، بە ناوبژیوانی کردنی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە ئاراوە. لای هەندێك ناوەندی کوردی، ڕەنگە ئەم گۆڕانکاریە بە ڕووداوێکی بچووك و بێ بایەخ لە قەڵەم بدرێت. بەڵام لە جەوهەردا گۆڕانکاریەکی گەورەو دڵخۆشکەرە. دووریش نیە، ڕەنگدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی گەورەیشی هەبێت بەسەر باری ناوەخۆی تورکیاو پەیوەندیە دوارۆژیەکانی کوردو ئەنقەرە.

بەر لە نزیکەی دوو هەفتە، هەر دوو سەرۆکی تورك و یۆنانیە قوبرسیەکان دانیشتنێکی هاوبەشیان ساز کرد. لە ئەنجامدا گەیشتنە ڕێککەوتنی ئەوەی کە دەبێت ئیتر ڕێگەی گفتوگۆ بگرنە بەر بۆ یەکخستنەوەی دوورگەکەیان. لە پێناو نیشان دانی جیددیەتیشیان لەم پێناوەدا، بڕیاریان دا دەرگای داخراوی شاڕێگەیەکی نێوان هەر دوو بەشە تورکی و یۆنانیەکە لە نیقۆسیای پایتەخت لەبەردەم هاتۆچۆی دوو لایەنەدا بکرێتەوە. شایەنی گوتنە ئەم شاڕێگەیە هەر لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە داخرا بوو.

لە بنەڕەتدا، هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەی دوورگەی قوبرس تازە نیە، بگرە ڕەگوڕیشەکانی ئەم هەوڵ و کۆششە دەگەڕێتەوە چەند سەردەمە سەرەتاییەکانی داگیرکردنی بەشی باکووری دوورگەکە لە لایەن سوپای تورکیەوە ساڵی ١٩٧٤. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم هەوڵ و تەقەللایانە هەمیشە تووشی نوشستی هاتوون. هۆی هەرە گەورەش لەم بوارەدا ئاڵۆزیەکانی ناو بازنەی پەیوەندیەکانی یۆنان و تورکیا بووە. ئەم دوو وڵاتە هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی تازەی تورکیاوە، ساڵی ١٩٢٣، نێوانیان گرژو ئاڵۆز بووە.

بەر لە ساڵی ١٩٢٣ ئەتاتورك شەڕێکی دوو ساڵەی خەست و خوێناوی لە دژی سوپای یۆنان بەرپا کرد. مەبەست لەم شەڕە ڕزگار کردنی ناوچە ڕۆژئاواییەکانی تورکیای ئەمڕۆ بوو کە ئەوسا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی یۆنان دا بوو. دوای تەواو بوونی شەڕەکە بە قازانجی ئەتاتۆرك، هەر دوو دەوڵەت بە درێژایی هەشتا ساڵی ڕابردوو گرفت و ناکۆکیەکی زۆریان لە نێوان دا بووە لە پای جیاوازیەکانیان سەبارەت بە سنووری لە دەریای ئیجە. ئەم کێشەیە زۆر خەستتر بووەوە کاتێك سوپای تورکیا لە ساڵی ١٩٧٤ دەستی بەسەر باکووری قوبرس داگرت و پاش ماوەیەکیش کۆمارێکی تورکی لەو بەشەدا ڕاگەیاند. کۆمارێك کە هیچ دەوڵەتێکی جیهان دانی پیا نەنا لە غەیری تورکیا بەولاتر.

ئەوی ڕاستی بێت، هەڵایسانی کێشەی قوبرس، دوو ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو: یەکەمیان، هەوڵەکانی تورکیای زۆر بە زەحمەت خست بۆ ئەوەی لە ریزەکانی یەکێتیی ئەورووپی بە ئەندامی تەواو وەربگیرێت. دووەم، مەسەلەی گەشەکردنی دیموکراسیشی لە ناو تورکیا زۆر سەخت و ئاڵۆزو پڕ گرێ کرد چونکە ئەم بارودۆخەی قوبرس و یۆنان هەمیشە وەك بەهانەیەك کەوتە دەست دەزگای سوپای تورکی بۆ ڕێگە گرتن لە ئازادیەکان و پێشێل کردنی مافەکانی کورد. ئەگەر زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکان مەسەلەی ئیسرائیل و ئەگەرەکانی شەڕو ناکۆکی لە بەرامبەر ئەو دەوڵەتەیان کردبێت بە بەهانەی درێژە پێدانی دیکتاتۆری و تاکڕەوێتی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکانیان، ئەوا سوپای تورکیا هەمیشە کێشەی قوبرس و ئەگەرەکانی شەڕو ناکۆکی لە بەرامبەر یۆنان کردوە بە بەهانە بۆ پێکانی هەمان مەبەست.

لەم دە ساڵەی ڕابردوو، هەموو ئەوانەی بە تەنگ دیموکراسی و پاراستنی هاوپەیمانێتی بوون لەگەڵ تورکیا، بە تایبەتی ئەمریکاو ئەوروپا، قەناعەتی ئەوەیان لا پەیدا بوو کە بە بێ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سوپا لە ناو ژیانی سیاسی تورکیادا زەحمەتە ئەم وڵاتە گرنگە بەرەو پێشەوە بچێت و بتوانێت لە ریزەکانی یەکێتیی ئەورووپی و جیهانی دیموکراسیدا وەربگیرێت. لەم بوارەدا، ترسی گەورە ئەوە بوو کە دەزگای سوپا وا بە ئاسانی دەستی خۆی لەسەر سیاسەتی تورکی هەڵنەگرێت. هەر لە سەردەمی ئەتاتۆرکەوە وا چەسپێنراوە، گوایە، سوپا پارێزەری عیلمانیی دەوڵەت و یەکێتیی خاکی تورکیایە. تەنانەت دەستووری تورکی هەندێك بابەت و بڕگەی وای تێدایە کە شەرعیەتی یاسایی دەدا بە شکانی دەسەڵاتی سوپا بەسەر سیاسەتەوە. لەوەش بەولاتر، هەر کاتێك سوپا هەستی کردبێت لەنگەری ئەو وڵاتە بە قازانجی ئەو ناڕوات، هەر زوو ڕووی لە کودەتای سەربازی کردوە. بگرە نەسڵەماوەتەوە لەوەی سەرۆك وەزیرانێکی وەکو عەدنان مەندەریس لە قەنارە بدات.

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لێرەوە، تاکە ڕێگە مابێتەوە بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سوپا ئەوەیە کە بنەماو بەهانەکانی مانەوەی دەسەڵات بە دەست سوپاوە نەهێڵرێن. واتە، لە ڕێگەی چاکسازیی سیاسی و یاسایی و ئابووری دەسەڵات و نفووزی ئەم دەزگا گرنگ و چەکدارە کەم بکرێتەوە. جاران، لە سەردەمی شەڕی سارددا ئەوەش نەدەکرا. بەڵام لەم سەردەمە تازەیەی جیهان جێ بە جێ کردنی ئامانجێکی لەم بابەتە لە گوینە ئەگەر بە شێوەیەکی زیرەکانەو نەفەس درێژانە بکرێت. هەر کاتێك، زوو یان درەنگ، سەرچاوەی کێشەکان چارەسەر کران و بەهانەکانی مانەوەی دەسەڵاتی سوپا بن بڕ کران، ئەوا هیچ ڕێگەیەك لەبەردەم ئەفسەرە گەورەکان نامێنێتەوە لە غەیری ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ناو ئۆردووگاکانی خۆیان و ڕێگە کردنەوە لەبەردەم گەشە کردنی دیموکراسی و فرەخوازی و عیلمانی لە ناو وڵاتەکەدا.

ئەوی ڕاستی بێت، هەر ئەم لێکدانەوەیە بوو وای کرد ئەوروپییەکان هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ ئەوەی ئەنقەرە ڕوو لە چاکسازی یاسایی و سیاسی و ئابووری بکات. ساڵی ١٩٨٧ لیستێکیان دا بە ئەنقەرە بۆ چاکسازی. لەولاوە، ئەمریکا و ئەوروپا لە ڕێگەی ڕاستەوخۆو لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانێتی ناتۆوە کەوتنە هەوڵێکی زۆر بۆ خاو کردنەوەی گرژیەکانی نێوان تورکیاو یۆنان. ڕاستە، زۆر جار مەسەلەی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا دەکرایە بەهانە بۆ ئەو چاکسازی و خاوکردنەوانە، بەڵام هەمیشە مەبەستی سەرەکی ئەوە بووە دەوڵەتی تورکیا بە ڕاستی بکرێتە دەوڵەتێکی مەدەنیی دوور لە دەسەڵاتی سوپا.

لەم پێناوەدا، یەکێتیی ئەوروپی مەسەلەی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانی تورکیاو یۆنان و یەکخستنەوەی دوورگەی قوبرس و ئاسایی کردنەوەی بازرگانی لە نێوان قوبرس و تورکیای کرد بوو بە مەرجێکی سەرەکی بۆ وەرگیرانی ئەنقەرە لە ڕیزەکانی دا. بەڵام ئەنقەرە، لە ژێر فشاری سوپا، هەمیشە ڕەتی ئەوەی دەکردەوە مەسەلەی قوبرس و ئەندامێتی ئەو پێکەوە ئاوێتە بکرێن. بۆ خۆشکردنی زەمینە لە بەردەم چارەسەر بوونی ئەو کێشەیە، حکومەتی یۆنان لە ساڵی ١٩٩٩ بوومەلەرزەکەی ڕۆژئاوای تورکیای کرد بە بەهانە بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەنقەرە. دواتر زۆر هەوڵیشی دا ڕۆڵێکی کاریگەر لە چارەسەر کردنی کێشەی دوورگەکەشدا بگێڕێت. بەڵام سوپای تورکیا هەر ڕێگر بوو چونکە لەوە دەترسا چارەسەر بوونی ئاشتیانەی کێشە دەرەکیەکانی ئەنقەرە، زەمینە خۆش بکات بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشە ناوخۆییەکانیشی بە تایبەتی کێشەی سیاسی کورد.

کوفی ئەنان — ی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠٤ زۆر بە جیددی کەوتە ناوبژیوانی کردن. پێشنیارێکی ئامادە کرد. بەڵام دوای سەرنەگرتنی ئەم هەوڵە، یەکێتیی ئەوروپی بڕیاری دا بەشە یۆنانیەکەی قوبرس بە ئەندامی تەواو وەربگیرێت. دیار بوو، تورکە قوبرسیەکان چەندین خۆپیشاندانیان کرد بۆ ئەوەی کۆمارە کارتۆنیەکەیان بچێتەوە سەر بەشەکەی دیکەی حکومەتی قوبرس. زۆریان مەبەست بوو ئەوانیش بخرێنە سەر ئەوروپا. بەڵام، نە ڕەئوف دەنگتاش — ی سەرکۆماری ئەوسای تورکەکانی قوبرس و نە ئەنقەرە ڕازی بوون بە قبول کردنی خواستی تورکەکانی قوبرس.

دوای هاتنەوە سەر حوکمی حزبی دادپەروەری و بوژانەوە لە ئەنقەرە، ڕەجەب تەییب ئۆردوگان — سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕازی بوو بەوەی کە هەوڵێکی تازە بدرێتەوە بۆ یەکخستنەوەی دوورگەکە. دواتر ڕازی بوو ئاسمانی وڵاتەکەی لەبەردەم بازرگانیەکانی قوبرس بکاتەوە. بەڵام دیار بوو سوپا لە کەللەرەقی و عینادیی خۆی دانەبەزی بوو. بۆیە زۆری نەبرد ئۆردوگان ناچار کرا لەم ڕازی بوونانەی خۆی پەشیمان بێتەوە. لەو بەرامبەرەش، یەکێتیی ئەوروپی گفتوگۆکانی خۆی بۆ وەرگیرانی تورکیا ڕابگرێت. لێرەوە، ئەمریکاو ئەوروپییەکان، گەیشتنە قەناعەتی ئەوەی کە کێشەی قوبرس لە ڕێگەی تورکیاو یۆنانەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت خودی خەڵکانی هەر دوو بەشەکە بکەونە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی دوورگەکەیان.

ئەوە بوو، دەنگتاش لاچوو. لە تورکیا دەزگای سیاسی دەسەڵاتێکی تازەی پەیدا کرد. سوپای تورکی بە هۆی شکست هێنانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەی لە سەر سنوورەکانی کوردستانی عیراق کەمێك لاوازتر بوو. نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتەوە جموجوڵ لە دوورگەکەدا. فشاری خەڵکانی تورك لە قوبرس دەستی بە زیاد کردن کرد. بۆیە، ئەوەندەی نەبرد، ئاسۆیەکی تازە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە هاتە پێشەوە بەوەی کە ڕاستەوخۆ هەر دوو بەشی قوبرس کەوتنە گفتوگۆ. بێگومان، سەرگرتنی ئەم هەوڵە تازەیە تا ڕادەیەکی زۆر فراوان، کار لە پێگەی دەزگای سوپا دەکات لە تورکیا. ئەوەندەی دیکە بەرەو لاوازی دەبات بە تایبەتی ئەگەر تورکیا زۆرتر کەوتە ناو بازنەی یەکێتیی ئەوروپییەوە لە دوای چارەسەر بوونی مەسەلەی یەکخستنەوەی دوورگەی قوبرس.

مەعلوومە، ئەگەر دەزگای سوپا بە هۆی چارەسەر بوونی ئەو کێشەیەو بە هۆی چاکسازیە یاسایی و دەستووری و سیاسیەکانی ناو تورکیا بەرەو ئۆردووەکانی خۆی کشایەوە، ئەوا نەك ئەمریکاو ئەوروپا قازانجێکی زۆر دەکەن، بەڵکو میللەتانی ناو تورکیاو بزووتنەوە دیموکراسیەکانیش قازانجی گەورە دەکەن بە تایبەتی کورد. ئینجا حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراقیش لە پێشەوەی ئەو لایەنانە دەبێت کە قازانجێکی زۆری بەردەکەوێت. هۆی گەورەی قازانجەکەش ئەوەیە کە ڕێگری گەورە لەبەردەم ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانی کورد و تورکیا کە دەزگای سوپایە ئیتر وردە وردە دەچێتەوە ناو قاوغەکەی خۆی.

●●●

**ئەمریکاو ئەوروپییەکان، گەیشتنە قەناعەتی ئەوەی کە کێشەی قوبرس لە ڕێگەی تورکیاو یۆنانەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت خودی خەڵکانی هەر دوو بەشەکە بکەونە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی دوورگەکەیان**

●●●

●●●

**هەر کاتێك سوپا هەستی کردبێت لەنگەری ئەو وڵاتە بە قازانجی ئەو ناڕوات، هەر زوو ڕووی لە کودەتای سەربازی کردوە. بگرە نەسڵەماوەتەوە لەوەی سەرۆك وەزیرانێکی وەکو عەدنان مەندەریس لە قەنارە بدات**

●●●

# سەردەمی کەمینەکان



فەرید ئەسەسەرد

لەبیرکردنەوەی زاڵا بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وشەی ((کەمینە)) ناوەڕۆکێکی وای لەخۆ گرتوە کەماناى پیلانگێڕانء دژایەتی کردنی دەوڵەتء تێکدانی یەکپارچەیی نیشتمان دەدا. بەڵام گومان لەوەدا نیە کەئەم مانایە پاساوی مێژوویی خۆی هەیە چونکە لەسەدەی نۆزدەهەم دا دەوڵەتە ئەوروپییەکانء روسیا بەبیانوی نەهێشتنی هەرەشەی تورکء کورد لەئەرمەنە مەسیحییەکان، هەرەشەی کورد لەئاشوورییەکان، هەرەشەی عەرەبە موسڵمانەکان لەعەرەبە مەسیحییەکان کەوتنە دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی. تینء تاوی ئەو دەستێوەردانە ساغی کردەوە کەبابەتی کەمینەکان بابەتێکە لێی رادەبینرێ بتوانێ سەروەریء سەردارییی دەوڵەت لاواز بکاو ببێتە مایەی هێنانە کایەی چەندەها بروبیانوی ماددی بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتێکی دیاریکراو لەژێر گوشاردا.

بەڵام هەموو ئەمە پەیوەندیی بەهەلومەرجی سەردەمی خۆیەوە هەیەو ئەمڕۆ بۆتە بەشێك لەڕابردو. لەگەڵ ئەوەشدا، نەبونی کەرەستەی پێویست لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ بەرهەم هێنانی دیموکراسیء ئازادیی بیرورا وای کرد بیرکردنەوەی گشتی جێی ئەوەی تێدا ببێتەوە کەواتا خراپەکان بەوشەی کەمینەوە بنوسێنء هەمیشە بەگومانەوە سەیری وشەکە بکرێ.

ئیدی لەسۆنگەی تێڕوانینی ئەم بیرکردنەوە گشتییەوە کەپێی وابو هەر داواکردنێکی ماف لەلایەن کەمینەوە پیلانێکی لەدەرەوە چنراوە کە کەمینەکان تێیدا ئامرازی جێبەجێ کردنء بۆ پاکانە هێنانەوە بۆ سەرکوت کردنی ئەو کەمینانەی داوای یەکسانی دەکەن، پشت بەو بەهانەیە بەسترا کەرەوایی بەهەر تەگبیرێکی زۆرینە لەدژی کەمینە دەبەخشێ، واتە بەهانەی پاراستنی نیشتمانء رژێمی سیاسیء یەکپارچەیی وڵاتء بەرپەرچدانەوەی پیلانەکان. لەناوەڕاستی چلەکانەوە، حیزبی بەعس خۆی وا دادەنا کەپەیامێکی مێژوویی پێیە نوێنەرایەتیی زۆرینە دەکا، لەکاتێکدا هیچ راسپاردەیەکی فەرمیی لەلایەن زۆرینەوە پی نەبو. حیزبی بەعس وای دادەنا کەتێکۆشانی لەپێناوی رزگاریء یەکپارچەییدا بەسە بۆ ئەوەی ببێ بەنوێنەری زۆرینە لەسەرکوت کردنی کەمینەکاندا. بەمجۆرە، داشکانی رونی بەعس بەلای وێناکردنی قەوارەی نەتەوەیی وەك یەك بارستەی سەرتاپا یەکگرتوی بێ درز، هانی دا لەدەستورەکەیدا بەوپەڕی بێباکییەوە رایبگەیەنێ کەئەگەر کەمینەکان ملیان بۆ تایبەتمەندییە گشتییەکان کەچ نەکرد، دەرکردنیان لەنیشتمان کارێکی رەوا ئاسایی دەبێ.

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا عیراق تاکە وڵاتە کە لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا دووجار بەشێك لەهاووڵاتییەکانی خۆی دەرکردوە: جارێك جولەکە لەکۆتاییی چلەکاندا گوایە ئەمانە ئیسرائیلینء جارێکیتر فەیلییەکان لەکۆتاییی شەستەکان بەدواوە گوایە ئێرانین.

سەرەڕای هەڵوێستی نادۆستانەی حزبی بەعس بەرامبەر بەکەمینەکان، حیزبی بەعس یەکەم حیزبە وشەی کەمینەی بردێتە ناو فەرهەنگی سیاسیی عیراق پاش ئاشکراکردنی ئاکامی وتووێژی نێوان شۆڕشی کوردو بەغدا لەساڵی ١٩٧٠دا، حیزبی بەعس بەڵێنیدا کەئۆتۆنۆمی بدا بەکورد. لەراگەیاندنەکەی مارتی ١٩٧٠دا حیزبی بەعس رەزامەندیی لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردو کەمینەکان نیشان داو رازی بوو خاڵێك بخاتە دەستورەوە کەباس لەمافی کوردو کەمینەکان دەکا. بەمجۆرە، دەستورە کاتییەکەی ١٩٧٠ کە بەدرێژاییی حوکمرانیی حیزبی بەعس نەبو بەدەستورێکی هەمیشەیی، وشەی کەمینەی کرد بەوشەیەکی فەرمی. بەڵام بەفەرمی کردنی چەمکی کەمینە هیچ چارەسەرێکی گیروگرفتی کەمینەکانی نەکرد چونکە کرۆکی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە لەنەهێشتنی نایەکسانیدایە نەك تەنها بەرۆکەش بەفەرمی کردنی چەمکی کەمینە.

لەو سۆنگەیەشەوە کەباسکردنی گیروگرفت گوزارشت لەوە دەکا کەگیروگرفتەکە پێویستی بەچارەسەرێکی گونجاوە، چەندەها لایەنی بەرچاوڕونی عەرەب پەیان بەوە برد کەمەسەلەی کەمینەکان لەسەر ئاستی جیهان قورساییی پەیدا کردووە لەم سۆنگەیەوە کەوتنە تاوتوێ کردنی مەسەلەکە لەگۆشە نیگای کاریگەریی کەمینەکان لەسەر جیهانی عەرەب. لەساڵانی نەوەددا- سەعدەددین ئیبراهیم یەکەم هەنگاوی لەم بوارەدا ناو سەرنجی بۆ پێویستیی تاوتوێ کردنی کێشەی کەمینەکانی جیهانی عەرەب راکێشاو نەخشەی بۆ سازکردنی یەکەم کۆنفرنس سەبارەت بەکەمینەکان دانا. توندڕەوە ناسیۆنالیستەکان بەگژ هەوڵەکەدا چونەوەو وایان دانا کەئەمە هەوڵدانێکە بۆ وروژاندنی ناتەباییء لێك ترازاندنی ریزی نیشتمانیء لەئاکامدا هەوڵەکەیان سەری گرتء کۆنفرنسەکە لەقاهیرە نەبەسترا. بەڵام هەر چۆنێك بێ، دواتر کۆنفرنسەکە هەر بەسترا بەڵام نەك لەمیسر، بەڵکو لەقوبرس.

رەنگە بتوانرێ وا دابندرێ کەئەم کۆنفرنسە یەکەم ئاماژەیە بۆ کاریگەریی کێشەی کەمینەکان لەسەر هۆشء ویژدانی عەرەب. لەراستیشدا سەیرکردنی مەسەلەکە لەو دیدەوە کەهەر باسکردنێکی کەمینەکان گێجەڵ دەنێتەوەو گرفتی لێ دەکەوێتەوە، شتێکە لەگەڵ لۆجیکدا رێکناکەوێ. کەمینە لەهەموو شوێنێکدا هەیە، ئەویش بەهۆی هەلومەرجی مێژوویء دابەشبونی نەتەوەییء ئایینیء مەزهەبیء جەنگء شەڕوشۆڕەوە. بونی کەمینە خۆی لەخۆیدا گرفت نیە، بەڵکو گرفتەکە لەوە دایە کەزۆرینە لەخۆی رانەبینێ بتوانێ کەشء هەوایەکی وا پێك بێنێ کەتێیدا کەمینەکان خۆیان بەبێگانە نەزاننء بەدەم بێدادیء نایەکسانییەوە نەناڵێنن. ماوەی نێوان کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمء سەرەتای سەدەی بیستەم یەکەم سەردەمی کەمینەکانە لەمێژووی سیاسیی جیهاندا. پاش نەمانی کۆمەڵەی گەلان ئەو سەردەمە نەما بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکاندا، هاوکات لەگەڵ دارمانی بلۆکی کۆمۆنیست، سەری هەڵدایەوە.

ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمی دووەمی کەمینەکاندا دەژینء چیتر پەسند نیە کەمینەکان بەبێ ماف بمێننەوەو کەس ئاوڕ لەداخوازییەکانیان نەداتەوە. لێرەدا چەمکی ئاکار پێش چەمکی سیاسەت دەکەوێ چونکە بۆ هیچ زۆرینەیەك مایەی شانازی نیە کەیەکێ لەکەمینەکانی سەرکوت بکات. وەك چۆن هەر سەردەمێك ئاکارو سیستەمء رەفتاری خۆی هەیە، یەکێ لەئاکارو سیستەمء رەفتارەکانی ئەم سەردەمە، رێزگرتنە لەکەمینەکانء نەك سەرکوت کردنیان.

# جارێکی دی پەکەکە، قاعیدە نییە!



ئاسۆ کەریم

بەهەق بێ یان نا، لە پاش ١١ی سپتامبەری ٢٠٠١، ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپی لە ئایاری ٢٠٠٢دا، پەکەکەی خستە ناو لیستی تیرۆرو لەوساکەوە، کەمو زۆر لەم وڵات و ئەو وڵاتی ئەورووپیدا، چالاکی و هەڵسوڕانی ئەندامان و دۆستانی پەکەکە تەنگەبەر کراوە و سەرچاوەی دارایی ئەو حزبە سڕ و بلۆککراوە. دیارە بێ لە تورکیا خۆی، ئەمریکاش پەکەکە بە تیرۆریست دەزانێ و تەنانەت لە تشرینی دووەمی ساڵی رابردووەوە تا ئێستا، چەندین جار لەسەر زاری بۆش، پەکەکە بە "دژمنی هاوبەشی ئەمریکا، تورکیا و عێراق" دانراوە.

دادگەی دادی ئەورووپی CFI کە بنکەکەی لە لۆکزمبۆرگە و بەحیساب دووەمین دادگەی هەرە باڵای یەکێتیی ئەورووپییە، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو، ئەو بڕیارەی حکوومەتەکانی یەکێتیی ئەورووپای بە ناقانوونی دانا کە لە ساڵی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٤دا، پەکەکەیان خستبووە ناو لیستی تیرۆریستان و ئیدی لە سەرینی ئەم بڕیارەشەوە سەرچاوە و توانای دارایی پەکەکە لە ئەورووپا خرابووە بەر چاودێریو بلۆککردنەوە.

هەرچەندە کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپی بۆ دڵدانەوەی تورکیا، بەپەلە جەختی کردەوە کە پەکەکە وەکو رێکخراوێکی تیرۆریستی لە لیستی تیرۆریستاندا دەمێنێتەوە و ئەو بڕیارەی دادگەش زێتر شتێکی تەکنیکییە (٢٠٠٨/٤/٣). لێ لەناو تورکیا هەر زوو، هەم حکوومەت و هەم حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دەتەپەی لێ دەرچێ، بەو بڕیارە حەجمانیان لێ بڕاو تەنگاو بوون و تەنانەت جێگری سەرۆکی گرووپی پەرلەمانیی پارتی گەلی کۆماریی تورکیا، ئەو بڕیارەی بە "گەمەو پلانێکی تازەی ئیمپریالیزم" وەسفکرد، لێ کاردانەوەی وەزیری دادی تورکی، محەمەد عەلی شاهین، نەرمترو جۆری لە سەرزەنشتکردنی پێوە دیاربوو کە گوتویەتی "دەبوایە دادوەران بەتەواوی بیریان بکردبایەوە، پێش ئەوەی ئەو بڕیارە بدەن". هەرچی جەمیل چیچەك-ی جێگری سەرۆکوەزیران و وتەبێژی حکوومەتی تورکیایە، ئەو لەوە زێتر رۆیشت و پێیوایە ئەو بڕیارەی دادگا، نیشانەی جیددی نەبوونی ئەورووپایە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا.

لەڕاستیدا، حکوومەتی تورکیا و ئۆپۆزیسیۆنیش، پێشتریش ناوبەناو نیگەرانی خۆیان لە یەکێتیی ئەورووپی (کە لە ٢٧ وڵاتی ئەورووپی پێکهاتووە) بەگشتی، یان لەم وڵات و ئەو وڵات دەربڕیوە کە لە سنووردانان بۆ هەڵسوڕان و چالاکی پەکەکە لە وڵاتەکانیان جیددی نین و رۆژ تی ڤی-یشیان پێ نموونەیە، ئەمە لەکاتێکدا لەناو تورکیا خۆی، جۆرە دڕدۆنگییەك لە بەرانبەر یەکێتیی ئەورووپی و تەنانەت دەکرێ بڵێین بەرەیەکی ئەنتی- یەکێتیی ئەورووپی لە تورکیادا هەیەو لە سۆنگەی ئەمەشەوە، ئەوانەی کە لایەنگری بوونە ئەندامێتی تورکیا دەکەن لە یەکێتیی ئەورووپیدا، پێیانوایە ئەو بڕیارەی دادگەی ناوبراو کاتەکەی گونجاو و هەو نییە.

هەرچی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە)شە، لەبەرانبەر ئەو بڕیارەدا پێویستیی چارەکردنی ئاشتییانەو خۆیەخۆی کێشەی کوردی لە تورکیا دوپات کردەوەو بەمەش جێ پێی ئەم حزبە لە رووی سیاسییەوە قایمتر دەبێت.

بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە دادگەی ناوبراو، پێشتریش بەرانبەر هەندێ کەس و رێکخراوی دی کە خرابوونە ناو لیستی تیرۆریستانەوە، بڕیاری لەمجۆرەی هەبووە، لەوانە دەرهەق بە رێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێرانی کە لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ دا ئەو حزبەی لە لیستی تیرۆر هێنایە دەرێ، لێ هێشتا کێشەی موجاهدین بەتەواوەتی بەلایەکدا نەکەوتووەو ساغ نەبۆتەوە.

بۆیە ئەو بڕیارەی دادگای ناوبراو دەرهەق بە پەکەکە، هەروا زوو جێگە ناگرێ و حکوومەتەکانی ئەورووپا سوك و سانا لەگەڵ پەکەکە خۆش ناکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ پەکەکە و کۆنگرا گەل سوود لەم بڕیارە ببینن و بەبارێکی پۆزەتیڤدا بە قازانجی خۆیان و کورد وەریسوڕێنن و جارێکی دی چاو بە هەڵسوڕان و چالاکییەکانی خۆیان، بەتایبەتی لە ئەورووپادا بخشێننەوە، چونکە وەکو دەزاندرێ ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپی، هەر شەش مانگ جارێك، چاو بە لیستی تیرۆردا دەخشێنێتەوە.

بەهەرحاڵ، ئەم بڕیارەی دادگای دادی ئەورووپی، لەپاڵ زۆر کەناڵی تردا، وا دەکا حکوومەتی تورکیا، بیر لە رێوشوێنی نا سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکاتەوەو لە ئاستی داواکارییەکانی کورد جیددیتر بێتەپێشەوە!

Aso2karim@yahoo.com
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ